پەیامەکانی
گەنجان
٣٨

زنجیرەی
بابەتە
فیکرییەکان
١٠



چەمکی خودا و وڵامی پرسیارەکان لەسەر ئیسلام

نوسینی : د.زاکیر نایك

وەرگێڕانی: محمد شێخانی

٣٨ پەیامەکانی ڕێنوێن بۆ گەنجان

چەمکی خوداو

وەڵامی پرسیارەکان لەسەر

ئیسلام

نووسینی: دکتۆر ذاکیر نایک

وەرگێڕانی: محمد شێخانی

ناسنامەی کتێب

📖 ناوی کتێب:(چەمکی خودا و وەڵامی پرسیارەکان لەسەر ئیسلام)

✍ نوسینی : دکتۆر زاکیر نایک

✏ وەرگێڕانی : محمد شێخانی

* ناوی زنجیرە: زنجیرەی بابەتە فیکرییەکان (ژمارە: ١٠)

* تیراژ : ١٠٠٠دانە

* نۆبەی چاپ: یەکەم

* ساڵی چاپ: ٢٠١٥

* ژمارەی لاپەڕە : ١٦٥ لاپەڕە

* دیزاین : گۆڤاری ڕێنوێن

* نرخ تەنها : (٣٥٠٠) دینار

* سەرپەرشتیکار : سەرکۆ کریم أحمد

* ئیمەیڵ: renwen2009@yahoo.com

* ماڵپەڕ: www.aubyc.com

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٧٤٥)ی ساڵی ٢٠١٥ ی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەكی

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان (بە ناوی ئەو خوایەی كانگای ڕەحمەت و سۆزو بەزەییە).

درودوصەلات وڕەحمەت بڕژێت بەسەرپێغەمبەری پێشەوامان وەڕەزا و ڕەحمەت لەیاروشوێن كەوتوانی بێت تا ڕۆژی دوایی .

لەژێرسێبەری ئەم ئایەتەی خودای پەروەردگار كە لەسورەتی النحل دەفەرمووێت: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦۖ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ﴿١٢٥﴾ ﴾،(النحل)

واتا(خەڵكی بانگ بكە بۆ ڕێگەی پەروەردگارت بە لێزانی و دانایی و ئامۆژگاری چاك و شیرین وە لە گەڵیان بدویٚ (موجادەلە بكە) بدویٚ بەچاكترین شێوە بێگومان پەروەردگارت خۆی چاك دەزانیٚ بەوانەی گومڕابوون و لایاندا وە لە ڕێگاكەی وە هەر خۆشی زانایە بەوانەی لەسەر ڕێگای ڕاستن.)

بەڕاستی كتێب و فیدۆكانی {شێخ أحمد دیداد و د.زاكیرنایك و یوسف استێس و پیرفۆجل وشیخ خالدیاسین وابوهمزەو

ابوعمرالباحث ود.هیثم طلحت و...........}لەم سەردەمە زۆر پێویستە تا هەموو گومانەكانی ئەم سەردەمە یەك بەیەك هەڵوەشێنەوە، وەئەم گومانە بەقازانجی ئێمەی موسوڵمان تەوابێت چونكە دەبێتە هۆی ئەوەی كە شارەزایمان زیاتربێت لەدینەكەی خوداوە باوەڕبونمان بەخوداپتەوتربێت وەجێگیربین لەسەردینەكەی خودا .

ئێمەش لەگەڵ تەواوی خۆشەویستمان بۆ هاوڵاتی كوردو وەبەتایبەتی لاوانی كورد بەپێویستمان زانی كەهەروەك هۆشیاركردنەوە، تاكەتاكەی هاوڵاتی خۆشەویست لەبەلارێدانی هاوڵاتی كورد لەسەرئیسلامی مەزن بۆ ئیلحادو مەسیحیەت و.....هتر.بۆیە لەم سەردەمە كەسەردەمێكی پێشكەوتوە وەگەنجی موسوڵمان هۆشیاربووە بۆیە دەیانەوێ ئەم گەنجانە لەڕێلابدەن وبیكەن بەمەسیحی بەڵام گەنجی كورد زۆرلەوە هۆشیارترن كەمسیحیەت قبوڵناكات و وەهەرگوێشی پێنادات بەڵام ئێستا كڵێسا زانیویەتی كەگەنجی كورد مەسیحیەت قبوڵناكات بۆیە بەناوی بێدینەوە دێن بۆگەنجان وەگومانەكانیان لەسەر ئیسلام بەناوی بێدینی بڵاو دەكەنەوە بۆیە ئێمە كەوەڵامی گومانەكان دەدەینەوە وەقسەی زۆر لەگەڵ ئەم كەسانە دەكەین

کەگومان بلاو دەکەنەوە جارێکیان لەگەڵ یەکێك بەناوی بێدینی گومانی بلاو دەکەردەوە قسەم کرد

_ وتی: دەمەوێت گفتوگۆت لەگەڵ بکەم.

_ وتم: چ بیرو باوەڕێکت هەیە؟

_ وتی: بێ دین !

_ وتم: چۆن بێ دینێك؟

_ وتی: لە فەیسبووك پەیجێکم کردەوە و خەڵکم بێ دین دەکرد!

_ وتم: چۆن چۆنی؟

_ وتی: لەو پەیجەدا گومانێکی زۆرم لەسەر ئیسلام و موسوڵمانان بڵاودەکردەوە!

_ وتم: ئەی باشە ئەوان باوەڕیان پێت دەکرد؟

_ وتی: ئەی چۆن باوەڕناکەن! وێنەی پەیجەکەم هی ئەنیشتاین بوو بە ڕەش و سپی کە ئاستی زانستی من دەردەخات، ئینجا بە کەمێك گاڵتە و هەندێ دەستکاری زانست و جار جاریش بە عەقڵ دەچومە دڵی باوەڕدار و گومانم تیایدا دەچاند.

_ وتم: ئەو کارەت بۆ ئەوە بوو تا لە حەقیقەت ڕابکەی یان لەبەر ڕق و کینەت بوو لە ئیسلام؟

_ وتی: نا، لە ڕق و کینەم بەرامبەر ئیسلام!

_ وتم: بۆچی؟

_ وتی: چونکە من "مەسیحی" م بەڵام لە فۆڕمێکی بێ دینیدا!

_ وتم: ئەی بۆ هەر لەسەرەتاوە نەت وت کە مەسیحیت، ئا ئەم دوو ڕووییەت لە چیە؟

_ وتی: ئاخر ناتوانم، چونکە موسوڵمانان ئەوە قەبوڵ ناکەن کە "سێ خوا" (الثالوث المقدس، Trinity) وجودی هەبێ، وە بەوەش ڕازی نابن کە بە کەسێکی لە دایك بوو –عیسی ی مەسیح "علیه السلام"– بوترێت خوا !

_ وتم: جا کە دینەکەت ئاوایە ئەی بۆچی وازی لێناهێنی؟

_ وتی: لەعنەتی خوات لێبێ، دوورکەوە لێم، وات لێکردم ڕووی خۆم بۆ تۆ ئاشکرا بکەم.

بۆیە ئێمەش بەپێویسمان زانی وەك خزمەتێك بەگەنج ولاوانی ولاتەکەمان ئەم کتێبەیان پێشکەش کەین وەك چەند گەنجێکی لاو خەمخۆری ئەم ئیسلامە هەرئەوەندەمان لەدەسهات وەچاوەڕوانی کتێبە بەسودەکانی د.زاکیربن کەماوەماوە کتێبێکی ئەوتان پێشکەش دەکەین

بمان بوورن لەهەرهەڵەیەك وکەمتەرخەمیەك ...

بەهیوای سودوەرگرتن

بەشی یەکەم

"چەمکی خوا لە ئاینە سەرەکیەکان"

١. چەمکی خوا لە ئاینی زۆرۆئەستریانیزم (زەردەشتی):

ئـاینی زۆرۆئەسـتریانیزم یەکێکـە لـە دێـرینترین ئاینـەکانی ئارییـەکان کـە زیاترە (٢٥٠٠) ساڵ بەرلەئێستا لـە ئێران سـەری هەڵداوە. هەر لەبەرئەمەشە کە ژمارەی شوێنکەوتوانی کەمە کە دەکاتـە نزیکـەی سـەد و سـی هـەزار کـەس لەسـەرتاپای هـەموو جیهـان. پەیامبـەر ئێرانیـەکان (زۆرۆسـتر) "زەردەشـت" دامەزرێنەری زۆرۆئەستیریانیزمە، پەڕتووکی پیرۆزی ئەم ئاینە بـریتین لـە "دەسـاتیر" و "ئاڤێسـتا". وشـەی خـوا لـە ئـاینی زۆرۆئەسـتریانیزم پێـی دەوترێـت "ئـەهروو مـەزدە". وشـەی "ئەهروو" بـەمانای "خـوا" دێت و وشـەی "مـەزدە"ش بـەمانای "زانـا" دێـت، کەواتـە هـەردووکیان بەیەکـەوە "ئـەهروو مـەزدە" واتـای "خـوای زانا" دەگەیـەنێت. ئـەهروو مـەزدەش جۆرێکە لـە جۆرەکانی باوەڕبوون بە تاکێتی خوا و بە یەکتا پەرستنی.

تایبەتمەندییەکانی خوا بەگوێرەی "دەساتیر" :-

١- خوا تاك و تەنیا.
٢- خوا هاوشێوەی نیە.
٣- نەسەرەتای هەیە و نەکۆتا.
٤- ئەو نە باوکی هەیە نە دایك، هەروەها خێزان و منداڵیش نیە.
٥- ئەو شێوە یاخود وێنایەکی نیە.
٦- نە چاو ئەتوانێت بیبینێت، نەهێزی بیرکردنەوە ئەتوانێت بیربکاتەوە لێی.
٧- ئەو لەسەروو هەموو ئەو شتانەیە کە ئێمە بەمێشك و خەیاڵماندا دێت.
٨- ئەو لەخودی خۆمان لێمان نزیکترە.

تایبەتمەندییەکانی خوا بەگوێرەی "ئاڤێستا" :-

بەگوێرەی ئاڤێستا هەردوو "گاثاس" و "یاسنە" کۆمەڵێك تایبەتمەندی جیاواز ئەدەنە پاڵ "ئەهروومەزدە"، لەوانەش :-
١- بەدیهێنەر. (یاسنە ٣١: ٧-١١)، (یاسنە ٤٤:٧)، (یاسنە ٥٠: ١١)، (یاسنە ٥١: ٧).
٢- گەورە و بەتوانا، بەهێز. (یاسنە ٣٣: ١١)، (یاسنە ٤٨: ٦).
٣- میهرەبان و دلۆڤان. (یاسنە ٣٣: ١١)، (یاسنە ٤٨: ٦).
٤- بەخشندە. (یاسنە ٤٣: ٤، ٥، ٧، ٩، ١١، ١٣، ١٥)، (یاسنە ٤٤: ٢)، (یاسنە ٤٥: ٥)، (یاسنە ٤٦: ٩)، (یاسنە ٤٨: ٣)

٢. چەمکی خوا لەئاینی جودییزم (جولەکە):-

ئاینی جولەکە یەکێکە لەئاینە سەرەکیەکانی ڕەگەزی سامیەکان. شوێنکەوتوانی ئەم ئاینە پێیان دەوترێت "جولەکە" و باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر موسا هەیە. ئەم چەند دێڕەی خوارەوە لە (دیوتیرۆنۆمی) "کە دەکاتە پێنجەم پەڕتووکی پیرۆزیان" چەند ئامۆژگاری و ڕاسپاردەیەکی پێغەمبەر موسایە:

*** ئەی نەوەی ئیسرائیل گوێبگرن، خودای ئێمە یەك خودایە. (ئینجیل، دیو ٦: ٤).**

*** بڕوانە ئەم دێرەی پەڕتووکی (ئیسایە) کە دەڵێت : (بەتەنها من پەروەردگارم، هیچ ڕزگارکەرێکی تر نیە لەپاڵ مندا) (ئینجیل،ئیسایە ٤٥: ١١).**

*** تەنها من خودام، هیچ خوایەکی تر نیە، هیچ خوایەکی تر هاوشانم نیە. (ئینجیل،ئیسایە ٤٥: ٥).**

*** من خودام و هیچ خوایەکی تر بوونی نیە. من خودام و هیچ هاوشێوەیەکم نیە. (ئینجیل،ئیسایە ٤٦: ٩).**

❖ ئاینی جولەکە ڕەخنەدەگرێت لە پەرستنی بت، هەروەك لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا ڕووندەبێتەوە:-

- "ئێوە نابێت هیچ خوایەکی ترتان هەبێت جگە لە من. ئێوە نابێت هیچ وێنەیەکی داتاشراو دروست بکەن بۆ خوا لە هاوشێوەی هەرشتێك لە ئاسمانی سەروو، یاخود لە زەوی خوارەووە، یاخود ئەوەی لەناو ئاوی زەویدا هەیە. ئێوە نابێت هەوڵبدەن کە کڕنوشیان بۆ ببەن یاخود بیانبینن چونکە تەنها من پەروەردگارم، من خوایەکم حەسوودم...." (ئینجیل،ئیکسۆدۆس ۳۰: ۳-۵)

- ئێوە نابێت هیچ خوایەکی ترتان هەبێت جگە لە من. ئێوە نابێت هیچ وێنەیەك داتاشن بۆ خودا هاوشێوەی هەرشتێك لە ئاسمانی سەروو، یاخود زەوی خوارەوە، یاخود ئەوەی لەناو ئاوی زەویدا هەیە. ئێوە نابێت خۆتان بۆ بچەمێننەوە بۆیان، وە نابێت خزمەتیشیان بکەن، لەبەرئەوەی تەنها من خودام، من خوایەکی حەسوودم...." (ئینجیل،دیو ٥: ٧-٩)

٣. چەمکی خوا لە ئاینی کریستیانیتی (مەسیحی):-

مەسیحیەت یەکێکە لە ئاینەکانی ڕەگەزی سامیەکان، کە دەوترێت نزیکەی دوو بیلیۆن شوێنکەوتوی هەیە لەهەموو جیهاندا. ناوی "کریستیانیتی" وەرگیراوە لەناوی "جیزز کرایس" کە دەکاتە پێغەمبەر عیسا. پێغەمبەر عیسا بەهەمان شێوە کەسایەتیەکی بەڕێزە لەئاینی ئیسلامدا، هەروەها ئیسلام تاکە ئاینی غەیرە مەسیحیە کە فەرمانی کردووە بە بڕوابوون بە پێغەمبەر عیسا.

بەڵام پێش ئەوەی چەمکی خوا لە ئاینی مەسیحیدا تاوتوێ بکەین، ئەوە دێین باس لە پلەوپێگەی پێغمبەر عیسا دەکەین لە ئاینی ئیسلامدا.

• ئیسلام تاکە ئاینی غەیرە مەسیحیە کە بڕوابوونی بە پێغەمبەر (عیسا)ی کردۆتە بەشێك لە ئیمان. هیچ موسڵمانێك پێی ناوترێت موسوڵمان گەر هاتوو بڕوای بە پێغەمبەر عیسا نەبوو.

• یەکێك بووە لە بەڕێزترین و بەهێزەکانی پەروەردگار.

• ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کەوا لەدایك بوونی پێغەمبەر عیسا دەرئاسا بووە بەهۆی ئەوەی بەبێ بوونی باوك بووە، کە زۆرێك لە مەسیحیەکانی ئەم چەرخە باوەڕیان بەمە نیە.

• ئێمە بڕوامان بەوە هەیە کە ئەو چارەسەری نابینا و ئەوانەی تێکچوونی پێستیان هەبووە کردووە، بەڵام هەموو ئەمانەش بەیارمەتی و ڕەزامەندی پەروەردگار.

ڕەنگە کەسێك هەبێت و بپرسێت باشە ئەگەر موسوڵمانەکان و مەسیحیەکان ئەم شێوەیە ڕێزدەگرن لە پێغەمبەر عیسا و خۆشیان دەوێت، ئەی کەواتە لایەنە ناکۆك و دژەکەیان چیە؟.

جیاوازی سەرەکی ئاینی ئیسلام و مەسیحیەت لە پێداگیری مەسیحیەکانە لەبەخوا دانانی پێغەمبەر عیسا. ئەمە لەکاتێکدا بەلێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکانی ئاینی مەسیحی ئەوە دەردەکەوێت کە پێغەمبەر عیسا هەرگیز بانگەشەی بۆ خوایەتی خۆی نەکردووە. هیچ وشەیەك یاخود دێڕێك نیە لەهەموو ئینجیلدا کە تێیدا پێغمبەر عیسا بەخۆی وتبێت "من خودام" یان "من بپەرستن". بەڵکو بەپێچەوانەوە ئینجیل ژمارەیەك گوفتاری تێدایە کە پێغەمبەر عیسا تەواو پێچەوانەی بانگەشەی خۆدانانی بەخوا ئامۆژگاری خەڵکی کردووە. بڕوانە ئەم چەند دێڕەی ئینجیل کە لەسەر زاری پێغمبەر عیسا تۆمارکراون:-

• باوکی من لەمن گەورەترە. (جۆن ١٤: ٢٨)

• باوکم لەهەموو شتێك گەورەترە. (جۆن ١٠: ٢٩)

• ..... من بەڕۆحی خودا شەیتان بەدەردەنێم..... (ماڤیۆ ١٢: ٢٨)

• .... بەپەنجەی خودا شەیتان بەدەردەنێم.... (لوك ١١: ٢٠)

• من خودی خۆم ناتوانم هیچ شتێك بکەم. هەر کە ئەبیستم یەکسەر بڕیاردەدەم. بڕیاردانی منیش دادپەروەرانەیە چونکە ویستی نیە بەڵکو ویستی باوکمە، کە بۆ منی ناردوو.

❖ ئەرکی پێغەمبەر عیسا جێبەجێکردنی شەریعەتەکانی تر بوو:-

پێغەمبەر عیسا هەرگیز بانگەشەی خوایەتی بۆ خۆی نەکرددوە. ئەو ڕاست و ڕەوان سروشتی ئەرکەکەی خۆی ئامازە پێداوە. پێغەمبەر عیسا خودا ناردی تاکو یاساکان یاخود شەریعەتەکانی پێش خۆی جێبەجێیان بکات و کارایان پێبکات. ئەمەش زۆر بەڕوونی لەو قسانە دەبینرێن کەپێغەمبەر عیسا خۆی کردوونی، بۆ نموونە:-

- "ئەوە بزانن کە من نەهاتووم تاوەکو یاساکان تێکبدەم، یاخود نەهاتووم تاکو پێغەمبەرەکان لەناوبدەم. من نەهاتووم بۆ تێکدان بەڵکو هاتووم بۆ کارپێکردن. بەتووندی پێتان ڕادەگەیەنم ئەگەر ئاسمان و زەوی تێپەڕن و بڕۆن ئەوە نابێت بچووکترین بەشی یاساکان پشتگوێ بخرێن بەڵکو دەبێت هەموویان جێبەجێ بکرێن."

- " جا ئەوەی لابدات لە یەکێك لەو فەرمانانە یاخود کەسانی تر هانبدات بۆ سەرپێچیکردن ئەوە لەبەهەشتدا بە بچووك سەیردەکرێت. بەلاَم ئەوەی جێبەجێیان بکات و ئامۆژگاری کەسانی تر بکات بەکردنی ئەوە بە گەورە سەیردەکرێت لە بەهەشتدا." "ئینجیل، ماثیۆ ٥: ١٧- ٢٠"

❖ پەروەردگارپێغەمبەر عیسای ناردووە:-

ئینجیل باس لە سروشتی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر عیسا دەکات لەم چەند دێرەدا:-

- "...هەروەها ئەو قسانەی لەمنی دەبیستن هی خۆم نیە بەڵکو باوکم پێیداوم." "ئینجیل، جۆن ١٤:٢٤"

- "هەروەها ژیانی نەمری و هەمیشەیی بۆ کەسێکە لە ئێوە کە خوای تاك و حەق بناسێت کە (عیسا) بۆ ناردوون." "ئینجیل، جۆن ١٧- ٣"

پێغەمبەر عیسا بچوکترین بۆچوونی بەخوادانانی خۆی ڕەتکردۆتەوە، ئێستاش با بەیەکەوە لەم ڕووداوانە بڕوانین کە لەئینجیلدا هاتووە:-

" ووردبنەوە لەو کاتەی کە یەکێك هات و بەئەوەی وت "ڕابەری چاك"، چ کارێکی باش هەیە گەر بیکەم دەبمە خاوەنی ژیانێکی

هەمیشەی؟. ئەویش پێی وت: بۆچی من بە چاك بانگدەكەیت؟ هیچ كەسێك چاك نیە تەنها یەك زات نەبێت، كە ئەویش پەروەردگارە. بەلاَم ئەگەر ژیانێكی هەمیشەیت دەوێت ئەوە پارێزگاری بكە لە بەجێگەیاندنی فەرمانەكان." "ئینجیل، ماثیۆ ٥: ١٧- ٢٠"

ئەم چەند دێرەی سەرەوە بەهەموو شێوەیەك باوەڕی بەخوازانینی پێغەمبەر عیسا و ڕزگاربوونی مرۆڤ بەهۆی خۆقوربانی كردنەكەی پێغەمبەر عیسا ڕەتدەكاتەوە كە مەسیحیەكان باوەڕیان پێیەتی. پێغەمبەر عیسا جەختی كردۆتەوە لە بەجێگەیاندنی (١٠) فەرمانەكان تاكو ڕزگاربوون و ژیانێكی هەمیشەی بەدەست بهێنرێن.

❖ عیسای نازەریث "شوێنی منداڵی پێغەمبەر عیسایە" ئەو پیاوەی لەلایەن خواوە هەڵبژێردراوە:-

ئەم چەند دێڕەی خوارەوە كە لەئینجیلدا هاتووە ئەو ڕاستیەی قوڕئان پشتڕاستدەكاتەوە كە عیسا پێغەمبەرێكی پەروەردگارە:-

- "ئەی نەوەی ئیسرائیل، گوێبگرن لەم وشانە: عیسای نازەریث، ئەو پیاوەی لەناو ئێوەدا لەلایەن پەروەردگارەوە هەڵبژێردراوە لەڕێگای دەرئاسا و موعجیزە و نیشانە، كە پەروەردگار هەر لەناو ئێوەدا پیشانی دان لەسەردەستی ئەو، هەروەكو خۆشتان ئەمە ئەزانن."

❖ یەكەم فرمان ئەوەیە كە خوا تاك و تەنیایە:-

ئینجیل هەرگیز باوەڕی مەسیحیەكان بە بوونی سێ خوا بەڕاست دانەناوە. ئەوتا كاتێك یەكێك لەوانەی كە ئینجیلی نووسیوەتەوە لە پێغەمبەر عیسا ئەپرسێت كە یەكەمین فرمان چیە لە (١٠) فرمانەكان، پێغەمبەر عیساش تاڕادەیەك هەمان شت دەڵێت كە موسا پێغەمبەر پێشتر وتوویەتی كە:-

- "ئەی نەوەی ئیسرائیل گوێبگرن، خوا، خوای ئێمە تاكە و یەك خوایە." "مارك ١٢- ٢٩"

٤. چەمکی خوا لەئاینی ئیسلام:-

ئیسلام کە یەکێکە لە ئاینی سامیەکان کە زیاتر لە (١.٢) بلیۆن شوێنکەوتووی هەیە لە سەرتاپای جیهاندا. ئیسلام بەمانای ملکەچ بوون دێت بۆ ویست و فەرمانەکانی "الله". موسڵمانان قورئان بە وتەی پەروەردگار ئەزانن کە بۆ پێغەمبەر (محمد)ی (ﷺ) ناردووە. ئیسلام ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە "الله" پێغەمبەر و پەیامبەرانی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤ ناردووە کە هەموویان یەك پەیامیان پێبووە بۆ مرۆڤایەتی، کە ئەویش باوەڕبوونە بە یەکتایی خوا و بەرپرسیارێتی ڕۆژی دوایی. هەرلەبەر ئەمەشە کە ئیسلام بڕوابوونی بە پێغەمبەرانی پێشووی کردۆتە بەشێك لە ئیمان، لەو پێغەمبەرانەش (ئادەم، نوح، ئیبراهیم، ئیسماعیل، ئیسحاق، یعقوب، موسا، داود، عیسا و پێغەمبەرانی تر).

❖ وردترین پێناسەی خوا:-

ووردترین پێناسە بۆ چەمکی خوا لەئیسلامد هاتووە، ئەویش هەر چوار ئایەتەکەی سوڕەتی (الإخلاص)ە. پەروەردگار بەم شێوەیە دەفەرموێت: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤﴾ (الإخلاص)

وشەی (**الصَّمَدُ**) هەندێك زەحمەتە بۆ وەرگێڕان. ئەم وشەیە بەمانا "بوونی ڕەها" دێت، کە ئەمەش سیفەتێکە تایبەتمەندە بە پەروەردگار و تەنها ئەتوانرێت بدرێتە پاڵ ئەو چونکە سەرجەم بوونەکانی تر پەیوەستدارە بە کات و شوێن و مەرجیداران. لەلایەکی ترەوە ئەم وشەیە بەمانای ئەوە دێت کە پەروەردگار نیازمەندی بەهیچ کەسێك یاخود شتێك نیە بەڵکو ئەوە کەسەکان و شتەکانن کە پێویستیان بە خودا هەیە و پشتی پێدەبەستن.

❖ سوڕەتی (**الإخلاص**) – پێوەری ئاینزانی:–

سوڕەتی (الإخلاص) کە سوڕەتی ژمارە (١١٢)ە لە قورئانی پیرۆز پێوەرە بۆ زانستی ئاینزانی(Theology) . وشەی (Theo) لەزمانی یۆنانیدا بەمانای "خوا" دێت، هەروەها وشەی (logy) بەمانای ناسین یاخود لێکوڵینەوە و توێژینەوە دێت. بەمشێوەیەش (Theology) واتای زانستی ناسین و زانینی ئاینەکان دەگەیەنێت. بۆ موسوڵمانان ئایەتەکانی ئەم سوڕەتە بەسن تاکو ببنە پێوەری ناسینی خوا. هەرکەسێك بانگەشەی خوایەتی بکات پێویستە لە تاقیکردنەوە یەکلایکەرەوەکەی ئەم سوڕەتە سەربکەوێت و ئەو تایبەتمەندیانەی تێدابێت، چونکە ئەو تایبەتمەندیانەی کەلەم سوڕەتە باسکراون تاك و بێوێنەن. بۆیەش هەموو خوایە ساختەکان و ئەوانەی بانگەشەی خوایەتی دەکەن هەرزوو ئاشکرا ئەبن لەژێر ڕووناکی ئەم سوڕەتە.

❖ بۆچوونی ئیسلام دەربارەی بوونی مرۆڤێك کەخوا بێت:-
هیندستان زۆرجار بە نیشتیمانی مرۆڤە خوایەکان ناودەبرێت، ئەمەش بەهۆی ژمارەی زۆری ڕابەرە ڕۆحیەکان کە لەوێدا هەن، کە هەریەکێك لەوپیاوەگەورە و ئاینیانە ژمارەیەکی زۆر شوێنکەوتوویان هەیە لەزۆرێك لە ولأتەکان. ئیسلام هەموو بانگەشەیەك بۆ بەخوادانانی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە. جا بۆ ئەوەی لە هەڵوێستی ئیسلام تێبگەین بەرامبەر ئەوانەی خۆیان بەخوا دادەنێن، بابێین و لەیەکێك لەو کەسانە بکۆڵینەوە کە ئەویش "ئۆشۆ ڕەنجیش". "ڕەنجیش" یەکێکە لەو ڕابەرە ڕۆحیانەی کە لەهیندستان سەری هەڵدا. لەمانگی (٥)ی ساڵی (١٩٨١) "ئۆشۆ" دەڕواتە ئەمریکا و شارۆچکەیەکی دروستکرد بەناوی "ڕەنجیش پورەم"، دواتر ئەو لە ڕۆژئاوادا کەوتە ناو هەڵەوە و دەستگیرکرا و داوای لێکرا کە ئەمریکا جێبێڵێت. بۆیە ئەو گەڕایەوە بۆ هیندستان و دەستیکرد بە بنیاتنانی کۆمەڵگایەك لە "پوین" کە ئێستا بە "کۆمەڵگای ئۆشۆ" ناسراوە، هەروەها ئۆشۆ لەساڵی (١٩٩٠) کۆچی دوایکرد. شوێنکەوتووانی ئۆشۆ لەوبڕوایەدان کە ئۆشۆ خوا بووە. ئەوانەی کە سەردانەی کۆمەڵگایەکەی ئۆشۆ ئەکەن، لەسەر کێلی گۆڕەکەی ئەم پارچە

نووسینه ئەبینن "ئۆشۆ – نه لەدایك بووه، وه نەمردووه، بەڵکو ئەو تەنها سەردانی زەوی کردووه لەنێوان (١١)ی مانگی (...) ساڵی (١٩٣١) تاکو (١٩)ی مانگی (...) ساڵی (١٩٩٠). بەلاّم ئەوان بێ ئاگان لەوەی کە ئۆشۆ لەلایەن (٢١) ولاّتەوه فیزەی پێنەدراوە، وادیارە شوێنکەوتووانی ئۆشۆ هیچ کێشەیەك لەوەدا نابینن کە خواکەیان پێویستی بە فیزەیە تا بتوانێت بچێتە ولاّتێك لەکاتی سەردانەکەی بۆ زەوی.

ئێستاش بابەیەکەوە ئەم کەسە "ئۆشۆ ڕەنجیش" کەبەخوا دانراوە بخەینە ژێر تاقیکردنەوەی سوڕەتی (**الإخلاص**):-

١- یەکەمین پێوەر دەڵێت "بڵێ، ئەو، (الله) تاك و تەنیایە". باشە ئایا ڕەنجیش تاك و تەنیا بوو؟ بێگومان نەخێر چونکە زۆرانێکی تر هەبوون کە بانگەشەی خوایەتیان کردووە. کەچی هەندێك لە شوێنکەوتووانی ئۆشۆ ڕەنگە ئێستاش بڵێن کە ئەو تاك وتەنیا بوو.

٢- دووەم پێوەر دەڵێت "پەروەردگار بێ نیازە و جێی نیاز و ئومێدە و زاتێکی نەمرە". ڕەنجیش بەهیچ شێوەیەك بێ نیاز و خاوەن بوونێکی ئەبەدی نەبوو، چونکە ئەوتا لەساڵی (١٩٩٠) کۆچی دوایی دەکات. لەژیانی ئەودا ئەوە دەبینرێت کە ئۆشۆ نەخۆشی شەکرە و تەنگەنەفەسی و پشت ئێشەی درێژخایەنی

هـەبووە. ئۆشـۆ ئەوەشـی دووپـات کردۆتـەوە کـەوا حکومـەتی ئەمریکا لە زینداندا ژەهر خواردیان کردووە. بهێنـە پێش چاوی خـۆت خوایـەکی بـەهێز و دەسـەڵات ژەهرخـوارد بکرێـت. بۆیـە ناکرێت ڕەنجیش بیٚ نیاز و خاوەنی بوونێکی نەمر بووبێت.

٣- سـێیەمین پێـوەر بریتیـە لـە "کەسـی لـیٚ نـەبووە و، وە لەکەسـیش نـەبووە" کەچـی ئێمـە ئـەزانین کـەوا ڕەنجـیش لـە "جەبلپور" لەدایك بووە. ئەو دایکی و باوکی هەبووە و باوکیشی دواتر بووەتە یەکێك لە شوێنکەوتووانی.

٤- چـوارەمین پێـوەر سـەختره و دژوارتـر چـونکه ئـەڵێت "ئـەو خوایـە هـیچ هاوشـێوەیەکی نیـە". هەرلەگـەڵ وێنـەکردنی خـوا یاخود بەراوردکردنی خوا بە شتانی تر ئەوە ڕاستەوخۆ بزانە کە ئـەوە خـوا نیـە، چـونکه هـەرگیز ناتوانرێـت وێنـەی زاتـی پەروەردگاری تاك و تەنیا لە زهنی خۆماندا بکەین. کەچی ئێمە ئەزانین ڕەنجیش ڕیشێکی سپی شۆڕەوەبووی هەبوو. ئەو دوو گـویٚ و دووچـاو و یـەك لـووت و یـەك زاری هـەبوو. وێنـە و پۆستەری ڕەنجیش بیٚ ژمارە هەن. بۆیە ئەوکاتەی کە توانیت وێنەی خوا بکەیت ئەوە بزانە ئەو شتە خوا نیە.

❖ **موسـوڵمانان بەچـی ناوێـك خـوا نـاودەنێن یـاخود بـانگ دەكەن؟:-**

موسوڵمانان وابەباش دەزانن كە خودا بەناوی "الله" بانگ بكەن، نـەك بـەناوی ئینگلیزیەكـە (God) كەبـەمانای خـوا دێـت. نـاوی "الله" نـاوێكی تـاك و بـێ وێنەیـە و گۆڕانكاری بەسـەردا نایـەت، بەپێچـەوانەی نـاوە ئینگلیزیەكـە كـە دەتوانرێـت گۆڕانكـاری بەسـەردا بێـت. بـەگوێرەی نـاوەڕۆكی نووسـینەكە یـاخود قسـەكان.ئەگەر "S"ی كۆكردنـەوە زیادبكـەین بـۆ نـاوی "God" ئـەوكات دەبێتـە "Gods" كـەواتای خواكـان دەگەیـەنێت كـە ئەمەش ناوی كۆیە بۆ خودا. بەڵام ناتوانرێت هـەمان شت بەسـەر ناوی "الله" بكرێت بكرێتە كۆ چونكە ناوێكی تاك و بێ وێنەیـە. لەلایـەكی تـرەوە ئەگـەر پاشـگری "dess" زیادبكـەین بـۆ نـاوی "God" ئـەوكات دەبێتـە "Goddess" كەبـەمانای خـوای مێینـە دێت. ئەمە لەكاتێكدا هیچ شتێكی وەكو خوای نێرینە یان خـوای مێینـە ناتوانرێت بكرێـت لەگـەڵ نـاوی "الله" چـونكە نـاوی "الله" هـیچ ڕەگـەزێكی نیـە. لەلایـەكی تـرەوە ئەگـەر پێشـگری "Tin" بخەینە پێش ناوی "God" ئەوە ئەبێتە "Tin-God" كەبەمانای خـوای درۆینـە یـاخود سـاختە دێـت. بەپێچـەوانەوە نـاوی "الله" نـاوێكی بـێ هاوتایـە كـە ناتوانرێـت وێنـەی بـۆ بكرێـت یـاخود دەستكاری بكرێت و ماناكەی بگۆڕدرێت.

هەربۆیەش موسوڵمانان وابەباش ئەزانن ناوی "الله" بەکاربهێنن، بەلاّم هەندێکجار کە لەگەڵ کەسێکی غەیرە موسوڵمان ئەدوێین وشەی خوا یاخود پەروەردگار بەکاردێنین. جا لەبەر ئەوەی ئەم پەڕتووکە بۆ موسوڵمان و ئەوانەشی کە موسوڵمان نین نوسراوەتەوە، ئەوە من وشەی خوا یان پەروەردگارم بەکارهێناوە لەزۆر شوێنی ئەم پەڕتووکە.

❖ خودا نابێتە مرۆڤ:-

هەندێك کەس دەپرسن ئەگەر خوا ئەتوانێت هەموو شتێك بکات کەواتە بۆناتوانێت خۆی بخاتە شێوە یاخود وێنەی مرۆڤەوە؟. ئەگەر خودا بیەوێت ئەوە ئەتوانێت خۆی بخاتە شێوەی مرۆڤ بەلاّم ئەمە مانای وایە کە ئەو چیتر نابێتەوە خوا چونکە تایبەتمەندیەکانی خوا و مرۆڤ تەواو لەیەك جیاوازن. ئەم چەند ڕاستیە خوارەوە پڕوپووچی ئەو بیرۆکەیە دەردەخات کە دەپرسێت کە بۆچی خوا خۆی ناخاتە سەر شێوەی مرۆڤەوە:-

خودا نەمر و هەمیشەییە ئەمە لەکاتێکدا مرۆڤ نەمر نیە و دەمرێت. ناکرێت مرۆڤێکی خوایینە هەبێت کە لەیەك کاتدا هەم نەمر بێت و هەم سەرتا و کۆتای هەبێت، چونکە ئەمە شتێکە دوورە لە ژیری. خودا سەرەتایەکی نیە بەلاّم مرۆڤ سەرتایەکی هەیە. ئێمە ناتوانین کە مرۆڤێك بدۆزینەوە کە لەیەك کاتدا هەم

سـەرتایەکی هـەبێت هـەمیش سـەرەتای نـەبێت. هـەروەها مرۆڤـەکان کۆتاییـەکیان هەیـە. ئێمـە هـەرگیز نـاتوانین مرۆڤێـك بدۆزینەوە کە لەیەك کاتدا کۆتاییەکی هەبێت هەمیش کۆتایی نەبێت.بەڕاستی ئەمە باوەڕێکی پڕوپووچە.

پـەروەردگار پێویسـتی بـە خـواردن و خواردنـەوە نیـە کەچـی مرۆڤەکان پێویستیان بە خواردن و خواردنەوە هەیە تاکو زیندوو بمێننەوە :

﴿ وَهُوَ يُطْعِمُ وَلَا يُطْعَمُ ﴾ (الأنعام : ١٤)"

هەروەها پەروەردگار نە ئەخەوێت وە نە پێویستی بە پشوودان هەیـە، ئەمەلەکاتێکـدا مرۆڤـەکان پێویسـتیان بـە خـەوتن و پشوودان هەیە:

﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ۚ لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَىْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾ ﴾ (البقرة)"

❖ بەندایەتی کردنی مرۆڤێکی تر کارێکی پڕوپووچە:-
ئەگەر وادابنێین کە خودا مرۆڤێك بێت ئەوکات پێویستە دان بەوەشدا بنێین کە بەندایەتی کردنی مرۆڤێکی تر بێ مانا و پڕوپووچ ئەبێت. ئەگەر خودا خۆی خستە شێوەی مرۆڤێك ئەوکات دەکات ئەو دەستی هەڵگرتووە لەخوایەتی و هەموو تایبەتمەندیەکانی مرۆڤی وەرگرتووە. بۆنموونە ئەگەر هاتوو پرۆفیسۆرێکی لێهاتوو تووشی ڕووداوێك هات و بەهۆیەوە تووشی نەخۆشی بیرچوونەوە بێت، ئەوکات زۆر گەوجانە ئەبێت بۆ قوتابیەکانی کە لای ئەو بخوێنن و بەردەوامی بدەن بە فێربوون لە وانەکانی ئەودا.
بەهەمان شێوە ئەگەر خودا بچێتە سەرشێوەی مرۆڤ ئەوکات ناتونێت ببێتەوە بە خودا چونکە هەروەك زۆر ڕوون و ئاشکرایە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت ببێتە خوا.هەربۆیەش باوەڕبوون بە بوونی خوا لەسەر شێوەی مرۆڤ لێکدانەوە و باوەڕێکی هەڵەیە و نەخوازراوە.
هەربۆیەش قورئان هەموو جۆرە بیرۆکەیەکی دانانی مرۆڤ وەکو خوا ڕەتدەکاتەوە. ئەوتا قورئان بەم شێوەیە ئەدوێت:
﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾ (الشورى : ١١)"

❖ خودا کارێك ناکات کەشیاوی خوایەتی نەبێت:-

ئەو سیفەتانەی پەروەردگار هەیەتی دوورن لەهەموو جۆرە کارێکی ناڕێك و هەڵە چونکە پەروەردگار هەر خۆی سەرچاوەی دادپەروەری و بەزەیی و حەقە. هەرلەبەرئەمەشە ناکرێت بیرلەوە بکەینەوە ك خودا کارێك بکات نەشیاو بێت بۆ خوایەتی. نابێت ئەوە بەمێشکماندا بێت کە پەروەردگار درۆبکات، نادادپەروەر بێت، هەڵەبکات و شتی بیربچێتەوە یاخود ئەو هەڵانەی کە مرۆڤ دەیکات. هەرچەندە پەروەردگار ئەگەر بیەوێت دەتوانێت نادادپەروەر بێت بەڵام هەرگیز ئەم کارە ناکات چونکە کارێکە ناشیاوی خوایەتیە. قوڕئان بەم شێوەیە ئەفەرمووێت:-

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظۡلِمُ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ ﴾ (النساء : ٤٠)"

پەروەردگار ئەگەر بیەوێت ئەتوانێت نادادپەروەری بکات بەڵام هەرئەوکاتەی کە نادادپەروەری دەکات ئەوە دەستی لەخوایەتی هەڵگرتووە.

❖ خودا هەرگیز شتی بیرناچێتەوە و هەڵەناکات:-

پەروەردگار هیچ کات شتی بیرناچێتەوە چونکە بیرچوونەوە کارێکە ناشیاوە بۆ خوایەتی و بەشێکە لە کەموکوڕتیەکانی مرۆڤ. بەهەمان شێوە پەروەردگار هەڵەناکات چونکە هەڵەکردنیش گونجاو نیە بۆ خوایەتی پەروەردگار:-

﴿ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى ۝٥٢ ﴾ (طه)"

❖ پەوەردگار کارێك دەکات شیاوی خوایەتی بێت:-
پەروەردگار تواناداره بەسەر هەمووشتێك. لێکدانەوەی ئیسلام بۆ چەمکی خوا ئەوەیە کە خوا زاتێکە تواناداره بەسەر هەمووشتێکدا ودەسەلاتی بەسەر هەمووشتێکدا ئەشکێت. قورئان لەزۆر شوێنیدا ئەم ڕاستیەی دووپات دەکاتەوە لەم چەند ئایەتە هاتووە:-

﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٠٦﴾﴾ (البقرة)

﴿إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٠٩﴾﴾ (البقرة)

﴿وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٨٤﴾﴾ (البقرة)

﴿وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٩﴾﴾ (آل عمران)

﴿إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٧٧﴾﴾ (النحل)

﴿إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾﴾ (فاطر)

هەروەها قورئان لە شوێنکی تریدا وا ئەفەرموویت:

﴿فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ﴿١٦﴾﴾ (البروج)

ئەوەی لێرە پەروەردگار مەبەستیەتی لەکردنی ئەو کارانەیە کە شیاوی خوایەتیە نەوەك ئەوانەی کە ناشیاوی خوایەتین.
زۆرێك لەئاینەکان تاڕادەیەك جا ڕاستەوخۆ بێت یاخود ناڕاستەوخۆ بڕوایان بە فەلسەفەی بوونی خوا لەسەر شێوەی

مرۆڤ هەیە. ئەوان لەو بڕوایەدان کەوا خودا ئەوەندە پاك و بێگەرد و پیرۆزە کە بێ ئاگایە لە زەحمەت و کەم و کورتیی و هەستەکانی مرۆڤ، جا بۆ ئەوەی یاسا و شەریعەت بۆ مرۆڤەکان دابنێ ناچار بووە خۆی بخاتە سەرشێوەی مرۆڤ. ئەم باوەڕە هەڵخەڵەتێنەرە ملیۆنان خەڵکی هەڵخەڵەتاندووە. کەواتا بابێین و ئەم باوەڕە شرۆڤە بکەین و بزانین ئەم باوەڕە تا چەند ئەگونجێت لەگەڵ ژیری مرۆڤ ؟.

❖ بەدیهێنەر نامیلکەیەکی ڕێنمایی ئامادە دەکات:-

"الله" مرۆڤی خەڵاتکردووە بەوەی کە ژیری و تێگەیشتنی پێداوە. ئێمەی مرۆڤ بەو هۆیەوە ئامێر بۆ هۆکاری جیاواز دادەهێنین و بەرهەم دێنین. تۆمارە دەنگیەکان کە یەکێکە لەو بەرهەمانە و ژمارەیەکی زۆری لێ بەرهەم دێت، بەڵام هیچ کاتێك ناوترێت بۆ ئەوەی بزانین چی باشە بۆ تۆمارە دەنگیەکان ئەوە پێویستە خۆمان بخەینە سەرشێوەی تۆمارێکی دەنگی. ئێمە ئەوەش دەزانین کە لایەنی بەرهەمهێنەر هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوەی نامیلکەیەکی ڕێنمای لەگەڵ بەرهەمەکەی کە زانیاری تەواو و ووردی تێدایە لەسەر تۆمارە دەنگیەکە. ئەم نامیلکە ڕێنماییە سەرجەم ئەو شتانەی کە دەکرێت بکرێت و ئەو

شتانەشی کە نابێت بکرێت. ئیستاش ئەگەر بێت و سەیری مرۆڤ بکەین وەکو ئامێرێك، ئەوە بێگومان دەبینین کە ئاڵۆزترین دروستکراوی "الله"یە. پەروەردگاری بەدیهێنەر "الله" هەرگیز پێویستی بەوە نیە خۆی بخاتە سەر شێوەی مرۆڤ تاکو بزانێت چی باشە یاخود چی خراپە بۆ مرۆڤ. ئەوەی کە پێویستە ئەوەیە کە پەروەردگار نامیلکەیەکی ڕێنمای بنێرێت بۆ مرۆڤەکان. قورئانیش لە حکومی ئەو نامیلکەیە ڕێنماییە بۆ مرۆڤەکان.

هەر ئەوەندە بگرە پەروەردگار لەڕۆژی دوایدا مرۆڤەکان هەر هەموویان کۆدەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە، کەئەمەش بەتەواوی قەبوڵکراوە لەگەڵ ژیری چونکە پەروەردگار هەموو ئەو شتانەی کە دەکرێت بکرێن و ئەو شتانەشی کە نابێت بکرێن لەو نامیلکە ڕێنماییە "قورئان" ڕوونکردۆتەوە.

❖ "الله" پەروەردگار پێغەمبەران هەڵدەبژێرێت:-

"الله" پێویستی بەوە نەبوو کە خۆی بگۆڕێت سەرشێوەی مرۆڤ و بێتە سەر زەوی و نامیلکە ڕێنمایەکە بنووسێتەوە و بڵاوبکاتەوە، بەڵکو لەبری ئەمەدا بەدرێژی ژیان مرۆڤی لەنەتەوەی جیاواز هەڵبژاردووە تا بتوانن ئەو پەیامە خوایانە بگەیەننە مرۆڤەکانی تر. بەو مرۆڤە هەڵبژێردراوانە دەوترێت پێغەمبەر و پەیامبەرانی پەروەردگار.

❖ هەندێك لە مرۆڤەکان کەڕ و کوێرن:-

سەرەڕای پڕوپووچی بیرۆکەی بوونی خوا لەسەرشێوەی مرۆڤ، کەچی زۆرێك لە شوێنکەوتووانی ئاینەکانی تر باوەڕیان پێیەتی و بانگەشەی بۆ دەکەن. پرسیاریش لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمە جۆرێك نیە لە گاڵتەکردن بەو ژیریەی کە پەروەردگار بەمرڤی بەخشیوە؟. ئەو جۆرە کەسانەی هەڵگری ئەم باوەڕەن بەڕاستی کەڕ و کوێرن ئەگەرچی پەروەردگار هەستی بیستن و بینینی پێبەخشیون. ئەوەتا قورئان وا باسی ئەم جۆرە مرۆڤانە ئەکات:-

﴿ صُمٌّ بُكۡمٌ عُمۡيٞ فَهُمۡ لَا يَرۡجِعُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ (البقرة)

ئینجیلش لە پەڕتووکی " ماث یۆ" هەمان پەیامی پێیە و بەمشێوەیە باس لەو کەسانە ئەکات:-

- "بینینیان هەیە بەڵام نابینن، بیستنیان هەیە بەڵام نابیستن، بەڕاستی ئەوان تێناگەن" " ماثیۆ ١٣: ١٣"

هەمان پەیام ئەتوانرێت ببینرێت لە پەڕتووکی پیرۆزی هیندۆسەکان "ڕیجفێدە" :-

- "ڕەنگە کەسێك هەبێت ئەم وشانە ببینێت کەچی لەڕاستیدا هەر وەکو ئەوە وابێت نەیبینی بێت، ڕەنگە کەسێکی تر هەبێت

ئەم وشانەی بیستبێت بەڵام لەڕاستیدا هەر وەکو ئەوە وابێت نەیبیست بێت." "ڕیجفێدە ١٠: ١٧: ٤"

هەموو ئەم پەڕتوکە ئاینیانە ئەو پەیامە ئەگەیەنن کەوا سەرەڕای ڕوونی حەقیقەت و زانینی کەچی کەسانێك هەن لە حەقیقەت و ڕاستی لادەدەن و پشتی تێدەکەن.

❖ ((سیفەت و تایبەتمەندیەکانی خوا))

قورئانی پیرۆز بەم شێوەیە دەدەوێت: ﴿ قُلِ ٱدۡعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدۡعُواْ ٱلرَّحۡمَٰنَۖ أَيّٗا مَّا تَدۡعُواْ فَلَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ ﴾ (الإسراء : ١١٠)

هەمان پەیام لەزۆر شوێنی قورئانی پیرۆز دووبارە بووەتەوە دەربارەی ناوە جوانەکانی "الله" :-

﴿ وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَٰٓئِهِۦۚ سَيُجۡزَوۡنَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ (١٨٠) ﴾ (الأعراف)

﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ (٨) ﴾ (طه)

﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلۡمُؤۡمِنُ ٱلۡمُهَيۡمِنُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡجَبَّارُ ٱلۡمُتَكَبِّرُۚ سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشۡرِكُونَ (٢٣) هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ (٢٤) ﴾ (الحشر)

قورئـانی پـیرۆز (٩٩) نـاو و سـیفەتی باسـکردووە لـە نـاو و سیفەتەکانی پەروەردگاری مەزن. وە لەسەرووی هەمووشیانەوە ناوی "الله" دێت. قورئـان وەسـفی "الله" دەکـات بـە "الـرحمن، الرحیم، الحکیم" و ناوەکانی تریش. مرۆڤ ئەتوانێت بەهەر ناوێك بـانگی پـەروەردار بکـات بـەڵام بەومەرجـەی پێویسـتە ئـەو نـاوە جوان بێت و وێنەیەك لەمێشکدا دروست نەکات.

❖ هـەموو نـاو سیفەتەکانی خـوا تـاك و بـێ وێنـەن و هـەرخۆی خاوەنی ئەو ناوانەیە:-

نـەك هەرئـەوەی کـە پـەوەردگار خـاوەنی ئـەو نـاو سـیفەتە بـێ وێنانەیـە، هـەموو ئـەو نـاو و سـیفەتانە زۆر بـەجوانی و ڕێـك و پێکـی وەسـفی پـەروەردگار دەکـەن. ئێسـتاش بـابێین ئـەم خاڵـە بەدرێـژی ڕوونبکەینـەوە،با ئێسـتاش کەسـایەتیەکی بـەناوبانگ بەنموونە وەربگرین، بۆ نموونـەنیل ئارمسـترۆنگ. ئەگـەر کەسێك بێـت و بڵێـت نیـل ئارمسـترۆنگ خـەڵکی ئەمریکایـە، ئـەوکات سیفەتی خـەڵکی ئـەمریکا ڕاسـت و دروسـتە بـەڵام سیفەتێکە کە بەتەنها بەس نیە تا نیل ئارمسترۆنگی پێ بناسرێتەوە. هـەروەها نیـل ئارمسـترۆنگ کەسـێکی ئاسمانگـەڕ بـوو. سـیفەتی ئاسمانگەڕیش بۆ نیل ئارمسترۆنگ دروستە بـەڵام ئـەویش تـەنها پەویسـت نیـە بـە نیـل ئارمسـترۆنگ و کەسـانی تـری ئاسمانگـەڕ هـەن. جـا بـۆ ئـەوەی کەسـێك بناسـینەوە پێویسـتە بگـەڕێین بـۆ

سیفەت و ناوێکی تاك و بێ وێنە، بۆ نموونە نیل ئارمسترۆنگ یەکەم کەس بوو کە بتوانێت بچێتە سەر مانگ. بۆیە کاتێك کەسێك دەپرسێت کێ یەکەم کەس بوو چووە سەر مانگ ئەوکات تەنها یەکەم وەڵامان پێدەبێت بۆ ئەم پرسیارە ئەویش ئەوەیە کە ئەو کەسە نیل ئارمسترۆنگە. بەهەمان شێوە سیفەتەکانی خودا پێویستە تاك و تەنها و بێ وێنە بن بۆ نموونە بەدیهێنەری گەردوون. ئەگەر من بڵێم دروستکەری باڵەخانەیەك، ئەمە شتێکە ئەگونجێت و دروستە بەلاَم تاك و بێ وێنە نیە چونکە هەزاران کەسی تر هەن کە باڵەخانە دروستدەکەن، بۆ یە ئەوکات هیچ جیاوازیك لە نێوان خوا و مرۆڤدا نابێت. بەلاَم ناو وسیفەتە جوانەکانی خوا تەنها بۆ خودان و بێ وێنەن و بۆ کەسی تر نابن.

بۆ نموونە:-

- الرحيم: بەبەزەیی
- الرحمن: میهرەبان
- الحكيم: زانا

بۆیە کاتێك یەکێك دەپرسێت "الرحيم" کێیە؟ ئەوکات تەنها یەك وەڵامان پێیە کە ئەویش ئەوەیە بڵێن زاتی "الله"یە.

❖ سیفەت و ناوەکانی خوا نابێت دژ و پێچەوانەی یەکتر بن:-

ئێستاش با هەر نموونەکەی پێشوو (نیل ئارمسترۆنگ) بەکاربهێنینەوە. ئەگەر کەسێك بڵێت نیل ئارمسترۆنگ

ئاسمانگەڕێكی ئەمریكی بوو كە درێژی بالآی بەئەندازەی چوار پێ بوو. بەڵێ سیفەتی ئاسمانگەڕێكی ئەمریكی ڕاست و دروستە بەلاّم سیفەتەكەی تر هەڵەیە و دوورە لە ڕاستی. بەهەمان شێوە ئەگەر كەسێك بڵێت "الله" دروستكاری هەموو گەردوونە كە خاوەنی یەك سەر و دوو دەست و دوو پێ یە. ئەوكات سیفەتی" دروستكاری هەموو گەردوون" ڕاستە و درووستە بەلاّم سیفەتەكانی تر كە لەشێوەی مرۆڤێك بكات هەڵەیە و دوورە لە ڕاستی.

❖سیفەت و ناوەكان پێویستە ئامارژە بكەن بۆ یەك خوا:-

لەبەرئەوەی تەنها یەك خوا هەیە بۆیە سەرجەم سیفەت و ناوەكان پێویستە ئامارژە بكەن بۆ یەك خوا. بابڵێین نیل ئارمسترۆنگ ئاسمەنگەڕێكی ئەمریكی بوو كە بەیەكەم كەس دادەنرێت كە چووبێتە سەرمانگ، بەلاّم وتنی ئەوەی دووەم ئیدرین ئاڵدرینە هەڵەیە. بەهەمان شێوە ئەگەر بێت و بڵێین بەدیهێنەر خوای تاك و تەنیایە و "**الحافظ**"یش خوایەكی ترە، ئەوكات ئەم قسەیە تەواو هەڵە و گاڵتەجاریانەیە،چونكە تەنها یەك خوا هەیە كەخاوەنی هەموو ئەو ناو وسیفەتانە بێت.

❖ یەکتایی خودا:-

هەندێك لەوانەی کە باوەڕیان بە بوونی زیاتر لە یەك خوا هەیە پێیان وایە باوەڕبوون بە بوونی زیلتر لەیەك خوا پێچەوانەی ژیری نیە و باوەڕێکە شیاوی باوەڕپێکردنە. با ئێستاش ئەوەیان بۆ ڕوونبکەینەوە ئەگەر زیاتر لەیەك خوا بوونی هەبێت ئەوە ئەوکات لەگەڵ یەکتر مشتومڕ و تووشی ناکۆکی دەبن لەوەی کە هەر خوایەك دەیەوێت ویست و دەسەڵاتی خۆی زاڵ بکات بەسەر ئەوانی تر. ئەمەش زۆر بەئاسانی هەستی پێدەکرێت لە باوەڕ ئەوانەی باوەڕیان بە بوونی زیاتر لەیەك خوا هەیە. وادابنێ ئەگەر یەکێك لەوخوایانە شکست بخوات یاخود نەتوانێت شکست بە خواکانی تر بهێنێت کەواتە لەڕاستیدا ئەوە خوای ڕاستەقینە نیە.ئەوەی زۆر باوە لە بیروباوەڕی بوونی زیاتر لەیەك خوا ئەوەیە کە هەریەکێك لە خوایەکان بەرپرسیاریەتیەکی هەیە. هەریەکێکیان بەرپرسیارە لەلایەنێکی ژیانی مرۆڤەکان وەکوخوای خۆر و خوای باران و هتد. ئەمەش لەڕاستیدا ئەوە دەردەخات کە یەکێك لەخوایەکان دەستەوەستانە لەکردنی هەندێك شت و بێ ئاگایە لە ئەرك و بەرپرسیارەتی خوایەکانی تر. بۆیە هەرگیز ناکرێت خوایەکی بێ ئاگا و بێ توانا هەبێت.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر زیاتر لەیەك خوا هەبێت ئەوکات گەردوون تێکچوون و ئاڵۆزی و ناڕێکی بەخۆیەوە دەبینێت، کەچی گەردوون وا لە ڕێکی و ئارامیەکی تەواودایە. قورئانی پیرۆز بەم شێوەیە ئەدوێت:﴿ لَوْ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَا ۚ فَسُبْحَـٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ (الأنبياء)

ئەگەر زیاتر لەیەك خوا هەبووایە ئەوە ئەوکات ئەوەی دروستیان کردوە و بەدی هێناوە، هەر خۆیان لەناویان دەبرد. لە قورئانی پیرۆزدا واهاتووە:-

﴿ مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنْ إِلَـٰهٍ ۚ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَـٰهٍۭ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ سُبْحَـٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٩١﴾ ﴾ (المؤمنون)

کەواتا بێگومان تەنها باوەڕکردن بەبوونی یەك خوای خاوەن دەسەڵات باوەڕێکی لۆژیکی و واقیعیە و لەگەڵ ژیری مرۆڤدا دەگونجێت.

ژمارەیەکی کەم لە ئاینەکانی تری وەکو بودیزم و کۆنفۆشیزم کە بەئاینی "Agnostic" کەوا ئاینێکن ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر خوا دەرناخەن. ئەوان نەئەوەتا بوونی خوا بەڕاست دابنێن وە نەئەوەتا بوونی خوا ڕەتبکەنەوە. هەندێك باوەڕی تریش هەن وەکو "Jainism" ك باوەڕێکی "ئیلحاد"یە و باوەڕی بەبوونی هیچ خوایەك نیە.

پشت بەخوا لەداهاتوودا پەڕتووکێك بڵاودەکەمەوە لەژێر ناوی "ئایا قورئان وتەی پەروەردگارە؟"، کە تێیدا بوونی خودا ئەسەلمێنم بۆ ملحیدێك یاخود کەسێك کە گومانی لەبوونی خوا هەبێت، وە سەلماندنەکەش لەڕێگای ژیری و زانست و لۆژیکەوە ئەبێت بەپشت بەستن بەقورئانی پیرۆز.

❖ هەمووئاینەکان دواجار بڕوایان بە یەکتاپەرستی هەیە:-

هەموو ئاینەکان لەوانەی بڕوایان بە بوونی خوا هەیە لەکۆتایدا بڕوایان بەبوونی یەك خوای تاك و تەنهای بالأدەست هەیە. لەڕاستیدا زۆرێك لە پەڕتووکە ئاسمانیەکان باس لەیەکتاپەرستی دەکەن.

❖ مرۆڤەکان پەڕتووکە ئاسمانیەکان دەگۆڕن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان:-

بەتێپەڕبوونی کات زۆرێك لە پەڕتووکە ئاسمانیەکان شێوێندران و گۆڕانیان تێداکرا لەلایەن مرۆڤەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بوو، هەربۆیەش ڕێچکەی زۆرێك لەو ئاینە شوێندراوانە لە باوەڕی یەکتاپەرستی و بوونی یەك خوا بۆ باوەڕبوون بە کۆمەڵە خوایەك . قەرئانی پیرۆز لەشوێنێکدا وا ئەفەرموێت:-

﴿ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ ٱلْكِتَٰبَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ لِيَشْتَرُوا۟ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا يَكْسِبُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾ (البقرة)

التوحید (یەکتاپەرستی):–

- پێناسە و بەشەکانی: ئیسلام باوەڕی بە "توحید" هەیە کە مانای یەکتاپەرستی ئەگەیەنێت کە هەر ئەوە باوەڕی یەکتاپەرستی نیە کە ئاینەکانی تر هەیانە، بەڵکو باوەڕی ئیسلام زیاترە لەوە. وشەی "توحید" بەمانای یەکبوون یاخود بوون بە یەك هەروەك ڕوونە ئەم وشەیە "توحید" وەرگیراوە لە فرمانی "وحده" کە مانای بوونە یەك دێت.

"توحید" دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر یاخود بەش، کە ئەوانیش:–

١. توحید الربوبیة.

٢. توحید الأسماء و الصفات.

٣. توحید العبادة.

١- **توحيد الربوبية** (یەکتاپەرستی لە بوونی خوا):-
یەکەمین جۆری "توحید" پێی دەوترێت " **توحيد الربوبية**".
وشەی "**الربوبية**" وەرگیراوە لە ڕەگی "رب" کە بەمانای خوا یان پەروەردگار یان ڕۆزیدەر دێت. هەربۆیەش " **توحيد الربوبية**" مانای باوەڕبوونە بە بوونی یەك خوا. ئەم جۆرەی "توحید" لەسەر ئەو بناغەیە دامەزراوە کە تەنها "الله" هۆکاری بەدیهێنانی هەموو شتەکانە. هەر ئەو بەتەنها لەنەبوونەوە شتانەکانی هێناوەتە بوون. هەر ئەو بەدیهێنەر و ڕۆزیدەر و هەڵسوڕێنەری هەموو گەردوون و ئەوەی لەناویدایە، ئەو نیزمەندی هیچ شتێك یاخود کەسێك نیە بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو شت و کەسەکان پێویستیان بە ئەو هەیە.

٢- **توحيد الأسماء و الصفات** (یەکتاپەرستی لە ناو و سیفەتەکانی الله):-
دووەم جۆری "توحید" بریتیە لە " **توحيد الأسماء و الصفات** " کە بەمانای باوەڕبوونە بە هەموو ناوە جوانەکانی پەروەردگار. ئەم جۆرەی "توحید" دابەش دەبێت بۆ پێنج بەش:-
- پەروەردگار پێویستە بەو شێوەیە وەسفبکرێت کە خوا و پێغەمبەر کردوویانە:-

پێویستە بەو شێوازەی کە لە قورئاندا هاتووە یاخود پێغەمبەر (ﷺ) وەسفی خوایان کردووە، ئێمەش وەسفی خوا بکەین. نابێت شتێك زیاد بکەین یاخود کەم بکەین بۆسەر ئەو مانایەی کە هەریەکێك لەناو و سیفەتەکانی خوا هەیەتی.

- ئاماژە کردن و باسکردنی پەروەردگار بەو شێوە دەبێت کە خۆی کردوویەتی:-

ئێمە ناتوانین هیچ ناوێك یاخود سیفەتێکی تر زیادبکەین بۆ ئەو ناو وسیفەتانەی کە پەروەردگار بۆ خۆی داناون و خۆی بەهۆیانەوە پێناساندووین. بۆ نموونە ناتوانرێت زاتی "الله" بە "**الغاضب**" بانگ بکرێت، هەرچەندە خۆی باسیکردوو لە قورئان کە ئەوتوڕە دەبێت و هەندێکجار توڕەبوونی خۆی بەسەر خەڵکانی تاوانبار دەڕێژێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەو ناوە بەکارناهێنین چونکە پەروەردگار و پێغەمبەر (ﷺ) بەکاریان نەهێناوە.

- هیچ کات سیفەت و ناوەکانی پەروەردگار ناچووێنین بە سیفەتی مرۆڤەکان:-

کاتێك باس لە خوا دەکەین یاخود ئاماژە بە ناو وسیفەتەکانی دەدەین دەبێت خۆ بەدوور بگرین لە بەراوردکرن و چواندنی بە

مرۆڤەکان. بۆ نموونە لەئینجیلدا وێنەی پەروەردگار واکراوە کە داوای لێخۆشبوون دەکات لەو کارە هەڵانەی کە ئەیکات هەروەکو چۆن مرۆڤ داوای لێبوردن دەکەن کاتێك هەڵەیەك دەکەن. ئەمەش شتێکە تەواو پێچەوانەی "تەوحید"ە. پەروەردگار هەرگیز داوای لێخۆشبوون ناکات چونکە لەڕاستیدا ئەو هەرگیز هیچ هەڵەیەك ناکات. یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی تێگەیشتن لە ناوەکانی پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێدراوە، کە ئەویش ئایەتی ژمارە (١١) لەسورەتی (الشوری):

﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ۝١١﴾ (الشورى)

کاتێك ئێمە بەراوردی ئەوە دەکەین کە پەروەردگار هەیەتی بەوەی کە مرۆڤ هەیەتی پێویستی بزانین جیاوازی گەورە هەیە. بۆ نموونە کاتێك باسی هەستی بیستن و بینین لە مرۆڤدا دەکەین ناتوانین بەراوردی بکەین بەو بیستن و بینینەی کە پەروەردگار هەیەتی.، چونکە هەستی بیستن و بینین لە مرۆڤدا سنووردارە، لەکاتێکدا بیستن و بینینی پەروەردگار ڕەهایە و سنوورێکی نیە.

- نابێت سیفەتەکانی پەروەردگار بدرێتە پاڵ مرۆڤ:-

کاتێك یەکێك لە سیفەتەکانی پەروەردگار دەدەینە پاڵ مرۆڤ ئەوکات ئەم کارە تەواو پێچەوانەی تێگەیشتنی "توحید". بۆ

نموونە نابێت و ناکرێت کەسێك بە (نەمر) بانگ بکەین بەوەی نەسەرەتا و نەکۆتایی هەیە.

- نابێت ناوەکانی خوا بۆ دروستکراوەکانی بەکار بهێنین:-
هەندێك لە ناوەکانی خوا نەناسراون بۆ نموونە "رئوف"، "رحیم"، ڕێگەیان پێدراوە کە بەکارهێنان لەلایەن مرۆڤەکان هەروەکو چۆن پەروەردگار خۆی بەکاری هێناوە بۆ پێغەمبەران، بەلاّم ئەمەش بەو مەرجەی کە پێشگری "عبد"ی بۆ ناوەکان بەکاربهێنین کە مانای "بەندە" دەگەیەنێت، بەمەش ناوەکان دەبنە "عبدالرئۆف"، "عبدالرحیم".

٣- **توحید العبادة** (یەکتاپەرستی لە پەرستن):-
پێناسە و مانای عبادة : "توحید العبادة" بەمانای یەکتاپەرەستی دێت لە پەرستشکردن بۆ پەروەردگار. وشەی "عبادة" لەوشەی عەرەبی "عبد" وەرگیراوە کە بەمانای "بەندە" دێت. بەمەش وشەی "عبادة" مانای پەرستن و بەندایەتی ئەدات. بۆ نموونە نوێژکردن یەکێکە لە جۆرەکانی پەرستش بەلاّم دەبێت ئەوەش بزاندرێت کە تاکە جۆری پەرستش نیە. چونکە خەڵکانێکی زۆر لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی هەڵەیان هەیە بۆ وشەی "عبادة" بەوەی کە تەنها نوێژەکان دەگرێتەوە،

بەلاّم چەمکی "عبادة" لە ئیسلامدا زۆر فراوانە کە بەمانای گوێڕایەڵی و ملکەچی و بەندایەتیەکی تەواو دێت. پێویستە ملکەچ و گوێڕایەڵی کردنی سەرجەم ئەو شتانە بین کە فەرمانی پێکردوین بەکردنی و ئەوانەشی کە نەهی کردووە لە کردنی، پێویستە تەواوی پەرستشەکانیش تەنها بۆ زاتی "الله" بکرێن و کەسێکی تر نەکەین بە هاوبەشی.

- هەرسێ بەشەکەی توحید دەبێت وەکو یەك بەجێ بگەیەنرێن:-

ئەگەر هاتوو تەنها باوەڕمان بە دوو جۆری یەکەمی توحید بێت و "توحید العبادة" پشتگوێ بخەین، ئەوکات ئەمە هیچ سودێکی نابێت و بێ کەڵکە. قورئان پیرۆز باس لە بێباوەڕەکانی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)، دەکات کە چۆن باوەڕیان تەنها بە دوو تەوحیدەکەی تر سوودی پێنەگەیاندن و بە بڕوادار لەقەڵەم نەدران. قورئانی پیرۆز بەم جۆرە ئەفەرموێت: ﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ (يونس)

هەمان بابەت لە سورەتی (الزخرف)دا باسکراوە ، ئەوەتا قورئان بەم شێوەیە ئەدوێت:

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾ (الزخرف)

بت پەرستەکانی مەککە دەیانزانی کە "الله" بەدیهێنەرە، ڕۆزیدەرە، هەڵسوڕێنەری گەردوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەمە نەبوونە موسوڵمان چونکە ئەوان بە پەرستنی خوای تر هاوبەشیان بۆ خوا دانابوو. هەربۆیەش پەروەردگار بەدوو ناو وەسفیان دەکات کە ئەوانیش "کافر" واتا "بێ باوەڕ" و هەروەها "مشرك" "هاوبەش دانەر".

﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾ (يوسف)

بۆیە "توحید العبادة" "یەکتاپەرستی لە پەرستش" یەکێکە لەلایەنە گرینگەکانی "توحید" چونکە پەرستش و بەندایەتی کردن تەنها بۆ زاتی "الله" دەکرێت و هەرئەویش پاداشتی بەندەکانی دەداتەوە.

الشرك:-

١- پێناسە: "الشرك" بریتیە لە کەم وکوڕتی لە باوەڕبوون و یەکتاپەرستی لە هەرسێ جۆرەکەی "توحید"، یاخود بە واتایەکی تر بەهەر سستیەك لە بەجێ گەیاندنی هەر سێ جۆرەکەی توحید دەوترێت "الشرك". هەروەکو ڕوونە وشەی "الشرك" بەمانای "هاوبەش دانان" دێت، لە ئیسلامدا ئەم وشەیە بەمانای هاوبەش دانان دێت بۆ زاتی "الله"، بۆ نموونە بت پەرستی.

٢- هاوبەش دانان یەکێکە لە گوناهە گەورەکان کە "الله" هەرگیز لێی خۆشنابێت:-

لە سوڕەتی (النساء) پەروەردگار ئاماژەی داوە بە گەورەترین گوناه، کە بەم شێوەیە دەفەرمووێت:-

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾ ﴾ (النساء)

هەمان پەیام لەسوڕەتی (النساء) دووپات کراوەتەوە:-

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ﴿١١٦﴾ ﴾ (النساء)

٣- دەرئەنجامی "الشرك" ئاگری دۆزەخ:-

قورئان پیرۆز لە سورەتی (المائدة) بەم جۆرە ئەدوێت:-

﴿ لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ ۖ وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ ۖ إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٧٢﴾ ﴾ (المائدة)

٤- بەندایەتی و ملکەچی کردن جگە لە "الله" بۆ کەسی تر ناکرێت:-

ئەوەتا پەروەردگار لەسورەتی (آل‌عمران) بەم شێوەیە ئەفەرموێت: ﴿ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾ ﴾ (آل‌عمران)

کۆتایی بەشی یەکەم

قورئانی پیرۆز بەم جۆرە ئەفەرموویێت: ﴿ وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدۡوَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٍ ﴾ (الأنعام: ١٠٨)

واتە: (ئەی ئیمانداران) نەکەن جوێن بدەن بەو بت و شتانەی (نەفامان) هاواری لێدەکەن و دەیپەرستن بێجگە لە خوا، نەوەکو ئەوانیش بە ناحەق و بەنەفامی جوێن بدەن بەخوا، (چونکە ئەوانە) نایناسن و قەدری نازانن .

- ﴿ وَلَوۡ أَنَّمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ مِن شَجَرَةٍ أَقۡلَٰمٞ وَٱلۡبَحۡرُ يَمُدُّهُۥ مِنۢ بَعۡدِهِۦ سَبۡعَةُ أَبۡحُرٖ مَّا نَفِدَتۡ كَلِمَٰتُ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴿٢٧﴾ ﴾ (لقمان)

واتە: خۆ ئەگەر بەڕاستی هەرچی درەخت هەیە لە زەویدا ببنە پێنووس، دەریاش چەندەیە ببێتە حەوت ئەوەندە و (ببێتە مرەکەف و زانستی و نهێنی دروستکراوەکانی خوا بنووسنەوە)، ئەوە هێشتا زانست و زانیاری و فەرمانەکانی خوا هەر تەواو نابێت بەڕاستی خوای گەورە بەدەسەڵاتە و دانایە .

- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٞ فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥٓۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخۡلُقُواْ ذُبَابٗا وَلَوِ ٱجۡتَمَعُواْ لَهُۥۖ وَإِن يَسۡلُبۡهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيۡـٔٗا لَّا يَسۡتَنقِذُوهُ مِنۡهُۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلۡمَطۡلُوبُ ﴿٧٣﴾ ﴾ (الحج)

واتە: ئـەی خـەڵکینە: نموونەیـەك هێنراوەتەوە چـاك گوێی بۆ بگرن :بەڕاستی ئەوانەی کە هاناو هاواریـان لێدەکەن لە جیاتی خوا، هەرگیز ناتوانن تاکە مێشێك دروست بکەن، هەرچەندە بۆ ئەو کارە کۆببنەوەو (یارمەتی یەکتریش بدەن) و ئەگەر مێشەکە شـتێکیان لـێ بفڕێنێـت، نـاتوانن لێـی بسـەننەوە، داواکـار و داوالێکراو هەردووکیان لاواز و بێدەسەڵاتن.

قورئان تاکە کتێبی ئایینیە لەسەر ڕووی زەوی کە ڕاییبگەیەنێت و بڵێت "یەك دانە مارە بکە". هیچ کتێبێکی ئاسمانی دیکە نیە کەفرمان بەپیاو بکات کە یەك ژن مارە بکات. لەهیچ یەکێك لە کتێبە ئایینیەکان جاچ "فیّداس، ڕامەیان، مەهابەهارات، گیتە، تالمود یاخود ئینجیل"، کەس نیە سنوورێك بۆ ژنهێنان بدۆزێتەوە. بگرە بە گوێرەی ئەم کتێبە ئاسمانیانە پیاو ئەتوانێت بەئارەزووی خۆی و چەندی بیەوێت لە ژن مارەیبکات. بەڵام ئەوا لەم کۆتاییانە بوو کە پیاوە ئایینەکانی هیندۆسی و کڵێسای مەسیحیەکان ژمارەی ژن مارەکردنیان بۆیەك دانە سنووردار کرد.

زۆرێك لەکەسایەتیە هیندۆسیەکان بەگوێرەی کتێبە ئاسمانیەکانیان ژمارەیەکی زۆری ژنیان هەبوو. (داشرەت)ی پاشا، باوکی راما زیاتر لەژنێکیان هەبووە. کەیشنا ژمارەیەکی زۆر خێزانی هەبووە.

لەلایەکی تریشەوە لەسەردەمانی سەرەتادا، پیاوە مەسیحیەکان ڕێگایان پێدرابوو بە ئارەزووی خۆیان چەندیان بوێت لە ئافرەت مارەی بکەن، چونکە ئەوکات ئینجیل هیچ سنورێکی دانەناوبوو لەسەر ژمارەی ئافرەت مارەکردن. ئەوە لەم چەند سەدەیەی کۆتایی بوو کە کلێسا ژمارەی مارەکردنی ژنی بۆ یەك ئافرەت سنووردار کرد.

فرەژنی بەهەمان شێوە ڕێگەپێدراوە لەئاینی جولەکە. بەگوێرەی ((یاسای حاخامەکان)) پێغەمبەر "ئیبراهیم" سێ ژنی هەبوو، هەروەها پێغەمبەر "سلێمان" سەدان ژنی هەبوو. فرەژنی بەردەوام بوو تاکو حاخام "گێرشوم بین یەهوودە" (٩٦٠-١٠٣٠) پێش زاینی فرمانێکی بڵاوکردەوە دژی فرەژنی. ئەو خێزانە جوولەکانەی کەلەناو دەوڵەتە ئیسلامیەکان دەژیان بەردەوام بوون لەفرەژنی تاکو ساڵی ١٩٥٠، ئەوکاتەی کە بزووتنەوەی حاخامە گەورەکان هەڵسان بە دەرکردنی یاسایەك بۆ قەدەغەکردنی فرەژنی و سنووردارکردنی بۆ تەنها یەك ژن.

تێبینیەکی گرنگ :بەگوێرەی سەرژمێریەکی ساڵی (١٩٧٥)، هیندۆسەکان زیاتر فرەژنی ئەکەن تاکو موسڵمانەکان. لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی کاروباری ئافرەت لە ئیسلام، کە بڵاوکراوەتەوە لەساڵی (١٩٧٥)، لە لاپەڕە (٦٦) و (٦٧) ئاماژە بەوە ئەکات کە ڕێژەی فرەژنی لەنێوان ساڵانی (١٩٥١ - ١٩٦١)، لەناو هیندۆسەکان بریتی بووە لە(٪٥.٠٦)، لەکاتێکدا لەنێو موسڵمانەکان بریتی بووە لە (٪٤.٣١). ئەبێت ئەوەش بزانین کە بەگوێرەی یاسای هیندستان تەنها پیاوە موسڵمانەکان بۆیان هەیە زیاتر لە یەك ژن مارەبکەن و بۆ پیاوەکانی دەرەوەی ئاینی

ئیسلام قەدەغەیە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەبینین هیندۆسەکان زیاتر لە موسڵمانەکان فرەژنیان کردووە. تا لەم دواییانە هیچ بەربەست و ڕێگرییەك نەمالەبەردەم پیاوە هیندۆسەکان سەبارەت بەژمارەی ئەو ژنانەی مارەی دەکەن. ئەوە لەساڵی ١٩٥٤ بوو کەبزوتنەوەی مارەکردنی هیندۆسەکان داوای بەناياسایکردنی فرەژنی کردبوو بۆهیندۆسەکان. لەئێستاشدا ئەوە یاسای هیندستانە کە هیندۆسەکانی بەستۆتەوە بە مارەکردنی تەنها یەك ژن نەوەکو کتێبی ئاینی هیندۆسەکان.

بائیستاش بزانین بۆچی ئیسلام ڕێیداوە بە پیاو زیاتر لەیەك ژن مارەبکات.

٣. قورئان فرەژنیەکی سنووورداری ڕێگەپێداوە:-

هەروەکو پێشتر ئامارەم پێدا ئیسلام تاکە کتێبی ئایینیە لەسەر ڕووی زەوی کە بڵێت"یەك ژن مارەبکە". ناوەڕۆکی ئەم دەستەواژەیە لەئایەتی (٣)ی سوورەتی (**النساء**)دایە:-

- ﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَلَّا تَعُولُوا (٣) ﴾ (النساء)

پێش هاتنە خوارەوەی قورئان هیچ بەربەستێك نەبوو لەسەر فرەژنی، پیاوان ژمارەیەکی زۆر ژنیان مارە ئەکرد، تەنانەت

هەندێکیان سەد ژنی تێپەڕاندبوو. ئیسلام سنووورداری کردووە بۆ چوار و نەیهێشتووە زیاتر لە ئەوەنە بهێنێت. ئیسلام ڕێگایداوە بە پیاو بە مارەکردنی دوو، سێ، چوار ئافرەت بەلاّم بەو مەرجەی کە دادپەروەر بێت بەرامبەر هەریەکێکیان و بەیەکسانی تەواوی مافەکانیان پێبدات، ئەوەتا لەسورەتی (النساء) پەروەردگار وا دەفەرمویّت:-

﴿ وَلَن تَسۡتَطِيعُوٓاْ أَن تَعۡدِلُواْ بَيۡنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوۡ حَرَصۡتُمۡ ... ﴾ (النساء :١٢٩)

بۆیە فرەژنی یاسایەك یاخود فرمانێك نیە کە پێویست بکات هەموو موسڵمانان بیکەن بەڵکو تەنها بریتیە لە هەڵبژاردنێك. هەندێك کەس بەهەڵە واتێگەشتوون کە پیاوی موسڵمان پێویستە زیاتر لە ژنێك بهێنێت . بەگشتی ئیسلام (٥) چین لە ڕێگەپێدراوەکان و ڕێگەپێنەدراوەکان لەخۆدەگرێت:-

١- فەرز: واجبەکان، ئەوانەی دەبێت بیکەیت.

٢- موستەحەب: داواکراوە کە بکرێت، ئەوانەی کە باشترە بکرێت.

٣- موباح: ڕێپێدراو.

٤- مەکروە: داوانەکراو یاخود هاننەدراوە بەکردنی، ئەو شتانەی کەواباشتر نەکرێن.

٥– حەرام: قەدەغەکراو.

فرەژنــی دەکەوێتــە چـینی ناوەڕاســت لەوانــەی ڕێیانپێــدراوە "موباح". ئەمەش مانای ئەوە نیە کە ئەو موسڵمانەی دوو، سیَ، چوار ژنی هەیە باشترە لەو موسڵمانەی کەیەك ژنی مارەکردووە.

٤. ڕێــژەی مــاوەی ژیــانی ئــافرەت زیــاترە (درێــژترە) لــە هــی پیاودا:–

عادەتن نێر و میَ تارادەیـەك بەڕێژەیـەکی نزیك لەیـەکتر لـە دایك دەبن. بەلاَم دەبێت ئەو ڕاستیە زانستیە بزانین کـە منـداڵی مێینـە خـاوەنی بەرگریـەکی لەشـی زیـاتر و بـەهێزترە لـە بـەرگری لەشـی منداڵی نێرینە. منداڵـە مێینـەکان زیـاتر لەشیان ئەجەنگێت دژی بەکتریا و نەخۆشی تاوەکو لەشی منداڵـە نێرینـەکان. هەربۆیـەش لە تەمەنی منداڵیدا ڕێژەی مردن لەناو نێردا زیاترە تـاوەکو میَ. لەلایەکی تردا کاتی شەڕ و جەنگەکانیش زۆرتـر پیـاو ئـەکوژرێت تـاوەکو ئـافرەت. ئەمـە بێجگـا لـەوەی کـە پیـاوان زیـاتر تووشـی مەرگ ئەبنەوە بەهۆی ڕووداوەکان و نەخۆشیەکان تـاکو ئـافرەت. هەربۆیەشە کە ماوەی ژیانی ئافرەت زیاترە لەماوەی ژیـانی پیـاو، هەروەها لەهەموو کاتێکدا ژمارەی بێوەژنەکان زیاترن لـە ژمـارەی ئەو پیاوانەی ژنەکانیان لەدەست داوە.

٥. ڕێژەی پیاو زیاترە لە هیندستان تاکو ڕێژەی ئافرەت بەهۆی لەباربردن و کوشتنی منداڵ لە تەمەنی ساواییدا:-

هیندستان یەکێکە لەوڵاتە کەمانەی کە هاوشان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی کەتێیدا ڕێژەی مێ کەمترە لەڕێژەی نێر. هۆکارەکەش بەهۆی ئەو ڕێژە بەرزەی کوشتن و لەناوبردنی ڕەگەزی مێیە لەو وڵاتە لەهەموو ساڵێکدا کاتێك بۆیان دەردەکەوێت کەمنداڵەکەیان کچە. ئەگەر ئەم کارە قێزەونە ڕابوەستێت، هیندستانیش وەکو باقی وڵاتەکانی تر ڕێژەی مێ تێیدا زیاتر دەبێت لە ڕێژەی پیاو.

٦. لەجیهاندا، ڕێژەی ئافرەت زیاترە لە ڕێژەی پیاو:-

لە ئەمریکا، ژمارەی ئافرەت بە (٧.٨) ملیۆن ئافرەت ژمارەی پیاوی تێپەڕاندووە. نیۆرك بەتەنها یەك ملیۆن ئافرەتی زیاترە بەبەراورد بە ژمارەی پیاوی ئەو شارە. لە ژمارەی پیاوەکانی نیۆرکیش، یەك لەسەر سێ یان نێربازن. بەتێکرایی زیاتر لە (٢٥) میلیۆن نێرباز لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە، ئەمەش لەڕاستیدا ئەوە ئەگەیەنێت کەئەم پیاوانە ئامادە نین و نایانەوێت ئافرەت مارەبکەن. لەوڵاتێکی تری وەکو بەریتانیای گەورە ژمارەی ئافرەت چوارهێندە زیاترە لە ژمارەی پیاوی. ئەڵمانیا پێنج ملیۆن ئافرەتی بە بەراورد بە پیاو زیاترە. ڕووسیا

نۆ ملیۆن ئافرەتی زیاترە لەژمارەی پیاو هەیە. تەنها خوا دەزانێت ژمارەی ئافرەت بە بەراورد بە ژمارەی پیاو لەجیهاندا چەندە و چەند زیاترە.

٧. بەستنەوەی هەر پیاوێك بە مارەکردنی تەنها یەك ئافرەت گونجاو نیە:-

ئەگەر بێت و هەر پیاوێك یەك ئافرەت مارەبکات، ئەوە زیاتر لە (٣٠) ملیۆن ئافرەت لە ئەمریکا ئەمێننەوە بەبیٚ هاوسەر (ئەمەش پاش ڕەچاوکردنی ئەو ٢٥ ملیۆن نێر بازەی کە هەیە). لەولاٚتەکانی تریش، زیاتر لە (٤) ملیۆن ئافرەت لە بەریتانیای گەورە، (٥) ملیۆن لە ئەڵمانیا و (٩) ملیۆن لە ڕووسیا،بەبیٚ هاوسەر ئەمێننەوە. ئێستاش وا دابنیٚ خوشکەکەی من وا ڕێکەوتووە کە یەکێك بێت لە ئافرەتە مارە نەبڕاوەکان لە ئەمریکا، یاخود وا دابنیٚ خوشکەکەی تۆ یەکێك بێت لەو ژنانە لە ئەمریکا، ئەوکات دوو هەڵبژاردنت لە بەردەم بێت ئەویش یان ئەوەتا خوشکەکەت شوو بکاتە بەپیاوێك کە ژنێکی تری هەیە یاخود ئەوەی کە ببێتە موڵکی گشتی، هیچ هەڵبژاردنێکی تریش نیە. هەموو کەسێکی بەڕێزو بەقەدر هەڵبژاردنی یەکەمی پیٚ باشتر ئەبێت و هەڵی ئەبژێرێت. ئەوە ڕاستە کەزۆرێك لە

ئافرەتان حەز ناکەن کەپیاوەکانیان ژنێکی تر مارەبکان، بەڵام لە ئیسلامدا کاتێك بارودۆخەکە وای پێویست دەکات و دەخوازێت کەپیاو ژنێکی تر بهێنێت، ئەوکات ئافرەتی موسڵمان بەهۆی باوەڕەکەیەوە ئارام ئەگرێت لەسەر لەدەستدانێکی بچووك لەپێناو ڕێگاگرتن لە لەدەستدانێکی گەورەتر کە ناهێڵێت ئافرەتێکی تری موسوڵمان ببێتە موڵکی گشتی.

٨. شووکردن بەپیاوێکی خێزاندار باشترە و خوازراوترە یاخود بوونە "موڵکی گشتی":-

لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوا، زۆر ئاساییە کە پیاو لەدەرەوەی بازنەی خێزاندا لەگەڵ ئافرەتی تر ڕابوێرێت، لەم دۆخەشدا ئافرەت ژیانێکی شەرمەزاریانەی پڕ مەترسی ئەبێت. لە کاتێکدا هەر ئەم کۆمەڵگایە ناتوانێت ئەوە قبوڵبکات کە پیاوێك زیاتر لەیەك ژن مارەبکات کە تێیدا ئافرەت ژیانێکی پڕ سەربەرزانە و بەڕێزی ئەژیت لەکۆمەڵگا،کەلەدواتردا ژیانێکی سەلامەت و بێ ترسی ئەبێت. بۆیە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە مێردیان نیە دوو هەڵبژاردن لەبەردەمە ئەویش ئەوەتە یان شوو بکاتە پیاوێکی خێزاندار یاخود ببێتە"موڵکی گشتی". لە ئیسلامیش پێدانی پلەیەکی پڕ ڕێزو سەربەرزانە بە ئافرەت پێ باشترە لەڕێگەی هەڵبژاردنی

یەكـەم و قەدەغـەكردنی هەڵبـژاردنی دووەم. هۆكـاری تـری زۆر هەیە كەوای كردووە ئیسلام ڕێگە بدات بە فرەژنـی بـەلأم بـەزۆری و بەشێوەیەكی سەرەكی بۆ ئەوەیە كەپارێزگاری بكات لە شكۆ و ڕێزی ئافرەت.

٢ / فرە پیاوی ((فرە مێردی)):-

پرسیار: ئەگەر لە ئیسلامدا ڕێگەدرابێت بە پیاو تازیاتر لەژنێك مارە بكات ئەی كەواتە بۆچی ئەوە لە ئافرەت قەدەغە ئەكات كە شووبكات بە زیاتر لە پیاوێك؟

وەلأم:-

خـەڵكانێكی زۆر بـە هەنـدێك موسڵمانیشـەوە، گومـان ئەكـەن لـە لۆژیك و حەقیقەتی ڕێگەدانی پیاو بە مارەكردنی زیاتر لە ژنێك و ڕەتكردنەوەی پێدانی ئەو مافە بەئافرەت تاكو شـوو بـە زیـاتر لـە پیاوێك بكات. با زۆر بە یەقین و دڵنیاییەوە ئەوە بڵێم كە بناغـەی كۆمەڵگای ئیسلامی دادپـەروەری و یەكسانیە. پـەروەردگار پیـاو و ئافرەتی بە یەكسانی دروست كـردووە، بـەلأم بەكۆمەڵـە توانـا و بەرپرسیاریەتیەكی جیاواز لە یەكتر. پیـاو و ئافرەت جیـاوازن لـە ڕووی جەستە و لایەنی دەروونی، ئەوان هـەروەها لـەڕووی ڕۆڵ و بەرپرسـیاریەتیاندا جیـاوازن. لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا

بەشێوەیەکی گشتی نێر و مێ لە ئیسلامدا یەکسانن، بەلاّم نەک بەشێوەیەکی دەقاودەق یاخود کت و مت (یەکسان بوونێکی تەواوەتی). سووڕەتی (النساء)، ئایەتەکانی (٢٢ تا ٢٤) لیستی ئەو ئافرەتانەیە کە پیاوی موسڵمان ناتوانێت مارەیان بکات:-

- ﴿ وَلَا تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ ءَابَآؤُكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَمَقْتًا وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٢٢﴾ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَٰتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَٰتُكُمْ وَعَمَّٰتُكُمْ وَخَٰلَٰتُكُمْ وَبَنَاتُ ٱلْأَخِ وَبَنَاتُ ٱلْأُخْتِ وَأُمَّهَٰتُكُمُ ٱلَّٰتِىٓ أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَٰتُكُم مِّنَ ٱلرَّضَٰعَةِ وَأُمَّهَٰتُ نِسَآئِكُمْ وَرَبَٰٓئِبُكُمُ ٱلَّٰتِى فِى حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ ٱلَّٰتِى دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُواْ دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلَٰٓئِلُ أَبْنَآئِكُمُ ٱلَّذِينَ مِنْ أَصْلَٰبِكُمْ وَأَن تَجْمَعُواْ بَيْنَ ٱلْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٢٣﴾ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ .... ﴿٢٤﴾ ﴾ (النساء)

ئەم خالأنەی خوارەوە و چەند هۆکارێکن کەوای کردووە (فرە پیاوی) قەدەغە کرابێت.

١- ئەگەر پیاوێك زیاتر لە ژنێك مارەبکات، دایك و باوکی ئەو منداڵەی لەدایك ئەبێت لەم جۆرە مارەکردنە (فرە ژنی) بە ئاسانی ئەزانرێت و ئەناسرێنەوە. هەم باوك و هەم دایکەکەش زۆر بە ئاشکرایی دیارن. بەلأم لەحاڵەتی شووکردنی ئافرەتێك بە زیاتر لە یەك پیاو، تەنها دایکی منداڵە لە دایك بووەکە ئەزانرێت و ئەناسرێتەوە لەم جۆرە هاوسەرگیریە (فرە پیاوی)، لەکاتێکدا باوکەی منداڵەکە نەناسراو دەمێنێتەوە. ئاینی ئیسلام بایەخێکی یەکجار زۆر ئەدات بە ناسنامەی دایك و باوکەکە. ئەوەتا تەنانەت دەروونناسەکانیش باس لەو ڕاستیە دەکەن کە ئەو مندالأنەی کە نازانن دایك و باوکیان کێن، بە تایبەتی تریش باوك، ئەوا ئەو مندالأنە تووشی دۆخێکی زۆر سەختی شڵەژان و ناجێگیری دەروونی دەبن، زۆرێك لەومنداڵەنە زۆرجار منداڵیەکی زۆر ناخۆش و تاڵ بەسەردەبەن. هەر لەبەرئەمەشە کە منداڵی ئەوانەی لەشفرۆشن تەمەنی منداڵیان تەندروست و تەواو نیە. ئەو منداڵەی لەم جۆرە هاوسەرگیریە لە دایك ئەبێت، ئەگەر هاتوو داوایکرد لە دایکەکە ناوی باوکەی چیە، ئەوە پێویستە زیاتر لە دوو ناو یان زیاتر بدات. من ئاگادارم لەوەی کە تازەترین پێشکەوتنە زانستیەکان وایکردووە زانینی ناسنامەی

دایك و باوکەکە بە ئاسانی بزانرێت لە ڕێگای تاقیکردنەوەی ڕەگەزی، هەربۆیەش ئەم خاڵە بۆ ڕابردوو ئەشیا و گونجاو بوو بەلاّم بۆ ئێستا ناشێت.

٢- لەڕووی سروشتیدا پیاو زیاتر توانای فرەیی (تعدد)ی هەیە تاوەکو ئافرەت.

٣- لەڕووی بایۆلۆجیەوە، زۆر ئاسانە بۆ پیاو کەوەك هاوسەرێك بە ئەرکەکانی هەڵبستێت سەرەڕای بوونی زیاتر لە ژنێك. بەلاّم بۆ ئافرەتێك لەهەمان بارودۆخی هاوشێوە و بەبوونی زیاتر لەیەك هاوسەر مەحاڵ و سەخت ئەبێت کە ئەرکەکانی وەکو ژنێك ڕاپەڕێنێت. ئەمەش پاش ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیەی کە ئافرەت بە کۆمەڵێك گۆڕانی دەروونی و جەستەی دەڕوات بەهۆی قۆناغە جیاوازەکانی حەیز (بێ نوێژی) لە ئافرەتدا.

٤- ئەو ئافرەتەی کە زیاتر لە یەك مێردی هەیە لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر هاوبەشی ژیانی هەیە، بەمەش ئەگەری تووشبوونی بە نەخۆشیە سێکسیەکانی هەیە و ئەکرێت ئەم نەخۆشیانە بگوازرێتەوە بۆ هاوسەرەکەی ئەگەرچی هاوسەرەکەشی پێشتر لەگەڵ ژنی تر نەبووبێت. بەلاّم ئەم دۆخە بەسەر پیاودا ناسەپێت کە زیاتر لە یەك ژنی هەیە، وە هیچ یەکێك لە خێزانەکانی پێشتر لەگەڵ پیاوێکی تردا نەبووە.

ئەم هۆکارانەی سەرەوە ئەوانەن کە مرۆڤ ئەتوانێت بە ئاسانی هەستیان پێبکات، لە کاتێکدا هۆکارگەلێکی تر هەن کە تەنها پەروەردگار لەرێگای زانستە رەهاکەی ئەزانێت بۆچی فرەپیاوی قەدەغەکردووە.

٣ / سەرپۆشی ئافرەت:-

پرسیار:- بۆچی ئیسلام بێ رێزی دەکات بەرامبەر ئافرەت و داوای لێ ئەکات خۆی داپۆشێت؟

وەڵام:- دۆخی ئافرەت لە ئیسلامدا زۆربەی جارەکان ئامانجی راگەیاندنە عەلمانیەکان بووە. حیجاب یاخوو پۆشاکی ئیسلامی ئافرەت لای هەندێك کەس وەکو نموونەیەك دائەنرێت لە چەوساندنەوەی ئافرەت لەژێر سایەی ئیسلامدا. پێش ئەوەی باس لەوهۆکارانە بکەین کەبۆچی لەرووی ئاینیەوە داوای پۆشینی حیجاب کراوە، با بکۆڵینەوە لە پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگاکانی پێش هاتنی ئیسلام.

١- لەرابردوودا، ئافرەت بێ رێزی بەرامبەرکراوە و وەك ئامرازی تێرکردنی ئارەزووەکانی پیاو بینراوە.

ئەم نموونانەی خوارەوە کەلە مێژوودا هەن، راستی پێگەی ئافرەت دەردەخەن لە شارستانیەکانی پێشین کە تا چ ئاستێك

پێگەی ئافرەت نزم بووە تائەو ڕادەیەی کەسادەترین شکۆ و مافێکی مرۆڤبوونی لێ زەوتکرابوو.

أ- شارستانیەتی بابلیەکان: بەگوێرەی یاسای بابلیەکان ئافرەت سووکایەتی پێکرابوو، وە لەتەواوی مافەکانی بێ بەشکراوبوو. ئەوەتا بەگوێرەی یاساکانیان ئەگەر پیاوێك ژنێکی بکوشتایە، ئەوە لەجیاتی ئەوەی پیاوە بکوژەکەیان سزا بدایە دەچوون خێزانی پیاوە بکوژەکەیان دەکوشت.

ب- شارستانیەتی یۆنانیەکان: شارستانیەتی یۆنانی بە شکۆمەندترین شارستانیەت ناسراوە لەناو شارستانیەتەکانی پێشین. لەژێر دەسەلأتی ئەم سیستەمە شکۆمەندە ئافرەت دابڕێنراوە لەمافەکانی و بەکەم سەیرکراوە. لەبیرو باوەڕی یۆنانی، ئافرەتێکی خەیاڵی بەناوی"پاندۆڕ" کەپێیان وایە سەرچاوەی بەدبەختی مرۆڤەکانە. یۆنانیەکان ئافرەتیان لەڕەگەزی مرۆڤایەتی دەرکردبوو وە بەنزمتر دایاندەنا لەئاست پیاودا. لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەوەی داوێن پاکی ئافرەت بایەخداربووە و ئافرەت لەپلەیەکی بەرزی ڕێزدا بووە بۆماوەیەك، بەلأم دواتر یۆنانیەکان کەوتنە ژێرباری غرور و لادانی ئەخلاقیەکان. لەدەرئەنجامدا داوێن پیسی بووە کاری بەردەوامی سەرجەمی چینەکانی کۆمەڵگای یۆنانی.

ت- شارستانیەتی ڕۆمانی: لەو کاتەدا کە شارستانیەتی گەیشتبووە لووتکەی شکۆی، پیاو ئەیتوانی و ئەو مافەی هەبوو کەکۆتایی بەژیانی خێزانەکەی بێنێت. داوێن پیسی و ڕووتی ئافرەت کارێکی باو و ئاسایی بوو لەناو ڕۆمانیەکان.

پ- شارستانیەتی میسری: میسریەکان وا لە ئافرەتیان دەڕوانی کە سەرچاوەی شەڕ و خراپی یەو نیشانەیەکی شەیتانە.

ج- عەرەبی پێش ئیسلام: پێش بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە عەرەبستان، عەرەبەکان بە چاوێکی نزمەوە لە ئافرەتیان ئەڕوانی و زۆرجاریش کە منداڵی مێینە لە دایك ئەبوو، هەر بەزیندویەتی زیندەبەچاڵ دەکرا.

٢- ئیسلام ئافرەتی بەرز ڕادەگرێت و یەکسانی پێ دەبەخشێت و دەخوازێت لەئافرەت کەپێگەیی کۆمەڵایەتیان بگەڕێننەوە:-

ئیسلام (١٤٠٠) ساڵ بەر لەئێستا پێگەی ئافرەتی بەرزکردەوە و تەواوی مافەکانی پێدا. پێشبینی ئەوەشی لێکردن تا پێگەی خۆیان بەدەست بێننەوە.

• حیجاب بۆ پیاو:- زۆرجار ئێمە واگومان ئەبەین کە حیجاب تەنها بۆ ئافرەتە و گفتوگۆی لەسەر ئەکەن. لەکاتێکدا لە قورئانی پیرۆز، پەروەردگار سەرەتا باسی حیجاب "داپۆشینی" پیاوی کردووە و پاشان هاتووەتە سەر باسکردنی حیجابی ئافرەت.

هەروەك لەسورەتی (النور) ئەمە ئەبینرێت:-

- ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾﴾ (النور)

لەو چرکەساتەی کەپیاو سەیری ئافرەتێك دەکات، ئەگەر هەر بیرۆکەیەکی خراپ و ناشیرینی بەمێشکیدا هات، ئەوە پێویستە یەکسەر چاوی دابخات و سەیری نەکات.

- **حیجاب بۆ ئافرەت:- لەئایەتی دواتری هەمان سورەت (النور) پەروەردگار دەفەرموێت:-**

- ﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَىٰ عَوْرَاتِ النِّسَاءِ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٣١﴾﴾ (النور)

٣- شەش تایبەتمەندی حیجاب:-

بەگوێرەی قورئان و سونەت شەش تایبەتمەندی پێویستە لە حیجابدا ببینرێت.

١-چەندێتی داپۆشین: یەکەم تایبەتمەندی بریتیە لەوەی پێویستە چەند بەشی لەش داپۆشێت. کە ئەمەش جیاوازی هەیە لەنێوان پیاو و ژندا. سنووری یاسایی داپۆشین بۆ پیاوان داپۆشینی لەشە لە ناوکەوە تاکو ئەژنۆکان.

بۆ ئافرەتیش، سنووری داواکراوی داپۆشین بریتیە لە تەواوی جەستە جگە لەڕووخسار و دەستەکان تاکو مەچەك. بەڵام ئەگەر خۆیان ویستیان ئەوە ئەتوانن ئەو بەشانەش داپۆشن. هەندێك لە زاناکانی ئیسلام جەخت دەکەنەوە لەوەی کە ڕووخسار و دەستەکانیش بەشێکن لەسنووری داواکراوی داپۆشین بەحیجاب.

پێنج تایبەتمەندیەکەی تر وەکو یەکن بۆ پیاو و ئافرەت:

٢- پۆشاکەکە پێویستە شۆڕو فراوان بێت و شوێنەکانی لەش دەرنەخات.

٣- پۆشاکەکە پیویستە (ڕوون) نەبێت وەك ئەوانەی کە ئەتوانرێت ئەندامەکانی لەشی لەژێریدا ببینرێت.

٤- پۆشاکەکە نابێت زۆر سەرنجڕاکێش بێت کە سەرنجی ڕەگەزی بەرامبەر بۆ خۆی ڕابکێشێت.

٥- پۆشاکەکە نابێت هاوشێوەی پۆشاکی ڕەگەزی بەرامبەر بێت.

٦- پۆشاکەکە نابێت هاوشێوەی پۆشاکی بێ باوەڕان بێت. نابێت جلێك بپۆشێت کە تایبەت و هێمای ئایینی بێباوەڕانە.

٤- حیجابی ئاکار و ڕەوشتیش لەخۆدەگرێت لەنێوان شتەکانی تر:-

بۆتەواو جێبەجێکردنی حیجاب، هاوشان لەگەڵ شەش تایبەتمەندیەکە، ڕەفتار و ڕەوشت و نیەتی کەسەکەش لەخۆدەگرێت. ئەوکەسەی کە بەجێبەجێکردنی شەش تایبەتمەندیەکەی حیجاب وائەزانێت کە حیجاب پۆشینی بەدروستی بەجێ گەیاندووە، ئەوە حیجابی لە گۆشە نیگایەکی تەسکدا بینیووە. حیجاب پۆشینی جل و بەرگ پێویستە هاوشان بێت لەگەڵ داپۆشینی چاوەکان، داپۆشینی دڵ، داپۆشینی بیرۆکەکان و داپۆشینی نیەت. نەك ئەوەندە بەڵکو شێوازی ڕۆیشتنی کەسەکە، شێوازی ڕەفتار و گوفتاریشی لەخۆدەگرێت.

٥- حیجاب ڕێگری دەکات لە دەستدرێژی و بێزارکردن:-
هۆکاری ئەوەی بۆچی حیجاب بڕیاردراوە بۆ ئافرەت لەسوڕەتی **(الأحزاب)** باسکراوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٥٩ ﴾ (الأحزاب)

قورئان ئاماژە ئەکات بەوەی کەهۆکاری بڕیاردانی حیجاب بۆ ئافرەت ئەوەیە تاکو ئافرەتی بەڕێز و بەقەدر بناسرێن و بەهۆی ئەمەش پارێزراو بن لە بێزارکردن و دەستدریژی.

٦- نموونەی دووخوشکی دووانە:- وادابنێ دوو خوشك کە دوانەن و هەر وەکو یەکیش جوانن، بەشەقامێکدا تێپەڕ ئەبن. یەکێکیان حیجابی ئیسلامی پۆشیوە، واتا تەواوی لەش جگە لە ڕووخسار و دەستەکانی تاکو مەچەك. خوشکەکەی تریش پۆشاکێکی ڕۆژئاوای لێ پۆشیوە کە تەنوورەیەکی کورت و تەسکە، لە سوچێکیشدا کەسێکی تاوانبار و نەفس نزم چاوەڕێیە تا ئافرەتێکی دەسبکەوێت و ئارەزووە چەپەڵ و پیسەکانی پێ دابمرکێنێتەوە. بەبڕوای تۆ دەستدرێژ دەکاتە سەر کامیان؟

ئەوەیان کە حیجابی پۆشیوە یاخود ئەوەی تەنوورە کورت و تەسکەکە پۆشیوە؟ عادەتەن وئەتوانین تەنانەت بڵێین هەمووکات

دەستدرێژی دەکاتە سەر ئەو کچەیان کە تەنوورە کورت و تەسکەکەی پۆشیووە، چونکە ئەم جۆرە پۆشاکانە بانگێشتێکی ناڕاستەوخۆی ڕەگەزی بەرامبەر ئەکات بۆ ڕابواردن و دەستدرێژی و سەرەنجیان ڕادەکێشێت. قورئانیش ڕاستگۆیانە ئەوەی ڕاگەیاندووە کە حیجاب ئافرەت ئەپارێزێت لە دەستدرێژی بۆکردن سەر.

٧- سزای مردن بۆ دەستدرێژی کاران:-

لە شەریعەتی ئیسلامدا کەسێك تاوانباربێت بە دەستدرێژکردنە سەر ئافرەتێك ئەوە سزاکەی مردنە. هەندێك کەسیش هەن سەریان سووڕماوە لەم سزایە و بە "دڵڕەقانە"ی ئەزانن، تەنانەت هەندێك دەڵێن ئیسلام ئاینێکی دڕندانەی وەحشیانەیە. منیش پرسیارێکی سادەم کردووە لەسەدان کەسی غەیرە مسوڵمان. پێیانم وتووە وادابنێ خوا نەخواستە، کەسێك دەستدرێژ بکاتە سەر خێزانەکت، دایکت یاخود خوشکت، تۆش بوویتە حاکم و کەسەکەیان هێنایە بەردەستت. چ سزایەکی دەدەیت؟ هەموو ئەو کەسانە وتیان سزای مردن بەسەر تاوانبارەکە دەسەپێنین، تەنانەت هەندێکیان وتیان ئازارێکی زۆر و قورسی دەدەین تاوەکو دەمرێت، منیش بەوانم ووت باشە ئەگەر کەسێك

دەستدرێژی کردە سەر خێزانت یاخود دایکت ئەوە دەیکوژێت بەڵام ئەگەر هەمان کاری دەستدریژی بەسەر خێزان یاخود کچی کەسێکی تربێت، ئەوە سزای مردنت پێ دڕندانەیە و پێت قەبووڵناکرێت، باشە ئەم دوو پێوەرە بۆچی؟

٨- کۆمەڵگای ڕۆژئاوا ڕاست ناکات کاتێك دەڵێت پێگەی ئافرەتی بەرزکردۆتەوە:-

ئازادی ئافرەت کە ڕۆژئاوا بانگەشەی بۆ ئەکات هیچ شتێك نیە جگە لە شێوازێکی سوودوەرگرتن لە جەستەی ئافرەت، لەنرخ دابەزاندنی نەفسی و لە ڕێز و شکۆخستنی. ڕۆژئاوا باس لەوە دەکات کەئافرەتی بەرز ڕاگرتووە بەڵام بە پێچەوانەوە پلەی ئافرەتیان نزم کردۆتەوە (بۆ بەدووەم سەیرکردن) یاخود وەکو ئامێر وان لەدەستی شەهوەتبازەکان و بازرگانەکانی داوێن پیسی، یان شاردراونەتەوە لەپشت شاشەی ڕەنگاوڕەنگی هونەر و کەلتوور.

٩- ئەمریکا بەرزترین ڕێژەی دەستدرێژکردنی هەیە:-

ئەمریکا یەکێکە لەو وڵاتە پێشکەوتووەکان کەچی بەرزترین ڕێژەی دەستدرێژکردنی تێدایە لەهەموو جیهان. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی FBI لەساڵی (١٩٩٠) لەهەر ڕۆژێکدا نزیکەی

(١٧٥٦) کەیسی دەستدرێژی تۆمارکراون بەتەنها لە ئەمریکا، دواتر راپۆرتێکی تر ئامارەی بەبوونی (١٩٠٠) حاڵەتی دەستدرێژیکردن کرد لە ئەمریکا. ساڵەکە باسنەکرابوو، ڕەنگە لەنێوان (١٩٩٢ یان ١٩٩٣) بێت. ڕەنگە ئەمریکیەکان بێ شەرمتریش بووبن لەساڵەکانی دواتردا.

ئێستا ئەو سیناریۆیە بهێنە پێش چاوت کە حیجاب پۆشین لە ئەمریکا جێ بەجێ کرا. کاتێك پیاوێك سەیری ئافرەتێکی کردو بیرۆکەی خراپ و ناشرینی بۆ هات یەکسەر چاوەکانی دابخات. لەولاشەوە ئافرەت حیجابی ئیسلامی بپۆشێت واتا هەموو جەستەی جگە لە ڕووخسار و دەستەکان تاکو مەچەك. پاش ئەمەش جگە لە پیاوێك دەستدرێژیکرد سزای مردنی بەسەردا بسەپێنرێت. پرسیارێکت لێ ئەکەم، لەسیناریۆیەکی وادا، ئایا حاڵەتەکانی دەستدرێژی زیاد دەکەن لەئەمریکا، یاخود وەك خۆی ئەمێنێتەوە، یان ئەوەتا ڕێژەکە دادەبەزێت.

١٠- بە جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام ڕێژەی دەستدرێژیکردن دادەبەزێت:-

هەر لەگەڵ کارکردن بە شەریعەتی ئیسلام دەرئەنجامی ئەرێیی و دڵخۆشکەر لێ بەرهەم دێت. ئەگەر شەریعەتی ئیسلام لەهەر

بەشێکی جیهاندا کاری پێبکرێت جا ئەمریکا بێت یاخود ئەوروپا ئەوا کۆمەڵگا ئەحەسێتەوە. حیجاب سوکایەتی بەئافرەت ناکات بەڵکو بە پێچەوانەوە بەرزی دەکاتەوە و پارێزگاری دەکات لە پاکێتی و کەرامەتی.

٤ / ئایا ئیسلام لەڕێگای شمشێرەوە بلاّوبووەتەوە ؟

پرسیار: چۆن ئەکرێت بە ئیسلام بوترێت ئاینی ئاشتی لەکاتێکدا لەڕێگای بەکارهێنانی شمشێردا بلاّوبووەتەوە؟

وەڵاّم: یەکێك لەڕەخنە دیارەکانی هەندێك لەوانەی مسوڵمان نین ئەوەیە ئیسلام گەر لەڕێگای بەکارهێنانی شمشێر و هێز نەبوایە ئەوا ئەو ملیۆنان شوێنکەوتووەی نەدەبوو. ئەم کۆمەڵە خالاّنەی خوارەوە ئەوە ڕوون ئەکەنەوە دوور لەبەکارهێنانی هێز، ئەوا هێزی ئەو ڕاستی و حەقیقەتەی کەلەناواخنی ئیسلامدا هەیە و عەقڵ و لۆژیك هۆکاری ئەو بلاّوبوونە خێرایەی ئیسلام بوون.

١- ئیسلام واتای ئاشتی: وشەی ئیسلام لەڕەگی "سەلام" هاتووە کە بەمانای ئاشتی دێت. هەروەها بەمانای ملکەچبوون دێت بۆ خودا (الله). کەواتە ئیسلام ئایینی ئاشتیە بەلاّم ئەمەش لەڕێگای ملکەچبوونی تەواوی مرۆڤە بۆ ویستی دروستکاری بالاّدەست ((الله)).

٢- هەندێك جار هێز پێویستە بۆ دەستخستنی ئاشتی:-
تەواوی مرۆڤەکانی دونیا ئارەزوو یاخود پاڵپشتی بوونی ئاشتی و تەبایی ناکەن. زۆرانێك هەن کەئامادەن ئەو ئاشتیە تێکدەن بۆبەرژەوەندی خۆیان. بۆیەش هەندێکجار هێز پێویستە بەکاربخرێت بۆ پارێزگاریکردنی ئاشتی. هەرلەبەر ئەمەش کەئەبینین پۆلیس هەیە کەهێز بەکاردێنن دژی تاوانکار و تێکدەرانی کۆمەڵگا تاکو ئاشتی وڵات بپارێزن. ئیسلام هانی ئاشتی ئەدات، لەهەمان کاتیشدا داوادەکات لە شوێنکەوتووانی کەبجەنگن دژی ستەم و زۆرداری. جەنگی دژی ستەمیش هەندێکجار پێویستی بە بەکارهێنانی هێزهەیە. لە ئیسلامدا هێز تەنها بەکاردێت بۆ پارێزگاریکردن و هاندانی ئاشتی و دادپەروەری.

٣- بۆچوونی مێژوونووس ((دی لاسی ئۆلێری)):-
مێژوونووسی بەناوبانگ ((دی لاسی ئۆلێری)) باشترین وەڵامی داوەتەوە بۆ ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەی کەگوایە بڵاوبوونەوەی ئیسلام دەرئەنجامی بەکارهێنانی شمشێر بووە . ئەو لەلاپەڕە "٨"ی پەرتووکەکەی بەناوی "ئیسلام لەسەر دوو ڕێیانەکە" دەڵێت:

"مێژوو دواجار ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەفسانە و ناڕاستبوو چیرۆکی بوونی موسڵمانە توندڕەوەکان کە چۆن دونیایان سڕیوەتەوە و شمشێریان بەکارهێناوە بەسەر نەتەوە ژێردەستەکان، بەمەش ئەم چیرۆکە دەبێتە پڕوپووچترین ئەفسانە کە مێژوونووسەکان دووبارەیان کردوەتەوە".

٤- موسڵمانەکان (٨٠٠) ساڵ فەرمانڕەوایەتی ئیسپانیایان بەڕێوەبرد کەچی هەرگیز شمشێریان بەکارنەهێنا تازۆر لەخەڵك بکەن ئاینیان بگۆڕن. کەچی دواتر مەسیحیە خاچپەرستەکان هاتن و موسڵمانیان نەهێشت. موسڵمانێك نەما کەبتوانێت بەئاشکرا بانگ بدات بۆ نوێژکردن.

٥- (١٤) ملیۆن عەرەب مەسیحی قیبطین:-

موسڵمانان (١٤٠٠) فەرمانڕەوایەتی عەرەبستانیان کرد. چەند ساڵێکیش بەریتانیەکان فەرمانڕەوایەتیان کرد پاشان فەرەنسیەکان. کەچی تائێستاش (١٤) ملیۆن عەرەب مەسیحی قیبطین واتا لەبناغەدا مەسیحی بوون. گەر موسوڵمانەکان شمشێریان بەکارهێنابێت کەواتا دەبوو ئێستا یەك عەرەب نەمایە کە مەسیحی بێت.

٦- نزیکەی ٪٨٠ غەیرە موسوڵمان لە هیندستانن:-
موسوڵمانەکان نزیکەی هەزار ساڵ فەرمانڕەوایەتی هیندستانیای کرد. ئەگەر بیانویستایە ئەوە دەیانتوانی هەموو ئەوانەی موسوڵمان نین بەزۆر بیکەنە موسوڵمان. کەچی ئەمڕۆ نزیکەی (٪٨٠) ی دانیشتوانی هیندستان غەیرە موسوڵمانن. هەموو ئەو هیندیە غەیرە موسڵمانانە شاهێدن کە ئیسلام بڵاونەبۆتەوە لەڕێگای شمشێر.
٧- ئەندەنوسیا و مالیزیا:-
ئەندەنوسیا وڵاتێکە کە گەورەترین ڕێژەی موسوڵمانی تێدای لەتەواوی جیهاندا. زۆربەی خەڵکی مالیزیاش موسڵمانن. ڕەنگە یەکێك هەبێت وبپرسێت، ئەرێ کام لەشکری ئیسلامی چووەتە ئەندەنوسیا و مالیزیا؟
٨- کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا:-
بەهەمان شێوەی پێشوو ئاینی ئیسلام بڵاوبوونەوەیەکی خێرای هەبوو لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا.ڕەنگە ئەمجارەش کەسێك هەبێت پرسیار بکات و بڵێت گەرئیسلام لەڕێگای شمشێرەوە بڵاوبوەتەوە، ئەی باشە کام لەشکری موسڵمانان ڕۆیشتۆتە کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا؟

٩- تۆماس کارلیلی:-

میژوونووسی بەناوبانگ "تۆماس کارلیلی" لە پەڕتووکەکەی "پاڵەوانەکان و پاڵەوان پەرستەکان"، باس لەو هەڵە تێگەیشتنە ئەکات کە دەربارەی بڵاْبوونەوەی ئاینی ئیسلام. تۆماس بەم جۆرە ئەڵێت:-

"شمشێر، بەڵێ بێگومان شمشێر بوو، بەلاْم تۆ شمشێر لە کوێ دێنیت؟ هەموو بۆچوونێکی نوێ لەسەرەتادا کەسێك خاوەنێتی، لە مێشکی کەسێکدا دەبێت، هەر لەوێدا گەشە ئەکات. بەمەش لەهەموو جیهاندا یەك کەس باوەڕی بەو بۆچوونە هەیە، یەك کەس بەرامبەر هەموو کەسەکانی جیهان. وتنی ئەوەی کە ئەو کەسە دەست ئەداتە شمشێر و ڕووبەڕووی ئەو هەموو کەسە ئەبێتەوە سوودێکی وای پێناگەیەنێت. بەگشتی ئەو بۆچوونە هەرخۆی بڵاْودەبێتەوە."

١٠- زۆرلێکردن نیە لەدین:-

لەگەڵ کام شمشێردا ئیسلام بڵاْوبوویەوە؟ ئەگەر بێت و موسڵمانان ئەو شمشێرەیان پێ بووایە ئەوە نەیان ئەتوانی بەکاری بێنن بۆ بانگەواز کردن بۆ ئاینەکەیان چونکە ئەوەتا لە سوڕەتی (البقرة) پەروەردگار وا دەفەرمووێت:-

- ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ ﴾ (البقرة :٢٥٦)

١١- شمشێری وشیاری و زرنگی:-

ئەوە شمشێری وشیاری و ژیری بوو، ئەو شمشێرەی کە دڵ و ژیری مرۆڤەکان ئەکاتەوە. پەروەردگار لە سورەتی (النحل) ئایەتی (١٢٥) بەمجۆرە ئەفەرموویێت:-

- ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ ﴾(النحل :١٢٥)

١٢- زیادبوونی شوێنکەوتوانی لەنێوان ئاینەکانی تری جیهانی لەسالأنی ١٩٣٤ تاکو ١٩٨٤:-

لەبابەتێك لە "ڕید ێرس دایگێتست ئەلماناکا" کەساڵی دەرچوونی (١٩٨٦)ە، ئامارێکی خستۆتە ڕوو لەڕێژەی زیادبوونی سەرەکیترین ئاینەکانی جیهان لەنیو سەدەدا لەنێوان سالأنی ١٩٣٤ تا ١٩٨٤. ئەم بابەتە لەگۆڤاری ((دە پلەین تروث))یش بلأوکرابوویەوە. لەلوتکەی لیستەکە ئاینی ئیسلام بوو کەزیادبوونی بەخۆی دیبوو بەڕێژەی (٪٢٣٥) پاشان مەسیحیەت بە (٪٤٦). ڕەنگە کەسێك پرسیار بکات بلێت، باشە ئەبێت لەو سەدەیەدا چ جەنگێکی لەخۆگرتبێت کەوای کردبێت ملیۆنان کەس ئاینیان بگۆڕن بۆ ئیسلام؟

١٣- ئیسلام ئاینێکە کەخێراترین بڵاوبوونەوەی هەیە لە ئەمریکا و ئەوروپا:-

ئەمڕۆ، ئیسلام تاکە ئاینە کەخێراترین بڵاوبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێ لە ئەمریکا و ئەوروپا. ئەبێت چ شمشێرێك زۆری کردبێت لە ڕۆژئاوا تابەو ژمارە گەورەیە ئیسلام قبوڵبکەن؟

١٤- دکتۆر جۆسێف ئادەم پیرسۆن:-

دکتۆر جۆسێف ئادەم پیرسۆن ڕاستی وتووە کە دەڵێت ((ئەوانەی کە ئەترسن لەوەی چەکی ئەتۆمی بکەوێتە ژێردەستی عەرەبەکان، بێ ئاگان لەوەی کەبۆمبی ئیسلامی ماوەیەك خراوەتە خوارەوە، ئەوکاتە خراوەتە خوارەوە کە محمد (ﷺ) لەدایك بوو.

٥/ موسڵمانان توندڕە و تیرۆریستن:-

پرسیار: بۆچی زۆربەی موسڵمانان توندڕە و تیرۆریستن؟

وەلام:-

ئەم پرسیارە زۆرجار ڕووبەڕووی موسڵمانان ئەبێتەوە جا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود بە ناراستەوخۆ، یان لەکاتی گفتوگۆکردن دەربارەی ئاین یاخود ئەو ڕووداوانەی لە جیهان ڕوودەدات. بە گشتی سەیرکردنی موسڵمانان بەردەوامی هەیە

لـە ڕاگەیاندنـەکان کەئەمـەش بـەهۆی کـەمی زانیاریـە دەربـارەی ئیسـلام و موسـولّمانان، لەڕاسـتیدا ئـەم کـەم زانیارییـە و پڕوپاگەنـدە هەڵەیانـە زۆرجار بووەتـە هـۆی جیـاوازی کـردن لـە مامەڵـە و کـرداری توندوتیـژی بەرامبـەر موسـولّمانان. ئـەو حاڵەتـەی ئەمـە ئەسـەلمێنێت "کـەمپینی دژە – موسـولّمانە" لـە ڕاگەیانـدنی ئـەمریکی ڕاسـتەخۆ پـاش ڕووداوی تەقینەوەکـەی ئۆکلاهۆمـا. ڕۆژنامـەکان زۆر خێـرا بـوون لـەوەی ڕاسـتەوخۆ بانگەشەی ئەو چیرۆکەپڕوپووچە بکەن کە ڕۆژهـەلاّتی ناوەڕاست لە پشت هێرشەکەوەیە. بەلاّم دواتردەرکەوت لایـەنی بەرپرسیار لە تەقینەوەکە ئەفسەرێکی هێزی سەربازی ئەمریکا بوو.

بـا هـەردوو بانگەشـەی " تونـدڕەوی" و "تیرۆرسـتی" شـی بکەینەوە:–

١– پێناسەی چەمکی "توندڕەوی":–

تونـدڕەو بـەو کەسـە دەوترێـت کـە شـوێن بنـەمای بنـەڕەتی و سەرەکیەکانی ئەو بیر و بۆچوون و ئایدەلۆژیـەی باوەڕی پێیـەتی دەکـەوێت و پشـتگیری لێـدەکات. بـۆ کەسـێك کەبیـەوێت ببێتـە دکتـۆرێکی چـاك پێویسـتە بنـەما سـەرەکی و بنەڕەتیـەکانی پزیشـکی بزانێـت و بەرجەسـتەیان بکـات. بـۆ کەسـێك تاببێتـە

بیرکـاری زانێکـی لێهـاتوو ئـەوە پێویسـتە بنـەماکانی بیرکـاری بزانێـت و شـوێنیان کـەوێت و جـێ بـەجێ یـان بکـات. پێویسـتە ئەوکەسـێکی تونـدڕەو بێـت لـەبواری بیرکـاری. بـۆ کەسـێك کـە بیـەوێت زانایـەکی لێهاتووبێـت پێویسـتە شـارەزابێت و شـوێن و بەرجەسـتەی بنـەما سـەرەکیەکانی زانسـت بکـات، پێویسـتە کەسێکی توندڕەوبێت لەبواری زانستدا.

٢- سەرجەم توندڕەوەکان وەکویەك نین:-

ناکرێـت هـەموو تونـدڕەوەکان وەکویـەك سـەیربکرێن، ناکرێـت سـەرجەمی تونـدڕەوەکان کۆبکەینـەوە لـەژێر ناونیشـانی بـاش و خـراپ. دابەشـکردن یـاخود بەچـین کردنـی تونـدڕەوەکان پشـت ئەبەستێتە ئەو بوارەی یاخود ئـەو کـردارەی کـە تونـدڕەوە تێیـدا. دژە توندڕەوەکان دەبنە هۆی کێشە و ناخۆشی بۆ کۆمـەڵگا، هـەر بۆیـەش کەسـانی خـوازراو نـین. ئەمـە لەکاتێکـدا دکتـۆرێکی تونـدڕەو سـوود بـە کۆمـەڵگا ئەگەیـەنێت و بەهۆیـەوە دەبێتـە خاوەنی ڕێز و قەدر.

٣- شانازی ئەکەم کە موسوڵمانێکی توندڕەوم:-

موسـوڵمانێکی تونـدڕەوم کـە پشـت بـەخوا بنـەما سـەرەکی و بنەڕەتیـەکانی ئیسلام شارەزام و شـوێنیان ئەکـەوم و هەوڵئـەدەم

بۆ کارپێکردنیان. موسوڵمانی ڕاستەقینە شەرم ناکات لەبوونە توندڕەو. شانازی ئەکەم کە موسڵمانێکی توندڕەوم چونکە ئەزانم بنەما سەرەکی و بنەڕەتیەکانی ئیسلام سوودبەخشن بۆ مرۆڤایەتی و سەرجەمی جیهان. هیچ بنەمایەکی ئیسلام نیە کە زەرەر بگەیەنێت یاخود پێچەوانەی بەرژەوەندی گرۆی مرۆڤ بێت بەگشتی. خەڵکانێکی زۆر هەڵە حاڵیبوونیان هەیە لەو بۆچوونەدان کە کۆمەڵێك لە بنەما و ڕێنمایەکانی ئیسلام نادادپەروەرانە و نەشیاوە. ئەمەش دەرئەنجامی ئەو زانیاریە کەم و هەڵانەیە کە دەربارەی ئیسلام هەیانە. ئەگەر کەسێك بەعەقڵێکی کراوەو فراوانەوە هەڵسێت بەشیکردنەوەی بنەماکانی ئیسلام ئەوە ئەگاتە ئەو ڕاستیەی کە ئاینی ئیسلام سوود ئەبەخشێت لەسەر هەردوو ئاستی تاکەکەسی و کۆمەڵدا.

٤- پێناسەی چەمکی "توندڕەو" بەگوێرەی فەرهەنگ:-

بەگوێرەی فەرهەنگی ((وێبستێر))، توندڕەوی جوڵانەوەیەك بوو لە ناو ئەمریکای پرۆتستانتی کەسەری هەڵدا لەسەرەتای سەدەی بیستەم. ئەوە پەرچەکردارێك بوو دژ بە نوێگەری، هەروەها جەختکردنەوە بوو لەبێ کەم و کورتی و بێ خەوشی ئینجیل نەك تەنها لەلایەنی باوەڕو کرداری بەڵکو وەکو تۆمارێکی

میـژوویی پێـداگیری دەکـرد لـەوەی کـە ئینجیـل وتـەی خوایـە.
کەواتە"توندڕەوی" چەمکێکە لەسەرەتادا بەکارهێنراوە بۆ ئەو گروپـە مەسـیحیەی کـە لەوباوەڕەیـە بـوون ئینجیـل وتـەی پەروەردگارە و بێ هیچ هەڵەو خەوشێکە.
بـەگوێرەی فەرهـەنگی ((ئۆکسـفۆرد)) "تونـدڕەویی" بریتیـە لەدەستگرتنێکی توونـد بـە بیروباوەڕی دێـرین و سـەرەکی هـەر ئاینێك، بەتایبەتی ئیسلام.
ئەمڕۆ هەر لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی "توندڕەو" لەلای کەسێك، هەموو بیر لە موسوڵمانێك ئەکەنەوە کە تیرۆرستە.
٥- هەموو موسڵمانێك پێویستە تۆقێنەر بێت:-
هەموو موسوڵمانێك پێویستە تۆقێنەر بێت. تۆقێنەر ئەو کەسەیە دەبێتـە هـۆی تـرس و تـۆقین. دزێك لەوساتەدا پـۆلیس ئـەبینێت ئـەتۆقێت. پۆلیسـەکە تۆقێنـەرە بـۆ ئـەو دزە. بەهـەمان شـێوە موسـڵمان پێویسـتە تۆقێنـەر بێـت بـۆ ئەوانـەی دژی بنـەماکانی کۆمـەڵگان وەك دز و پیـاوکوژ و دەسـتدرێژکاران. هـەرکاتێك ئـەم جـۆرە کەسـانە موسـڵمانانیان بینـی پێویسـتە بتـۆقێن و بترسـن. بەڵێ ئەوە ڕاستە کە چەمکی تۆقێنەر بەگشتی بەکاردێت بۆ ئەو کەسەی دەبێتە هۆی ترس و تۆقین لەنێو خەڵکان بەگشتی، بەڵام

موسـوڵمانی ڕاسـتەقینە پێویسـتە تۆقێنـەر بێـت بـۆ گروپێکـی دیـاریکراوی خـەڵکی بـۆ نموونـە ئەوانـەی دژی بنـەماکانی کۆمەڵگان نەك بۆ خەڵکە بێ تاوانەکان. لە ڕاستیدا موسڵمان پێویستە هۆکاری ئارامی و ئاسایش بێت بۆ خەڵکی بێ تاوان.

٦- ناونیشانی جیاواز دەدرێتە هەمان کەس بۆ هەمان کردار بۆ نموونە "تیرۆریست" "نیشتیمان پەروەر":-

پێش ئەوەی هیندستان سەربەخۆ بێت لەژێر دەستی بەریتانیا، هەنـدێك لـە جـەنگاوەرە ئازادیخوازەکـان کەپشـتگیری تونـد و تیـژیان نـەدەکرد بەتیرۆریسـت نـاونرابوون لەلایـەن حکومـەتی بـەریتانیا کەچـی هـەمان ئـەو کەسانە ستایش دەکران لەلایـەن خـەڵکی هیندسـتان بـۆ هـەمان کـارو نـاونرابوون بەنیشتیمانپەروەرەکان. کەواتە دوو ناوی جیاواز نرا لە هەمان گروپی خەڵك و بۆ هەمان کردار. یەکێکیان بە تیرۆریست بانگیان ئەکات لە کاتێکدا ئەوەکەی تر پێیان دەڵێت نیشتیمانپەروەر. ئەوانـەی لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە بـەریتانیا مـافی حکـومکردنی هیندسـتانی هـەبوو بـەو گروپـەی دەوت تیرۆریسـت. لەکاتێکـدا ئەوانـەی پێیـان وابـوو بـەریتانیا هـیچ مـافێکی حکـومکردنی هیندستانی نیە ئەوگروپەی بە نیشتیمانپەروەر و جەنگاوەری ئازادیخواز بانگ دەکرد.

هەربۆیەش زۆر گرینگە کە پێش ئەوەی بڕیاڕبدەین لەسەر کەسێك بەباشی گوێی بۆ ڕابگرین، پێویستە گویٚ لە هەردوو لایەنەکە بگیرێت، بارودۆخەکە شرۆڤە بکرێت، هۆکار و مەبەستی کەسەکە ڕەچاوبکرێت و پشتگویٚ نەخرێت، پاش هەموو ئەمانە ئینجا ئەتوانرێت بڕیار بدرێت لەسەر کەسەکە.

٧- ئیسلام واتای ئاشتی ئەگەیەنێت:-

چەمکی ئیسلام ئەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی "سەلام" کە مانای ئاشتی ئەگەیەنێت. ئیسلام ئاینی ئاشتیە و شوێنکەوتووانی پەروەردە دەکات تاکو پشتگیر و هەوڵی بەدەستهێنانی ئاشتی بدەن لە سەرتاپای جیهاندا.

بۆیە هەموو موسڵمانێك پێویستە توندڕەو بێت لەوەی کە بەتوندی چەمك و بنەما سەرەکی و بنەڕەتیەکانی ئیسلام فێربێت و پێداگیریان لێبکات. هەروەها پێویستە تیرۆریست بێت بەرامبەر بەدژایەتیکارانی بنەما کۆمەڵایەتیەکان تاکو برەو بەئاشتی و دادپەروەری بدات لەکۆمەڵگا.

٦ / خواردنی بەرهەمە ئاژەڵیەكان:-

پرسیار: كوشتنی ئاژەڵ كارێكی دڕندانەیە. بۆچی موسڵمانان بەرهەمە ئاژەڵیەكان بەكاردەهێنن؟

وەڵام:-

خۆ بەدوورگرتن لە خواردنی ماسی و گۆشت ئێستا بۆتە بزوتنەوەیەك لەسەر تاپای جیهان. هەندێك ئەمە ئەبەستنەوە بە مافەكانی ئاژەڵ. لەڕاستیدا ژمارەیەكی زۆری خەڵك پێوایە بەكارهێنانی گۆشت و بەرهەمەكانی تری ئاژەڵ جۆرێكە لە پێشێلكردنی مافەكانی ئاژەڵ. ئیسلام بۆ سەرجەمی بونەوەران سۆز و بەزەیی هەیە. لەهەمان كاتدا ئیسلام ڕایگەیاندووە كە پەروەردگار ئەم زەوییە و سەرجەم شتەكانی ناوی بەدیهێناوە بۆسوودی مرۆڤ. ئیتر ئەوە ئەوەستێتە سەر مرۆڤەكان كە سوودمەندبن لەسەرجەم سەرچاوەكانی ئەم جیهانە بەشێوەیەكی ژیرانە وەك نیعمەت و ئامانەتێك لەلای پەروەردگارەوە.

١- موسوڵمان دەتوانێت ڕووەك خۆرێكی تەواو بێت:-

موسوڵمان لەهەمان كاتدا دەتوانێت موسوڵمانێكی زۆرچاك بێت و هەروەها ڕووەك خۆریش بێت. واجب نەكراوە لەسەر موسوڵمان كە بەرهەمە ئاژەڵیەكان بەكاربهێنت.

٢- ئیسلام ڕێگای بە بەکارهێنانی ئەو خواردنانەی ڕووەکی نین دەدات:-

قورئان ڕێگە دەدات بە موسوڵمان تا بەرهەمە ئاژەڵیەکان بەکاربهێنێت، ئەم ئایەتانەی خوارەوە بەڵگەن لەسەر ئەمە:-

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِۚ أُحِلَّتۡ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلۡأَنۡعَٰمِ إِلَّا مَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ غَيۡرَ مُحِلِّي ٱلصَّيۡدِ وَأَنتُمۡ حُرُمٌۗ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ مَا يُرِيدُ ١﴾ (المائدة)

﴿وَٱلۡأَنۡعَٰمَ خَلَقَهَاۗ لَكُمۡ فِيهَا دِفۡءٞ وَمَنَٰفِعُ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ٥﴾ (النحل)

﴿وَإِنَّ لَكُمۡ فِي ٱلۡأَنۡعَٰمِ لَعِبۡرَةٗۖ نُّسۡقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ كَثِيرَةٞ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ٢١﴾ (المؤمنون)

٣- گۆشت خۆراکێکی سوودمەند و تەندروستە و دەوڵەمەندە بە پرۆتین:-

ئەو بەرهەمانەی کە ڕووەکی نین سەرچاوەیەکی باشی پرۆتینن. لە ڕووی زیندە پێکهاتەوە برە پرۆتینێکی باش لەخۆ دەگرن، بۆنموونە هەر هەشت ترشە ئەمینیە سەرەکیەکان کە لەلەشدا دروست نەبوون و پێویستە هەبن لە خۆراکدا. هەروەها گۆشت ئاسن و ڤیتامین $B1$ و ((نایسن)).

٤- مرۆڤ دانەکانی بۆ هەردوو جۆر خواردن دەشێت:-

ئەگەر وردببیتەوە لە ددانی ئاژەڵە ڕووەك خۆرەکان وەکو مانگا

و بزن و مەڕ، ئەوە شتێكی هاوشێوە ئەبینیت لەم ئاژەڵانە. هەر هەموویان خاوەنی كۆمەڵە ددانێكی هاوشێوەن لە بەرزی و نزمیدا و لەیەك ئاستدان. ئەگەر بێتوو بەهەمان شێوە وردبیتەوە لە ددانی ئاژەڵە گۆشت خۆرەكانی وەكو شێر و پڵنگ، ئەوە ئەبینیت هەموویان خاوەن ددانی نووك تیژ و وردن كە گونجاوە بۆ خواردنی گۆشت. بەڵام ئەگەر وردبیتەوە لە ددانەكانی مرۆڤ ئەوە ئەبینیت ددانەكانی هەم یەكسان و ڕێكن كە لە بەرزی و نزمیدا هەم تیژ و وردن. هەر بۆیەش ئەم جۆرە ددانە گونجاوە بۆ خۆراكە گۆشتیەكان و ڕووەكیەكان . ڕەنگە یەكێك هەبێت بپرسێت باشە گەر پەروەردگار تەنها خواردنی خۆراكە ڕووەكیەكانی لە مرۆڤ بویستایە، دەی كەواتە بۆچی ددانی تیژ و ووردی پێداون؟ بۆیە شتێكی لۆژیكیە گەر بوترێت كە پەروەردگار ئەوەی لە مرۆڤ چاوەڕێكردووە كە هەردوو جۆر خواردن هەم ڕووەكی و هەم ئاژەڵی بخوات.

٥- مرۆڤ دەتوانێت هەردوو جۆری خواردنی ئاژەڵی و ڕووەكی هەرسی بكات:-

سیستەمی هەرسكردن لە ئاژەڵە ڕووەكخۆرەكان بە شێوەیەكە كە تەنها هەرسكردنی خواردنە ڕووەكیەكان ئەتوانێت، ئەمە لەكاتێكدا سیستەمی هەرسكردن لە ئاژەڵە گۆشتخۆرەكان تەنها توانای هەرسكردنی گۆشتی هەیە. بەڵام سیستەمی هەرسكردن

ت- دێـڕی دواتـری هـەمان کتێـب (مـانو سمروتـی) بەشـی (٥) دێری (٣١) دەڵێت "خواردنی گۆشت دروستە بۆ قوربانی، ئەمە لەڕووی داب و نەریتەوە پێی دەوترێت یاسای خوایەکان.

پ- هـەر لـە (مـانو سمروتـی) بەشـی (٥)، دێـری (٣٩) و (٤٠)دا دەڵێـت " خـودا خـۆی ئـاژەڵی قوربـانی دروسـتکردووە بـۆ قوربانی،..... بۆیە کوشتنیان بۆ قوربانیکردن، کوشتن نیە".

ج- مەهابەهاراتــە ئــەنوو شاشــان پارڤــە، بەشــی ٨٨ ئــەو گفتووگۆیە ئەگێڕێتەوە کە لەنێوان ((دارمەرج یودشیثیرە)) و ((پیتەماه بیشمە)) دەربارەی ئەوەی چ خواردنێك پێشکەشبکرێت بـۆ ((پـیتریس)) ((یـەکێك لـە بـاپیران)) لـەکاتی ((شــرذە)) "((ڕێورەسمی مردن)) تاڕازییان بکات. گفتوگۆیەکە بەم شێوەیە: یود شیثیرە ووتـی "ئەی خاوەنی هێز و دەسەڵات، پێم بڵێ ئەو شتە دەبێت چی بێت گەر تەرخان بکرێت بۆ پیتریس ((باپیرە مردووەکان))، ئەو شتە لەکارناکەوێت! ((هاڤی)) جارێکی تریش چ شتێك گەر پێشکەشبکرێت بۆ هەموو کاتێك ئەمێنێتەوە؟ ئەو شتە دەبێت چی بێت گەر پێشکەش بکرێت دەبێتە نەمری و سەرمەدی؟

بهیشمە ووتی " گوێم بۆ بگر ئەی یودشیثیرە،((لاپەرە ٢٠))

٧- هیندوسی کەوتوو بووە ژێر کاریگەری ئاینەکانی تر:-
هەرچەندە ئاینی هیندۆسی ڕێگەی داوە بە شوینکەوتوانی بە خواردنی خواردنە ئاژەڵیەکان، کەچی زۆرێك لە هیندۆسەکان سیستەمێکی ڕووەکخۆرانە بەکاردێنن چونکە کەوتوونە ژێرکاریگەری ئاینەکانی تری وەکو "جەینیزم".
٨- ڕووەکەکانیش خاوەنی ژیانن:-
چەند ئاینێکی دیاریکراو سیستەمێکی ڕووەکخۆریانە بەکاردێنن وەکو ڕیژێم کردن چونکە ئەوان دژی کوشتنی شتە زیندووەکانن. ئەگەر کەسێك هەبێت بتوانێت بەبێ کوشتنی شتە زیندووەکان بژیت ئەوە من ئەبمە یەکەم کەس کەژیانێکی وابژیم. لەکۆندا لەو بڕوایەدا بوون کە ڕووەکەکان بێ ژیانن بەڵام ئێستا ڕاستیەکی جیهانیە کەڕووەکەکانیش ژیانیان هەیە. هەر بۆیەش بیرۆکەی نەکوشتنی شتە زیندووەکان بە بوونە کەسێکی ڕووەکخۆر جێ بەجێناکرێت.
٩- ڕووەکەکانیش هەست بە ئازار ئەکەن:-
ئەوان دەڵێن باشە خۆ ڕووەکەکان هەست بە ئازار ناکەن. بۆیە کوشتنی ڕووەك تاوانێکی ئاسانترە یاخوود سووکترە بەراوردی کوشتنی ئاژەڵ. ئەمڕۆ زانست پێمان دەڵێت

ڕووەکـەکانیش هەسـت بـەئازار دەکـەن بـەڵام هـاوار و گریـانی ڕووەکـەکان لەلایـەن مرۆڤـەوە ناتوانرێـت ببیسـترێت. ئەمـەش بەهۆی نـەتوانینی بیستنی مرۆڤە کـە ناتوانێت ئـەو دەنگانـەی لـەناو ڕێـژەی بیستندا نین ببیستێت کە ڕێژەکە لـە (٢٠) هێرتـز تـاکو (٢٠,٠٠٠) هێرتـزە. هـەر دەنگێـك لـە سـەروو یـاخود خوارووی ئەم ڕێژەیە ناتوانرێت ببیسترێت لەلایـەن مـرۆڤ. سـەگ ئەتوانێت زیاتر لە (٤٠,٠٠٠) هێرتـزە. ئـەم فیتەیـە تـەنها لەلایـەن سەگەوە دەبیسترێت و مرۆڤ ناتوانێت بیبیستێت. سەگەکە ئـەو کەسـەی فیتەکـەی لێـداوە ئەدۆزێتـەوە و بـەرەولای دەچـێت. لێکۆڵینەوەیەك کرا لەلایەن جوتیارێکی ئەمریکا، کە ئەو جوتیارە ئـامێرێکی داهێنـا کـەوای ئـەکرد هـاواری ڕووەکـەکان ببیسـترێت لەلایـەن مرۆڤـەوە. دەیتـوانی ڕاسـتەوخۆ بزانێـت چ کاتێـك ڕووەکەکە هاواری ئاو دەکات. نوێترین لێکۆڵینـەوە ئـەوە دەخاتـە ڕوو کە ڕووەکەکان دەتوانن تەنانەت هەست بکەن بە بەختـەوەری و دڵتووندی یاخود تەنانەت گریانیش ئەتوانن.

١٠- کوشتنی شتە زیندووەکان کە خاوەنی دوو لەهەستەکانن تاوانێکی سووکترنیە:-

کـاتێك کـە ڕووەکخۆرێك لـەو بڕوایـەدایە ڕووەکەکان تەنها دوو

یاخود سێ لەهەستەکانیان هەیە بەڵام ئاژەڵ پێنج لە هەستەکانی هەیە. بۆیەش کوشتنی ڕووەکەکان تاوانێکی سووکترە لە کوشتنی ئاژەڵ. وادابنێ براکەت هەر بە کەڕو لاڵی لە دایك بووە و بە بەراورد بە مرۆڤی ئاسای دوو دانە لە هەستەکانی کەمترە و گەورە ئەبێت و کەسێك دەیکوژێت ئایە تۆ دەچیت بە حاکم بڵێیت سزایەکی سووك بەسەر بکوژەکەدا بسەپێنن چونکە براکەم دوو دانە هەستی کەمتر بوو؟ بگرە لەڕاستیدا تۆ دەچیت دەڵێیت ئەو کەسێکی بێ گوناهی کوشتووە هەر بۆیەش دەبێت سزایەکی گەورەتری بدرێت.

لەڕاستیدا قورئان بەم جۆرە ئەدوێت:-

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ حَلَٰلٗا طَيِّبٗا ﴾ (البقرة :١٦٨)

١١- بەرز بوونەوەی ئاژەڵەماڵیەکان:-

ئەگەر هەموو مرۆڤەکان ڕووەکخۆر بن ئەو کات دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی ڕێژەی ئاژەڵە ماڵیەکان بەتایبەت کاتێك زاوزێکردن و زۆربوون تێیاندا خێرایە. پەروەردگار بەهۆی زانستی ڕەهای خۆی دەزانێت چۆن هاوسەنگی و ئەندازەگیری دروستکراوەکانی بکات. ئیتر گومانێك نامێنێت کە بۆچی ڕێگەی پێداوین بەخواردنی گۆشتی ئاژەڵە ماڵیەکان.

١٢- بەهۆی ئەوەی هەموو ڕووەکخۆرنین بۆیە نرخی گۆشت گونجاوە:-

ئاساییە بەلامەوە گەر هەندێك كەس ڕووەكخۆر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوانەی کە ڕووەکخۆرنین بە دڕندە و بێبەزەیی ناوببات. لەڕاستیدا گەر هەموو خەڵکی هیندستان ببنە گۆشتخۆر ئەوکاتە گۆشتخۆرەکانی ئێستا زەرەرمەندن چونکە نرخی گۆشت بەرز دەبێتەوە.

٧ / شێوازی سەربڕینی ئاژەڵ لە ئیسلامدا شێوازێکی دڕندانەیە :-

پرسیار: بۆچی موسڵمانان دڕندانە سەری ئاژەڵ ئەبڕن بە ئازاردانی و پاشان بەهێواشی و پڕ ئازار دەیکوژن؟

وەڵام:-

شێوە ڕێگای سەر بڕینی ئاژەڵ لەئیسلامدا کە ناسراوە بە ((**ذبح**)) بووەتە ئامانج و خاڵی ڕەخنەگرتن لەلایەن زۆرێك لە خەڵکەوە. بەڵام بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەوکات دەرئەکەوێت کە ((**ذبح**)) نەك هەر شێوازێکی مرۆڤانەیە بەڵکو لەڕووی زانستیەوە باشترین ڕێگایە.

١- شێوازی سەربڕین لە ئیسلامدا:-

((زکاة)) وشەیەکە لە ڕەگی ((زکاه)) "((پاکردنەوە)).هەروەها

وشـەی ((تزکیـة)) بـەمانای ((پـاك بوونـەوە)) دێـت. ڕێگـای سـەربڕینی ئـاژەڵ لـە ئیسـلام پێویسـتە ئـەم مەرجانـە لـە خـۆ بگرێت:-

أ- ئاژەڵەکە پێویستە سەرببڕدرێت بە ئامێرێکی تیژ ((چەقۆ)). هـەروەها پێویسـتە بـەخێرایی سـەربڕینەکە ئـەنجام بـدرێت تـاکو ئازاری سەربڕینەکە کەمتر ببێتەوە.

ب- بڕینی بۆری هەوا و قوڕگ و دەمارەکانی مل:-

((ذبـــح)) وشـــەیەکی عەرەبیـــە بـــەمانای ((ســـەربڕین)) دێـــت. سەربڕینەکە بریتیە لە بڕینـی قوڕگ و بۆری هـەوا و دەمارەکـانی خوێن لە ملدا کە ئەبێتە هۆی مردنی ئاژەڵەکە بەبێ بڕینـی دڕکە پەتك.

ح- پێویستە خوێن بەتاڵ بکرێتەوە:-

پێویسـتە خوێنەکـە بەتـەواوی خـاڵی بکرێتـەوە پـێش ئـەوەی سـەرەکەی ببڕدرێـت. ئامـانج لەمـەدا ئەوەیـە خوێنەکـە بکرێتـە دەرەوە کـە ئـەکرێت وەکـو ناوەنـدێکی بەسـوود ڕۆڵ بگێرێـت بـۆ بەشـەکانی تـری جەسـتە. دڕکەپـەتك پێویسـتە نـەبڕدرێت چونکە ڕەنگـە ڕیشـاڵە دەماریـەکانی بـەرەو دڵ زەرەریـان پـێ بگـات کـە ئەمـەش ئەبێتـە هـۆی ڕاوەسـتانی لـەناکاوی دڵ و خاوبوونـەوە یاخود ڕاوەستانی ڕۆیشتنی خوێن بەناو بۆریەکانی خوێندا.

٢- خوێن ناوەندێکی باشە بۆ بەکتریا و ڤایرۆس:-

خـوێن ناوەنـدێکی گونجـاوە بـۆ بـەکتریا و ڤـایرۆس و ژەهـر. هەربۆیــەش شـێوازی سـەربڕین لـە ئیسـلامدا شـێوازێکی زۆر دروسـت و خاوێنـە بـەوەی زۆرێـك لەوخوێنـەی کـە هـەڵگری ڤـایرۆس و بـەکتریا و ژەهــرە کــە هۆکــاری زۆر نەخۆشــین فرێدەدرێتە دەرەوە.

٣- گۆشـت بـۆ ماوەیـەکی درێـژ وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە و تێـك ناچێت.

ئەو گۆشتەی بەشێوازی سەربڕینی ئیسلامی ئامادەکرابێت ئەوە بۆ ماوەیەکی درێژ وەکو خۆی دەمێنێتەوەو تێك ناچێت ئەمـەش بـەهۆی کـەمی یـاخود نـەبوونی خـوێن لەگۆشتەکە بەبـەراورد بە شێوازەکانی تری سەربڕین.

٤- ئاژەڵ هەست بە ئازەر ناکات:-

بڕینی لەسەرخۆی دەمارەکانی مل دەبێتـە هـۆی پچڕانی تـەوژمی ڕۆیشتنی خوێن بۆ دەمارەکانی مێشك کە بەرپرسیارە بۆ ئازار، هـەر بۆیـەش ئاژەڵەکـە هەسـت بـەئازار ناکـات. لـەکاتی مردنیـدا ئەبینیت ئاژەڵەکە ئەجولێت و ئەلەرزێت و پەلەقاژەیەتی کە ئەمە بــەهۆی ئــازەرەوە نیــە بــەڵکو یەکــەم بــە هــۆی پشــوو دان و حەوانەوەی ماسولکەکانە لە خوێن و دووەمیش بەهۆی تـەوژمی کردنە دەرەوەی خوێنە لەلەشدا.

٨ / خواردنە ئاژەڵیەکان وا لە موسوڵمان ئەکات توندڕەو و ئاژەوەچی ئەبێت:-

پرسیار: زانست پێمان ئەڵێت هەرشتێك مرۆڤ بیخوات کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵسوکەوتی. کەواتە بۆچی ئیسلام ڕێیداوە بە موسڵمان بەخواردنی خۆراکە ئاژەڵیەکان لە کاتێکدا ئەو خۆراکانە ڕەنگە مرۆڤ بکاتە کەسێکی بێ بەزەیی و توند وتیژ؟

وەلام:-

١- تەنها خواردنی ئاژەڵە ڕووەکخۆرەکان ڕێگەپێدراوە:-

هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە هەرشتێك مرۆڤ بیخوات کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵسوکەوتی. هەر لەبەرئەمەش ئیسلام خواردنی ئاژەڵە گۆشتخۆرەکانی قەدەغە کردوە وەکو شێرو پڵنگ کە ئەم جۆرە گیاندارانە دڕندە و بێ بەزین. ڕەنگە خواردنی گۆشتی ئەم ئاژەڵانە وا لەمرۆڤەکە بکات کە ببێتە کەسێکی دڕندە و بێ بەزیی. ئاینی ئیسلام تەنها خواردنی ئاژەڵە ڕووەکخۆرەکانی ڕێپێداوە وەکو مەڕ و بزن و مانگا...هتد. کە ئەم ئاژەڵانەش ئارام و بێ زیانن. موسڵمانان ئاژەڵی ئارام و بێ زیان ئەخۆن چونکە موسڵمانان کەسانێکن ئاشتی و ئاسایشیان خۆشدەوێت و خەڵکانێکی بێ کێشە و زیانن.

٢- قورئان دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) ئەوە قەدەغە دەکات کە خراپ بێت:-

قورئان دەڵێت بەمشێوازە ئەدوێت:-

- ﴿ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ ﴾ (الأعراف :١٥٧)

- ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا ﴾ (الحشر :٧)

بۆ موسڵمان فەرموودە و وتەی پێغەمبەر (ﷺ) بەسە تا باوەڕی پێ بێنێت کە پەروەردگار نایەوێت مرۆڤ هەندێك جۆری گۆشت بخوات لەکاتێکدا هەندێك جۆری تری ڕێپێداوە.

٣- فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی قەدەغەکردنی خواردنی ئاژەڵە گۆشتخۆرەکان:-

بە گوێرەی کۆمەڵێك فەرموودەی صحیحی پێغەمبەر (ﷺ) لە صەحیحی بوخاری و صەحیحی موسلیم هاوشان لەگەڵ ئەو فەرموودەیەی کە ئیبن عەباس گێڕاویەتیەوە لە صەحیحی موسلیم، بەشی ڕاوکردن و سەربڕین فەرموودەی ژمارە ٤٧٥٢ و پەرتووکی (سنن ابن ماجه) بەشی ١٣ فەرموودەی ٣٢ ٣٢ تاکو ٣٤ ٣٢ پێغەمبەر (ﷺ) خواردنی ئەم ئاژەڵانەی قەدەغە کردووە:-

١- ئاژەڵی کێوی خاوەن ددانی کەڵبەیی. ئەوانەی کە گۆشتی ئاژەڵی گۆشتخۆرەکانی تر دەخۆن. ئەم ئاژەڵانە ئەوانەن لە گروپی پشیلەکان وەکو شێر، پڵینگ، پشیلە، سەگ، گورگ، کەمتیار...هتد.

٢- ژمارەیەك لە ئاژەڵە تووکدارەکان وەك مشك، جرج، ...هتد.

٣- هەندێك لە ئاژەڵە خشۆکەکان وەك مار.

٤- ئەو باڵندانەی باڵندەکانی تر ڕاودەکەن وەکو باز و هەڵۆ و کوندەپەپوو و قەل .

هیچ بەڵگەیەکی زانستی نیە کە بیسەلمێنێت خواردنی خۆراکە ئاژەڵیەکان مرۆڤ تووشی توندڕەویی و بیّ بەزەیی دەکەن.

٩ / موسوڵمانان کەعبە ئە پەرستن:-

پرسیار: ئەگەر موسوڵمانان دژی بت پەرستین، دەی کەواتە بۆچی موسڵمانان سوجدە بۆ کەعبە دەبەن و لەنوێژەکاندا دەیپەرستن؟

وەڵام:-

کەعبە قیبلەیە، یاخود ئەو ڕووگەیە کە موسوڵمانان لەکاتی نوێژەکاندا ڕووی تێدەکەن بەڵام ئەوەش پێویستە بزانرێت کاتێك موسوڵمانان ڕوودەکەنە قیبلە لەکاتی نوێژ مانای وانیە کە کەعبە

ئەپەرستن. موسڵمانان جگە لە "الله" سووجدە بۆ هیچ کەسێك نابن و پەرستشی ناکەن. ئەمەش لە ئایەتێکی سورەتی(البقرة) بەجوانی ڕووندەبێتەوە، کاتێك پەروەردگار دەفەرموێت:-

- ﴿ قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِ ۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا ۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ ﴾ (البقرة :١٤٤)

١- ئیسلام بانگەشەی یەکگرتن و یەکڕیزی ئەکات:-

وادابنێ کاتێك موسوڵمانان نوێژدەکەن، ڕەنگە موسوڵمانێك بیەوێت ڕووبکاتە باکوور و یەکێکی تر ڕەنگە بیەوێت ڕووبکاتە باشوور، بەمەش گرژی و ناخۆشی بڵاودەبێتەوە لەناو موسوڵمانان. جا بۆئەوەی پاراستنی یەکڕیزی و یەکبوونی موسوڵمانان لە بەندایەتی کردنیان بۆ پەروەردگار، موسوڵمانان داوایان لێکراوە لەهەر شوێنێك بوون ڕووبکەنە یەك ڕووگە کە ئەویش کەعبەیە. هەربۆیەش ئەو موسوڵمانانەی کە لای ڕۆژئاوای کەعبە ئەژین ڕوودەکەنە ڕۆژئاوا، ئەوانەشی کە لای ڕۆژهەڵاتی کەعبە ئەژین بە پێچەوانەوە ڕوودەکەنە ڕۆژئاوا.

٢- کەعبە دەکەوێتە چەقی نەخشەی زەوی:-

موسوڵمانان یەکەم کەس بوون کە توانیان نەخشەی جیهان بکێشن. نەخشەکەیان بەوشێوەیە کێشا کە باشوور لە سەرەوە و

باكوور لە خوارەوە بوو، كەعبەش دەكەوتە ناوەڕاستی نەخشەكە. دواتر نەخشەكێشە ڕۆژئاواییەكان هاتن و نەخشەیەكی تریان داڕێژا بەو شێوەیەی كە باكوور لەسەرەوە و باشوور لە خوارەوە بێت، بەڵام لەگەڵ ئەو گۆڕانكاریەشدا كەعبە هەر لەناوەڕاستی نەخشەكە مایەوە.

٣- سوڕانەوە بەدەوری كەعبە ئاماژە بە بوونی خوایەكی تاك و تەنها:-

كاتێك موسڵمانان ئەچنە "مسجد الحرام" لە مەككە، ئەوە موسڵمانان هەڵدەستن بە سوڕانەوە بەدەوری كەعبە. ئەم كارەش وەك هێمایەك یاخود ئاماژەیەك دادەنرێت بۆ بوونی خوایەكی تاك و تەنها،چونكە هەروەكو چۆن هەموو بازنەیەك یەك چەقی هەیە، بەهەمان شێوە تەنها یەك خوا هەیە كە شایستەی پەرستش بێت ئەویش زاتی "الله"یە.

٤- فەرموودەكەی ئیمامی عومەر (رضي الله عنه):-

دەربارەی بەردە ڕەشەكە "الحجر الاسود"، لەسەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕووداوێك هەبوو كە ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) بەشێك بوو تێیدا، بەگوێرەی "صحیح بوخاري"، بەرگی دووەم، بابەتی حەج، بەشی (٥٦) و فەرموودەی ژمارە (٦٧٥) ڕووداوەكە بەمشێوەیە: كاتێك

ئیمامی عومەر پێغەمبەری (ﷺ) بینی بەردە ڕەشەکەی ماچکرد، ئەویش چووە پێشەوە و بە بەردە ڕەشەکەی وت " من ئەزانم کە تۆ تەنها بەردێکیت کە نەئەتوانیت سوودم پێبگەیەنیت وە نەئەتوانی زیانم پێبگەیەنیت، ئەگەر بهاتبا و پێغەمبەرم (ﷺ) نەبینیایە کە دەستی پیاهێنایت و ماچی کردیت، ئەوە هەرگیز دەستم نەدەهێنا پێت و ماچم نەدەکردی.

٥- خەڵك لەسەر کەعبە ڕاوەستاون و بانگیان داوە:-

لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) کەسانێك هەبوونە لەسەر کەعبە ڕاوەستاون و بانگیان داوە. ڕەنگە کەسێك هەبێت بپرسێت لەوانەی کە موسڵمانان بە پەرستنی کەعبە تۆمەتبار ئەکەن، باشە چ بت پەرستێك هەیە لەسەر ئەو بتەی کەدەیپەرستێت ڕابوەستێت؟

١٠ / غەیرە موسوڵمان ڕێگەیان پێنەدراوە لەچوونە مەککە :-

پرسیار: بۆچی غەیرە موسڵمان ڕێگەیان پێنەدراوە لەچوونە مەککە و مەدینە؟

وەڵام:-

بەڵێ، ئەوە ڕاستە کە لەڕووی یاساوە غەیرە موسڵمان ڕێگەی پێنەدراوە بچێتە هەردوو شاری مەککە و مەدینە. ئەم چەند

خاڵـەی خـوارەوە ڕەنگـە هۆکـاری پشـت ئـەم ڕێگەپێنەدانـە ڕوونبکاتەوە.

١-هـــەموو هەوڵاتیـــەك ڕێگـــەی پێنـــەدراوە بچـــێتە ناوچـــە سەربازیەکان:-

مــن کــە هاوڵاتیــەکی هیندســتانم کەچــی هەنــدێك شــوێنی قەدەغـەکراو هەیـە کـە ڕێگـەم پێنـەدراوە بچمە نـاوی بـۆ نموونـە ناوچە سەربازییەکان. لەهەموو وڵاتێك چەند ناوچەیەك هەیە کە خەڵکە ئاساییەکان ناتوانن بچنە ناوی. لە ناوچە سەربازییەکان تـەنها ئـەو کەسـانە ڕێگـەیان پێـدراوە کـە نـاوی لەسـەربازیدا تۆمارکرابێـت یـاخود ئەوانـەی پەیوەنـدیان بـە بەشـی بـەرگری دەوڵەتەکە هـەبێت. ئاینی ئیسلامیش وەك ئاینێکی جیهانی کە بۆ سـەرجەم مرۆڤایـەتی هـاتووە، ناوچـە پـارێزرا و تایبەتیـەکانی بریتین لە مەککە و مەدینـە. لـەدوو ناوچـەیەدا تـەنها ئەوانـەی کـە بڕوایان بە ئیسلام هەیە یان ئەوانـەی بەشـێکن لـە بەشـی بـەرگری لە ئیسلام و موسڵمانان ڕێگەیان پێدراوە.

هەروەکو چۆن شتێکی نەشیاو و نالۆژیکیە کە خەڵکە ئاساییەکە بێـت و نـاڕازەیی دەربـبڕێـت لـەوەی کـە ڕێگـەی پێنادرێـت بچـێتە ناوچە سەربازییەکان، بەهەمان شێوە گونجاو نیە بۆ ئەوانـەی کـە

بڕوایان بە ئیسلام نیە ڕەخنەبگرن لە قەدەغەکردنیان لە چوونە ناو مەککە و مەینە.

٢- فیزەی چوونە مەککە و مەدینە:-

أ- هەرکەسێك کە بیەوێت بچێتە وڵاتێکی تر پێویستی بە وەرگرتنی فیزە تا بتوانێت بچێتە ئەو وڵاتە. هەر وڵاتێکیش بۆ پێدانی فیزە کۆمەڵێك یاسا و پێوەر و داواکاری تایبەتی خۆیان هەیە، تاکو ئەو داواکاریانە جێبەجێ نەکرێن فیزەکەت پێنادان.

ب- یەکێك لەو وڵاتانەی کە زۆر بەربەستیان هەیە لە پێدانی فیزە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە لەجیهانی سێیەمەوە دێن، کە کۆمەڵێك داواکاری و مەرجی قورس و سەختیان هەیە کە پێویستە جێ بەجێبکرێن تاکو فیزەکەت پێبدرێت.

ت- کاتێك سەردانی سینگاپوورم کرد، لە فۆڕمی کۆچکردنیاندا نوسرابوو "سزای مردن بۆ فرۆشیار و کڕیارانی ماددە هۆشبەرەکان". بۆیە گەر بمویستایە بچمە ناو ئەو وڵاتە ئەوە پێویست بوو ڕازیبم بەو یاسانە، نەم ئەتوانی بڵێم سزای مردن دڕندانەیە. هەربۆیەش پێویست بوو ڕازی بم بە سەرجەم داواکاری و مەرجەکانی ئەو وڵاتە تا مافی چوونە ناو وڵاتەکە وەربگرم.

پ- سەبارەت بە فیزەی چوونە ناو شاری مەککە و مەدینە بۆ هەرکەسێك، سەرەکیترین مەرج کە داواکراوە ئەوەیە کە کەسەکە بڵێت **"لا اله الا الله و محمد رسول الله"**.

١١ / حەرامکردنی بەراز:-

پرسیار: بۆچی خواردنی بەراز لە ئیسلامدا حەرامکراوە؟

وەڵام:

هۆکاری حەرامکردنی بەراز لە ئیسلام ڕوون و ئاشکرایە، ئەم چەند خاڵەی خوارەوەش چەند لایەنێکی ئەو حەرامکردنە ڕووندەکاتەوە:-

١- لەقورئاندا بەراز حەرامکراوە:-

قورئان لە چوار شوێندا حەرامکردنی خواردنی بەرازی باسکردووە، کە ئەوانیش:-

- ﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيْرِ ٱللَّهِ ﴾ **(البقرة :١٧٣)**

- ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحْمُ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ﴾ **(المائدة :٣)**

- ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِى مَآ أُوحِىَ إِلَىَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ﴾ **(الأنعام :١٤٥)**

- ﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ﴾

- **(النحل :١١٥)**

ئـەم ئایەتانـەی قورئـانیش بەسـە بـۆ موسـڵمانێك تـاكو بزانێـت ئیسلام بۆچی خواردنی بەرازی حەرامكردووە.

٢- حەرامكردنی بەراز لە ئینجیلدا:-

مەسـیحیەكان كـە زۆر پەیوەسـتن بـە ئینجیلـەوە، كەچـی هـەر ئینجیـل خـواردنی بـەرازی حـەرامكردووە، كـە ئـەویش لـە پەڕتووكی "لیفیتوكوس"

- " هـەروەها بـەرازیش، كـە ئـەوان دوو قاچیان هەیـە، خواردنـە پاشەكەوتووی لەش ناخۆن، ئەوان پیسن بۆ ئێوە."

"نابێت لـە گۆشـتەكەیان بخۆیـت، هـەروەها نابێـت دەسـت بدەیت لەلاشەیان، چونكە زۆر پیسن بۆت."

(لیفیتوكوس ١١: ٧-٨)

بەهـەمان شـێوە حـەرام كردنـی خـواردنی بـەراز لـە ئینجیلـدا و لـە پەڕتووكی "دیوتێرنۆمی":-

- "هـەروەها بـەراز، كـە دوو قاچـیان هەیـە، ئـەوان خـواردنی پاشكەوتبووی لەش ئـەخۆن. ئـەوان پیسـن بـۆ ئێوە. ئێوە نابێـت گۆشـتەكەی بخـۆن، تەنانـەت دەسـت لـە لاشەكەشـیان مـەدەن. چونكە زۆر قیزەون و پیسن."

٣- بەکارهێنانی بەراز بەهەرجۆرێك دەبێتە هۆی زۆرێك نەخۆشی:-

ملحد و بێباوەڕان کاتێك ڕازی دەبن و باوەڕ دەکەن کاتێك بەڵگەیەکی زانستی و بابەتیانە و واقیعانەیان بخرێتە بەردەست. خواردنی بەراز بەلایەنی کەمەوە دەبێتە هۆی (٧٠) جۆری جیاوازی نەخۆشی. (لاپەڕە ٢٦ - ٢٧)

٤- بەراز ماددەی چەوری تێدایە:-

نەك هەرئەوەی بەراز بڕێکی زۆر کەم ماددەی دروستکردنی ماسولکەی تێدایە لە لەشدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە ماددەی چەوری تێدایە. دواتر ئەم چەوریە بەناو دەمارەکاندا بڵاودەبێتەوە و دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و سەکتەی دڵ. هەربۆیەش هیچ جێگای سەرسوڕمان نیە کە زیاتر لە (٥٠٪)ی ئەمریکیەکان تووشی بەرزی پەستانی خوێن دەبن.

٥- بەراز یەکێکە لە قێزەونترین و پیسترین ئاژەڵەکانی سەرزەوی:-

بەراز یەکێکە لە پیسترین ئاژەڵەکانی سەر زەوی. ئەم ئاژەڵە بۆ گەشەکردن و ژیانی پشت دەبەستێت بە خواردنی پیسایی و پاشماوە. بەمەش بەلای منەوە باشترین پیسی پاکەرەوەیە کە

پەروەردگار دروستی کردبێت. لەو گوندانەی کە ئاوادەستی ئەم سەردەمیانەیان نیە و گوندنشینەکان لێرە و لەوێ پیسای دەکەن، زۆربەی جارەکان بەرازەکان هەڵدەستن بە پاکردنەوەی ناوچەکە. ڕەنگە کەسێك بێت و بڵێت لە هەندێك لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەکو ئوسترالیا بەرازەکان لە شوێن و بارودۆخێکی پاك و خاوێندا بەخێودەکرێن. ئەوکاتیش هەرچەند هەوڵبدەیت تا لە لەوەڕگایەکی پاك و خاوێن کۆیان بکەیتەوە، ئەوە هەر هەمان دەرئەنجامت دەست دەکەوێت بەوەی کە ئەوان ئاژەڵی پیسن. بۆیەش لەو دۆخەدا ئەوان هەڵدەستن بە خواردنی پیسایی خۆیان و ئەوەی دەوربەریان.

٦- بەراز بێ شەرمترین ئاژەڵە:-

بەراز بێ ئابڕووترین ئاژەڵە لەسەر ڕووی زەوی. تاکە ئاژەڵە لەسەر زەوی کە بانگێشتی هاوڕێکانی دەکات بۆ کاری جووت بوون لەگەڵ خێزانەکەی. لەئەمریکا کە خەڵك بەراز ئەخۆن، زۆرجار دوای ئاهەنگ و سەماکردن هەڵدەستن بە گۆڕینەوەی خێزانەکانیان لەگەڵ یەکتر. زۆرێکیان بەیەکتر دەڵێن "تۆ لەگەڵ خێزانەکەی من بخەو و منیش لەگەڵ خێزانەکەی تۆ ئەخەوم".

جا بۆیە ئەگەر کەسێك بەراز بخوات ئەوا هەر وەکو بەرازیش هەڵسوکەوت دەکات.

١٢ / حەرامكردنی ئارەق :-

پرسیار: بۆچی ئیسلام خواردنەوەی ئارەقی حەرامكردووە؟

وەڵام:-

ئـارەق بەدرێـژایی تەمـەنی كۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی كێشـە و بـەڵابووە. بەهۆیـەوە خـەڵكانێكی بێشـومار گیانیـان لەدەسـتدا و ملیۆنـانی تریشـی تووشـی ژیـانێكی پڕ لـە نـاجێگریی دەروونـی كرد. ئارەق ڕەگ و بنچینەی زۆرێك لـە كێشـە كۆمەڵایەتیەكانـە. ئامارەكـانی بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی تاوانكـاری و نەخۆشـیەكانی مێشـك و لێكترازانـی ملیۆنـان خێـزان لـە سـەرتاپای جیهـان ئامارژەیەكی ڕوونە بۆ ئەو هێزە وێرانكارییەی كە ئارەق هەیەتی.

١- حەرامكردن ئارەق لە قوڕئاندا:-

قوڕئانی پیرۆز ئارەقی حەرامكرددوە لەم ئایەتەدا:-

- ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَـٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَـٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٩٠﴾ ﴾ (المائدة)

٢- حەرامكردنی ئارەق لە ئینجیلدا:-

ئینجیل لەچەند شوێنێكیدا ئارەقی حەرامكردووە:-

- "ئـارەق گاڵتەجارییـە، خوراردنـەوەی بڕێكـی زۆر دەبێتـە بـارگرژیی، هەروەها هەركەسێك بەهۆیەوە هەڵخەڵەتێنرا مانـای

وایە ئەو کەسە ژێر نیە." "پرۆڤێربس ٢٠:١"

- "هەروەها سەرخۆش مەکە بە شەراب" "ئیفیسیان ١٨:٥"

٣- ڕووداوەکانی داوێن پیسی و دەستدرێژی سێکسی و ئایدز زۆرتر لەوانەدا ڕوودەدات کە ئارەقخۆرن:-

بەگوێرەی ئامارێکی "NationalCrimeVictimization" " قوربانیەکانی تاوانی نیشتیمانی" نوسینگەی داد لە بەشی دادی ئەمریکا، لەساڵی ١٩٩٦ لەهەر ڕۆژێکدا نزیکەی (٢٧١٣) حاڵەتی دەستدرێژیکردنی سێکسی تۆمارکراون. ئامارەکان ئەوەش دووپات دەکەنەوە کە زۆربەی ئەوانەی دەسدرێژیان کردووە سەرخۆشبوونە و پاشان تاوانەکەیان ئەنجامداوە. هەر بەگوێرەی ئامارەکان، (٪ ٨)ی ئەمریکیەکان لەسنووری خێزانەکەیان و لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەیان یاخود لەگەڵ خزمە نزیکەکانیان کاری داوێن پیسی ئەنجام ئەدەن. ئەمەش بەڕادەیەك کە لەهەر (١٢ تا ١٣) ە کەس، کەسێك ئەم کارە ئەنجام دەدات. زۆربەی حاڵەتەکانیش دەرئەنجامی سەرخۆشبوونی یەکێك یاخود هەردوو کەسەکەن کە بەم کارە هەڵدەستن.

لەلایەکی تریشەوە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی پشت نەخۆشیەکی کوشندەی وەکو ئایدز بریتیە لە ئارەق خواردنەوە و سەرخۆشبوون.

٥- هەموو سەرخۆشێك لەسەرەتادا "بخۆرێکی کۆمەڵایەتی" بووە:-

زۆرێك کەس ناویان لەخۆیان ناوە "بخۆرێکی کۆمەڵایەتی"ین بەوەی کە ئەوان تەنها بڕێکی کەم و بەشێوەیەکی شارستانی و کۆمەڵایەتیانە دەخۆنەوە، هەربۆیەشە ئەوان سەرخۆش نابن. لێکوڵینەوەکان ئەوەیان خستۆتە ڕوو کە هەموو سەرخۆشێك لەسەرەتادا "بخۆرێکی کۆمەڵایەتی" بووە. هیچ سەرخۆشێکی نیە کە لەسەرەتادا ئامانجی سەرخۆش بوون و مەست بوون بێت. هیچ ئارەق خۆرێك نیە بتوانێت بڵێت من ماوەیەکی زۆرە ئارەق ئەخۆمەوە بەڵام بەهۆی توانای خۆ کۆنترۆڵ کردنم هەرگیز بۆ جارێکیش سەرخۆش نەبووم.

٦- ئەگەر کەسێك یەکجار سەرخۆش بێت و کارێکی هەڵە بکات ئەوا ئازاری کردنی ئەو کارە هەڵەیە هەر لەگەڵیدا ئەمێنێتەوە:-

وادابنێ ئەو "بخۆرە کۆمەڵایەتی"ە، ئەوەی بەشێوەیەکی شارستانی و بڕێکی کەم ئەخواتەوە کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدا و مەست بوو، دواتر هەڵسا بەکردنی کاری داوێن پیسی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی یاخود دەستدرێژی سێکسی کردە سەر کەسێك. با ئەم کارە دواتر پەشیمانی بەدوا بێت بەڵام بۆ

مرۆڤێکی ئاسای ئازار و هەستی تاوانباری تا کۆتای ژیانی لەگەڵی دەمێنێتەوە و ئازاری ئەدات. هەردوو کەسەکەجا چ تاوانبار یاخود قوربانیەکە تووشی داڕووخانێکی سەختی دەروونی دەبن.

٧- حەرام کردنی ئارەق لە فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ):-

پێغەبەری ئازیز(ﷺ) دەفەرمووێت:

- لە پەڕتووکی "**سونن إبن ماجە**"دا، بەرگی (٣)، بابەت "مادده سەرخۆشکەرەکان"، بەشی (٣٠)، فەرمووەی ژمارە (٣٣٧١):-

"ئارەق و شەڕاب دایکی هەموو کارێکی خراپە و ئابڕووبەرترین کارە لە کارە خراپەکان"

- لە پەڕتووکی "**سونن إبن ماجە**"دا، بەرگی (٣)، بابەت "مادده سەرخۆشکەرەکان"، بەشی (٣٠)، فەرمووەی ژمارە (٣٣٩١):-

" هەرشتێکی سەرخۆشکەر کەوتە ناو بڕێکی گەورەی شتێکی تر ئەوە حەرامە، جا با بڕێکی زۆر کەمیش بێت"

ئەم فەرموودەیە هیچ بیانوویەك بۆ ئەوانە نامێنێتەوە کە دەڵێن ئێمە تەنها بڕێکی کەم دەخۆینەوە.

- نەك تەنها ئەوانەی کە ئارەق دەخۆنەوە بێبەش کراون لە بەزەیی پەروەردگار، بەڵکو ئەوانەشی کە بەشێوەیەکی

ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ئارەق و خواردنەوەی هەبێت لەبەزەیی و سۆزی پەروەردگار بێبەشن. لەهەمان سەرچاوەی پێشوو، فەرموودەی ژمارە (٣٣٨٠)دا، ئەنەس دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری نازدار (ﷺ) دەفەرمووێت:-

❖ أتاني جبريل فقال : يا محمد إن الله لعن الخمر ، وعاصرها ، ومعتصرها ، وشاربها، وحاملها ، والمحمولة إليه ، وبائعها ، ومبتاعها ، وساقيها ، ومسقيها.

٨- نەخۆشیەکان پەیوەندیدار بە ئارەقخواردنەوە:-

کۆمەڵێك هۆکاری زانستی هەیە لەپشت حەرامکردنی خواردنەوە و بەکارهێنانی ئارەق و مادده سەرخۆشکەرەکان. بەرزترین ڕێژەی ژمارەی مردن لەجیهاندا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مادده سەرخۆشکەرەکان، ملیۆنان کەس ساڵانە گیان لەدەست دەدەن بەهۆی ئالوودەبوونیان بە ئارەق و شەرابەوە.لێرەدا نامەوێت زۆر درێژەی پێبدەم بە باسکردنی هەموو ئەو نەخۆشیانەی پەیوەندیدارن بە ئارەق خواردنەوە چونکە زۆرێکیان ناسراون و ئەزانرێن، بەڵام لێرەدا ئەم کۆمەڵە نەخۆشیەی خوارەوە ئاماژە پێدەدەم کە ئارەق خواردنەوەی هۆکاریانە:-

- نەخۆشی جگەر کە یەکێکە لە نەخۆشیە ناسراوەکان کە دەرئەنجامی مەی خواردنەوەیە.
- شێرپەنجەی سورێنجك، شێرپەنجەی شێرسەر ومل، شێرپەنجەی جگەر، شێرپەنجەی ڕیخۆڵە.
- هەوکردنی ڕیخۆڵە، هەوکردنی سك، هەوکردنی پەنکریاس، هەروەها هەوکردنی جگەر. هەموو ئەم نەخۆشیانە پەویوەستن بە دەرئەنجامەکانی خوارنەوەی مەی و ئارەق.
- نەخۆشیەکانی دڵ و بەرزی پەستانی خوێن و (.........) و تەنگە نەفەسی و سەکتەی دڵ خواردنەوەی زۆری ئارەق هۆکاریانە.
- ئیفلیجی مێشك و ئیفلیجی لەش یاخود بەشێك لە لەش و جۆرەکانی تری ئیفلیجی پەیوەستدارن بە خواردنەوەی مەی و ئارەق.
- لاپەڕە "٣٠"
- لاپەڕە "٣٠"
- کەم خۆری و کەمی فیتامینی پێویست نەخۆشی باوەن لەنێو ئەوانەی مەی ئەخۆنەوە.
- لاپەڕە"٣٠"

- لاپەڕە "٣٠"
- لاپەڕە "٣٠"
- لاپەڕە "٣٠"
- لاپەڕە "٣٠"

- نەخۆش کەوتنی بەردەوام کە باوە لەناو ئەوانەی ئارەق ئەخۆنەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە لاوازبوونی سیستەمی بەرگری لەش و بەرهەڵستی نەخۆشی کە بەهۆی ئارەق خواردنەوە ڕوودەدات.
- نەخۆشیەکانی سینگ ناسراوە لەناو ئارەق خۆرەکان، هەروەها هەوکردنی سییەکان و ئەو نەخۆشیانەی پەیوەندیان بە سییەکانی مرۆڤەوە هەیە جۆری ئەو نەخۆشیە باوانەن لەناو ئارەق خۆرەکان.
- لەکاتی سەرخۆشبوون و مەست بوون زۆرجار کەسی مەست بوو دەڕشێتەوە، سیستەمی پەرچکرداری کۆخین کە سەلامەتی و پارێزگاری بەلەش دەدات پەکدەکەوێت. بەمەش ڕشانەوەکە بەئاسانی ئەگاتە سییەکان، کە لەئەنجامدا دەبێتە هۆی هەوکردنی سییەکان و (.........) کە لەکۆتاییدا ڕەنگە ببێتە هۆی خنکان و مردن.

• کاریگەریـە نەخۆشـیەکانی مـەی خواردنـەوە لەسـەر ئـافرەت شایستەی بایەخێکی تایبەتە. ئافرەت زیاتر لە پیاو لەشی لاوازە بەرامبەر نەخۆشی جگەر کە هۆکارەکەی مەی خواردنەوە بێت. لەلایـەکی تـرەوە لـەکاتی دووگیـان بووندا خواردنـەوەی ئـارەق کاریگەری ترسناك و زیانبـەخش ئەکاتـە سەر منداڵەکە. لەگەڵ ئەمەشدا نیشانەکانی نەخۆشی منداڵ لەناو سکی دایکدا بەهۆی ئارەق خواردنەوە زیاد و زیاتر لە بواری پزیشکیدا ئەدۆزرێتەوە.

• هەروەها نەخۆشیەکانی پێست پەوەیوەندیان بە بەکارهێنانی ئارەقەوە هەیە.

• سوربوونەوەی پێست و سەر ڕووتانەوە و ....هتد

٩- ئارەق خواردنەوە نەخۆشیە:-

دکتۆرەکـانی ئـەم سـەردەمە ڕایـەکی زۆر ئاشـکرا و ڕوون دەدەن لەسـەر ئـارەق خواردنـەوە بەوەی کـە ئـارەق خوارنـەوە نەخۆشـیە نەوەك ئالودەبوون. کۆمەڵەی توێژینەوەی ئیسلامی نامیلکەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە:-

"ئەگـەر مـەی خواردنـەوە نەخۆشـی بێـت، ئـەوکات دەبێتـە تاکـە نەخۆشی کە:-

- لەناو بتڵی شووشەدا بفرۆشرێت.

- بانگەشــە و ڕیکلامــی بــۆ بکرێــت لــە تەلــەفزیۆن و ڕادیــۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار.

- مۆڵەتی پێبدرێت تا بلاٌوبێتەوە.
- دەبێتە هۆی دەسکەوت و داهات بۆ حکومەت.
- دەبێتە هۆی مردنی لەناکاو لەسەر ڕێگاسەرەکیەکان.
- لێکترازانی خێزان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان.
- نە ڤایرۆس نە بەکتریا هۆکار نەبێت.

١٠- ئارەق خواردن نەخۆشی نیە بەڵکو یەکێکە لە تەڵەکانی شەیتان:-

پەروەردگار بەزانستی ڕەها و بێ سنووری خۆی ئێمەی ئاگادارکردۆتەوە لە تەڵە و هەنگاوەکانی شەیتان.

ئیسلام کە بە "**الدين الفطرة**" ناسراوە کە واتای ئایینی سروشتی مرۆڤ ئەدات. هەربۆیەش سەرجەم ڕێنمایەکانی ئیسلام هەوڵی پاراستن و پارێزگاریکردن ئەکەن لە سروشتی مرۆڤ.کەچی ئارەق و مەی خواردنەوە لادانە لەسروشتی مرۆڤ چ لەسەر ئاستی تاك یاخود لەسەر ئاستی کۆمەڵگا. مرۆڤ بەهۆی مەی و ئارەق خواردنەوە بێ ڕێز دەبێت و پلەی دادەبەزێت بۆ خوار پلەی ئاژەڵ، ئەو ئاژەڵەی کە مرۆڤ هەمیشە خۆی پێ لەو بەرزترە. جا بۆ ئەوەی ئەم نزمبوونەوە و بێ ڕێزبوونە ڕوونەدات ئیسلام هەڵساوە بە حەرامکردنی خواردنەوەی مەی و ئارەق.

۱۳ / یەکسانی لە شایەتیدان:-

پرسیار: بۆچی شایەتیدانی دوو شایەتی ئافرەت یەکسانە بە شایەتێکی پیاو؟

وەڵام:-

۱- لە هەمووکاتێکدا شایەتیدانی دوو ئافرەت یەکسان نیە بە شایەتی یەك پیاو:-

لە قورئاندا لە (۳) شوێندا باسی شایەتیدانی کردووە بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ڕەگەز (پیاو یاخود ئافرەت) بکات:-

- لەکاتی دابەشکردنی میرات پێویستە دوو کەس وەکو شایەت هەبن:-

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ شَهَٰدَةُ بَيۡنِكُمۡ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ حِينَ ٱلۡوَصِيَّةِ ٱثۡنَانِ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ أَوۡ ءَاخَرَانِ مِنۡ غَيۡرِكُمۡ إِنۡ أَنتُمۡ ضَرَبۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَأَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةُ ٱلۡمَوۡتِ ﴾(المائدة :۱۰٦)

- کاتێك دوو کەس ئامادە دەبن لەدادگا بۆ کاری تەڵاقدان:-

﴿ فَإِذَا بَلَغۡنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمۡسِكُوهُنَّ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ فَارِقُوهُنَّ بِمَعۡرُوفٖ وَأَشۡهِدُواْ ذَوَيۡ عَدۡلٖ مِّنكُمۡ وَأَقِيمُواْ ٱلشَّهَٰدَةَ لِلَّهِۚ ذَٰلِكُمۡ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ۝٢ ﴾ (الطلاق)

- بۆ شایەتیدان لەسەر بەیەك گەیشتنی ژن و پیاوێك، چوار شایەت پێویستە هەبن:-

﴿ وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ وَلَا تَقۡبَلُواْ لَهُمۡ شَهَٰدَةً أَبَدٗاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿٤﴾ ﴾ (النور)

٢- تەنها لەبابەتی دارایی شایەتیدانی دوو ئافرەت یەکسانە بە شایەتیدانی یەك پیاو:-

لەڕاستیدا وتنی ئەوەی کە شایەتیدانی دوو ئافرەت لەهەموو بارێکدا یەکسانە بە شایەتیدانی یەك پیاو تەواو بێ بنامە و ناڕاستە. تەنها لەیەك دۆخدا ئەم شایەتیدانە دروستە.لە قورئاندا نزیکەی (٥) ئایەت هەیە کە باسی شایەتیدان ئەکات بەبێ ئەوەی ناوی ئافرەت یان پیاو بهێنێت، تەنها یەك ئایەت هەیە لەقورئاندا کە باس لەیەکسانی شایەتیدانی یەك پیاو ئەکات بە دوو شایەتی ئافرەت، ئەویش ئایەتی (٢٨٢) لە سورەتی (البقرة). ئەوەی جێی باسە ئەم ئایەتە درێژترین ئایەتی قورئان و پەیوەندیدارە بە بابەتی دارایی و سامانەوە:-

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيۡنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى فَٱكۡتُبُوهُۚ وَلۡيَكۡتُب بَّيۡنَكُمۡ كَاتِبُۢ بِٱلۡعَدۡلِۚ وَلَا يَأۡبَ كَاتِبٌ أَن يَكۡتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ ٱللَّهُۚ فَلۡيَكۡتُبۡ وَلۡيُمۡلِلِ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ وَلۡيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ وَلَا يَبۡخَسۡ مِنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ فَإِن كَانَ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ

سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُۥ بِٱلْعَدْلِ ۚ وَٱسْتَشْهِدُوا۟ شَهِيدَيْنِ مِن رِّجَالِكُمْ ۖ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَٱمْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحْدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَىٰهُمَا ٱلْأُخْرَىٰ ﴾ (البقرة :٢٨٢)

ئەوەی ئەم ئایەتەی قورئان لێی ئەدوێت مامەڵە و ئاڵوگۆڕە داراییەکانە. لەو مامەڵە داراییانە یاخود ئاڵوگۆڕانە کاتێك دەگەنە ڕێکەوتن وا خوازراوە کە بنوسرێتەوە و دوو شایەتیش هەبن، سەبارەت بە دوو شایەتەکە ئەوەی کە زۆر خوازراوە ئەوەی کە هەردووکیان پیاو بن بەلاّم ئەگەر نەتوانرا دوو پیاو بهێنرێت ئەوەکات پیاوێك و دوو ئافرەت بۆ شایەتیدان لەسەر مامەڵەکە پێویستە هەبن. ڕەنگە کەسێك هەبێت بڵێت باشە ئەمە بۆچی؟ کەواتە لێگەڕێ با بەم نمونەیە ئەمە ڕوون بکەمەوە.

وادابنێ کەسێك دەیەوێت بۆ نەخۆشیەکی دیاریکراو نەشتەرگەری بکات، جا بۆ ئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەریە بەسەرکەوتووی ئەو کەسە وابەباش ئەزانێت کە دوو پزیشکی نەشتەرگەری شارازە و لێهاتوو و خاوەن ئەزموون بەم نەشتەرگەرییە هەڵسن. لەحاڵەتێکدا ئەگەر ئەو دوو پزیشکەی دەست نەکەوت، ئەوە بێگومان هەڵبژاردنی دووەمی بریتی دەبێت لە پزیشکێکی نەشتەرگەری و دوو مەشقپێکراوی گشتی

کــە خــاوەنی بڕوانامــەی بــەکالۆریس بــن لــە پزیشــکی و نەشتەرگەری.

بەهـەمان شـێوە لـە مامەڵـە داراییـەکان ئامـادەبوونی دوو پیـاو خـــوازراوتر و باشـــترە. ئـــاینی ئیســـلام وا دەخوازێـــت لـــە شوێنکەوتووانی کە پیاو ببێتە ئامادەکاری سەرچاوە داراییەکان بـۆ خێزانەکـەی. جـا لەبـەر ئـەوەی لایەنـە داراییەکـە خراوەتـە سەرشـانی پیـاو بۆیـە ئیسـلام بەبـەراورد بـە ئـافرەت زیـاتر داوادەکـات لـە پیـاو کـە شـارەزا و ئاگـادار بێـت لـە سروشـت و چۆنیەتی مامەڵـە داراییـەکان. دەربـارەی هەڵبـژاردنی دووەم کـە ئـەویش یـەك پیـاو و دوو ئـافرەت بـۆ ئەوەیـە کاتێـك یـەکێك لـە ئافرەتـەکان هەڵـەی کـرد ئـەوە ئەوەکـەی تـر بـیری بهێنێتـەوە و ڕاسـت بکاتـەوە. ئـەو وشـە عەرەبیـەی کەلـەو ئایەتـەدا هـاتووە بریتیـە لـە " تَضِلَّ " کـە بەمانای "لێشێوان" یاخود "هەڵەکردن" دێت. ئەمـە لەکاتێکدا زۆر کـەس لێکدانـەوەی هەڵـە و ناڕاسـتیان هەیـــە بـــۆ ئـــەم وشـــەیە بـــەوەی پێیـــان وایـــە کـــە مانـــای "لەبیرچوونەوە"دێت. لەکۆتاییدا هەموو ئەمانـە ئـەوە ئەسـەلمێنن کە تەنها لە مامەڵە و ئاڵوگۆڕە داراییـەکان شـایەتیدانی یـەك پیـاو یەکسانە بە شایەتی دوو ئافرەت.

٣- شایەتی دوو ئافرەت یەکسانە بە یەك پیاو لە حاڵەتەکانی کوشتن:-

هەندێك لەزانایان لەو بۆچوونەدان بەهۆی ئەوەی کە ئەگونجێت هەڵسوکەوت و بارودۆخی ئافرەت ڕەنگە بکەوێتە ژێر کاریگەری حاڵەتەکانی کوشتن. کاتێك ڕووداوێکی کوشتن ڕوودەدات ئافرەت زیاتر ترس دایدەگرێت و دەترسێت بەبەراورد بەپیاو،ئەم لایەنە دەروونیەی ئافرەت ڕەنگە وای لێبکات هەڵە بکات یاخود تووشی لێ تێکچوون و لێ شێواندن بێت. هەربۆیەش هەندێك لەشەریعەت ناسان و یاسادانەرەن پێیان وایە کە تەنانەت لە ڕووداوەکانی کوشتنیش پێویستە شایەتیدانی یەك پیاو یەکسان بێت بە شایەتی دوو ئافرەت. جگە لەمە لەهەموو حاڵەتەکانی تر شایەتیدانی یەك پیاو یەکسانە بە شایەتیدانی یەك ئافرەت.

٤- قورئان بەڕوونی ئاماژەی پێداوە کە شایەتیدانی یەك ئافرەت یەکسانە بە شایەتیدانی یەك پیاو:-

هەندێك لەزاناکان لەو بۆچوونەدان کە پێویستە یاسا یەکسانی شایەتیدانی یەك پیاو بە شایەتی دوو ئافرەت لەهەموو بارو دۆخێکدا کاری پێبکرێت بەلام ئەمە هەرگیز ناتوانرێت جێ

بـەجێبکرێت چـونکه لـەقورئان و لـە سـورەتی "النـور" ئایـەتی (٦)دا، پـەروەردگار زۆر بـەڕوونی ئـەوەی باسـکردووە کـە شایەتیدانی یەك ئافرەت یەکسانە بە شایەتیدانی یەك پیاو.

﴿ وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ أَزۡوَٰجَهُمۡ وَلَمۡ يَكُن لَّهُمۡ شُهَدَآءُ إِلَّآ أَنفُسُهُمۡ فَشَهَٰدَةُ أَحَدِهِمۡ أَرۡبَعُ شَهَٰدَٰتِۭ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ٦ ﴾ (النور)

٥- بەڕاسـتدانان و شـایەتیدانی تـەنهای عائیشـە لەسـەر فەرموودەیەك بەسە بۆ قەبوڵکردن و بە ڕاستدانانی:-

عائیشـە (ڕەزای حـوای لەسـەر بێـت) کـە خێزانـی پێغەمبـەر خۆشەویستە (ﷺ) نزیکـەی (٢٢٢٠) فـەرموودەی گێڕاوەتـەوە کـە هەرهـەموویان بـە فـەرموودەی "صـحیح" لەقەڵـەم دەدرێـن. کـە ئەمـەش بەڵگەیـەکی یـەکجار ڕوون و بـەهێزە لەسـەر ئـەوەی کـە شایەتی یەك ئافرەت بەهەمان شێوە قەبوڵکراوە و نرخ و بایـەخی هەیە.

هەنـدێك لـە زانایـان لەسـەر ئـەو ڕایـەن کـە شـایەتی یـەك ئـافرەت بەسـە لـە بینینـی مـانگ لـەمانگی ڕەمـەزان. تێڕامێنـە لـەوەی کـە شایەتی و بینینی یەك ئافرەت بەسە و بڕواپێکراوە بۆ یـەکێك لـە پایـەکانی ئیسـلام کـە ئـەویش بـەڕۆژبوونی مـانگی ڕەمـەزان، تـەواوی کۆمـەڵگای ئیسـلامی بـە پیـاو و ژنـەوە شـایەتی ئـەو

ئافرەتە قەبوڵدەکەن. لەلایەکی ترەوە هەندێك لە زانایان پێیان وایە یەك شایەتی بۆ سەرەتای ڕەمەزان و دوو شایەت بۆ کۆتای ڕەمەزان پێویستن بەبێ ئەوەی لەهەردوو بارودۆخەکەدا ڕەگەز گرنگ یاخود بایەخی هەبێت.

٦- لەهەندێك حاڵەتدا شایەتیدانی و ئامادەبوونی ئافرەت خوازراوترە:-

لەهەندێك کاتدا و ئامادەبوون و شایەتیدانی ئافرەت خوازراوترە و قەبوڵکراوترە و شایەتیدان و ئامادەبوونی پیاو نەخوازراوە. بۆ نموونە ئەو حاڵەتانەی کە پەیوەندیدارن بە ئافرەتەوە وەکو کاتی شۆردنی مردوویەکی ئافرەت، کە ئەوکات پێویستە مردووشۆرەکە ئافرەت بێت. ئەو نایەکسانیەی (کە تەنها لەڕوواڵەتی دەرەوەیدا وادەردەکەوێت بۆ هەندێك کەس ئەگینا نایەکسانی نیە) نێوان شایەتیدانی ئافرەت و پیاو لە مامەڵە داراییەکان هیچ کات بەهۆی جیاوازی ڕەگەزی ئەم دووانە نیە، بەڵکو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی سروشت و ڕۆڵی پیاو و ئافرەت لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا.

١٤ / میرات:-

پرسیار: بۆچی بەگوێرەی شەریعەتی ئاینی ئیسلام لەمیراتدا ئافرەت نیوە بەشی پیاوێکی بەردەکەوێت؟

وەڵام:

١- میرات لە قورئاندا:-

قورئانی پیرۆز زۆر بەووردی و پوختی ڕێنماییەکانی دابەشکردنی میرات و سامانی باسکردووە بەسەر سوودمەندە ڕاستەقینەکانی میرات.

ئەو ئایەتانەی ڕێنماییەکانی دابەشکردنی میراتی لەخۆگرتووە ئەمانەی خوارەوەن:-

- سوڕەتی (**البقرة**)، ئایەتی (١٨٠)
- سوڕەتی (**البقرة**)، ئایەتی (٢٤٠)
- سوڕەتی (**النساء**)، ئایەتی (٧ - ٩)
- سوڕەتی (**النساء**)، ئایەتی (١٩)
- سوڕەتی (**النساء**)، ئایەتی (٣٣)
- سوڕەتی (**المائدة**)، ئایەتی (١٠٦ - ١٠٨)

٢- بەشی تایبەت لەمیراتدا بۆ کەسە نزیکەکانە:-

لە قورئاندا سێ ئایەت هەیە کە بەووردی باس لە بەشی کەسە

نزیکەکان لە میراتدا. سیٚ ئایەتەکەش لەسورەتی (النساء)ن کە (١١ - ١٢ - ١٧٦) :-

- ﴿ يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِىٓ أَوْلَـٰدِكُمْ ۖ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ ۚ فَإِن كُنَّ نِسَآءً فَوْقَ ٱثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ ۖ وَإِن كَانَتْ وَٰحِدَةً فَلَهَا ٱلنِّصْفُ ۚ وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُۥ وَلَدٌ ۚ فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُۥ وَلَدٌ وَوَرِثَهُۥٓ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ ٱلثُّلُثُ ۚ فَإِن كَانَ لَهُۥٓ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ ٱلسُّدُسُ ۚ مِنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِى بِهَآ أَوْ دَيْنٍ ۗ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا ۚ فَرِيضَةً مِّنَ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١١﴾ ﴾ (النساء)

- ﴿ وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَٰجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ ۚ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ ٱلرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ ۚ مِنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَآ أَوْ دَيْنٍ ۚ وَلَهُنَّ ٱلرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ ۚ فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ ٱلثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُم ۚ مِّنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَآ أَوْ دَيْنٍ ۗ وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَـٰلَةً أَوِ ٱمْرَأَةٌ وَلَهُۥٓ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُ ۚ فَإِن كَانُوٓا۟ أَكْثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمْ شُرَكَآءُ فِى ٱلثُّلُثِ ۚ مِنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَىٰ بِهَآ أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَآرٍّ ۚ وَصِيَّةً مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ ﴿١٢﴾ ﴾ (النساء)

- ﴿يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِى ٱلْكَلَٰلَةِ ۚ إِنِ ٱمْرُؤٌا۟ هَلَكَ لَيْسَ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَهُۥٓ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ ۚ وَهُوَ يَرِثُهَآ إِن لَّمْ يَكُن لَّهَا وَلَدٌ ۚ فَإِن كَانَتَا ٱثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا ٱلثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ ۚ وَإِن كَانُوٓا۟ إِخْوَةً رِّجَالًا وَنِسَآءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ ۗ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ أَن تَضِلُّوا۟ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌۢ ﴿١٧٦﴾﴾ (النساء)

٣- هەندێکجار ئافرەت هەمان بڕ یاخود زیاتر لە بەشی پیاوێك لەمیراتدا وەردەگرێت:-

لەهەندێك حاڵەتدا ئافرەت نیوەی بەشی ئەوەی پیاو وەریدەگرێت لە میراتدا وەردەگرێت، بەلاٌم ئەوەش دەبێت بووترێت ئەمە لەهەمووکاتێکدا چۆنیەك نیە. لەحاڵەتێکدا مردووەکە لە باوانیدا کەسی نەمابێت و منداڵیش نەبوو جگە لە برا و خوشکی، ئەوکات هەردووکیان یەك لەسەر شەشی میراتەکەیان بەردەکەوێت. ئەگەر مردووەکە منداڵی هەبوو ئەوکات دایك و باوکەکە بڕێکی یەکسان وەردەگرن کە یەك لەسەر شەشە بۆ هەر یەکێکیان. لەهەندێك حاڵەتی دیاریکراو ئافرەت دوو ئەوەندەی بەشی پیاوێك وەردەگرێت. بۆ نموونە ئەگەر مردووەکە ئافرەتێك بوو کە منداڵ و خوشك و برای نەبوو، لە کەسی نزیکیش تەنها هاوسەر و دایك و باوکی هەبوو. ئەوکات هاوسەرەکەی نیوەی میراتەکە وەردەگرێت، لەکاتێکدا دایکەکە

یەك لەسەر سێ و باوکەکەش یەك لەسەر شەش وەردەگرێت.
بەمەش دایکەکە دووئەوەندەی ئەو بڕە وەردەگرێت لە میرات کە باوکەکە وەریدەگرێت.

٤- عادەتەن ئافرەت نیوەی بەشی پیاوێکی لەمیراتدا بەردەکەوێت:-

ئەوە ڕاستە کە وەك پێوەرێکی گشتی و لەزۆرکاتدا ئافرەت نیوەی ئەوبەشە لەمیرات وەردەگرێت کە پیاوێك بەریدەکەوێت، بۆ نموونە لەم دۆخانەدا:-

- کچ نیوەی بەشی کوڕێك لەمیراتدا وەردەگرێت.
- خێزان یەك لەسەر هەشت و هاوسەریش یەك لەسەر چوار وەردەگرێت ئەگەر منداڵی نەبوو.
- خێزان یەك لەسەر چوار و هاوسەریش یەك لەسەر دوو وەردەگرێت ئەگەر مردووەکە منداڵی هەبوو.
- ئەگەر مردووەکە نە باوك و دایکی مابوو، هەروەها نە منداڵیشی هەبوو. ئەوکات خوشکەکەی نیوەی ئەو بەشەی لەمیرات بەردەکەوێت کە براکەی وەردەگرێت.

٥- پیاو دووئەوەندی ئافرەت وەردەگرێت لەمیرات چونکە ئەو دەبێت لەڕووی داراییەوە یارمەتی خێزانەکەی بدات:-

لە ئایینی ئیسلامدا ئافرەت هیچ ئەرکێکی دارایی لەسەر نیە،

ئەمە لەکاتێکدا ئەرکە داراییەکانی خێزان خراوەتە سەرشانی پیاو. پێش ئەوەی ئافرەتێك ژیانی هاوسەری پێك بێنێت ئەوە لەلایەن باوك و برایەوە سەرپەرشتی دەکرێت و پشتگیری لێدەکرێت لەسەرجەم پێداویستیەکان ژیانیدا. ئەو کاتەشی کە ئافرەتەکە خێزان پێکدێنێت، سەرپەرشتیکردن دەبێتە ئەرکی سەرشانی هاوسەر و کوڕەکەی. ئیسلام بەرپرسیارییەتیە داراییەکانی خستۆتە ئەستۆی پیاو تاکو بتوانێت تەواوی پێداویستیەکانی خێزان دابین بکات. جا بۆئەوەی پیاو بتوانێت ئەم بەرپرسیاریەتیە جێ بەجێ بکات دووئەوەندەی بەشی ئافرەتێکی لەمیرات بەردەکەوێت. با نموونەیەك بهێنینەوە، ئەگەر کەسێك مرد و بڕی یەك هەزار و پێنج سەد دۆلاری لەدوای خۆی جێهێشت ئەوکات لەمنداڵەکانی (یەك کوڕ و یەك کچ)، کوڕەکە یەك هەزارەکە و کچەکەش پێنج سەد دۆلارەکە وەردەگرێت لەمیرەتەکە. لەو یەك هەزار دۆلارە کە کوڕەکە وەریگرتووە، وەکوئەرکی سەرشانی بەرامبەر خێزانەکەی ئەوە ڕەنگە هەموو ئەو بڕە سەرف بکات یاخود ڕەنگە هەشت سەد دۆلار لەوبڕە سەرف بکات. بەم پێیەش کوڕەکە بڕێکی زۆر کەمی بۆ دەمێنێتەوە. لەلایەکی ترەوە کچەکە لەو بڕەی وەریگرتووە

دەتوانێت سەرف نەکات و هەر هەمووی هەڵبگرێت بۆ خۆی. بۆیە لێرەدا ئەپرسم باشە تۆ کامیان بەباشتر ئەزانی، وەرگرتنی یەك هەزار دۆلار و سەرفکردنی هەشت سەد دۆلار لەو بڕە یاخود وەرگرتنی پێنج سەد دۆلار و هەڵگرتنی تەواوی ئەو بڕە پارەیە بەبێ ئەوەی پێویست بکات سەرف بکات.

١٥ / ئایا قورئان وتەی خوایە؟

پرسیار: ئایا ئەتوانی بیسەلمێنێت کە قورئان وتەی پەروەردگارە؟

وەڵام:

١٦ / ڕۆژی دوایی :-

پرسیار: چۆن ئەتوانی بوونی ڕۆژی دوایی بسەلمێنێت؟

وەڵام:

١- ئایا بڕواکردن بە ڕۆژی دوایی لەسەر بناغەی باوەڕ و تێگەیشتنێکی کوێرانە نیە؟

زۆرکەس پێیان وایە ناکرێت کەسێکی خاوەن زانست و ژیری باوەڕی بەژیانی دوای مردن هەبێت. هەروەها هەر ئەو کەسانە لەو بۆچونەدان ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی هەیە ئەو

بڕوایەیەن لەسەر بناغەیەکی کوێرانە دامەزراندووە. باوەڕی من بە ڕۆژی دوایی لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی زانستی و باوەڕێکی ژیرانە دامەزراوە.

٢- ڕۆژی دوایی باوەڕێکی لۆژیکی و بابەتیانەیە:

نزیکەی هەزار ئایەت هەیە لەقورئانی پیرۆز کە کۆمەڵێك ڕاستی زانستی تێدایە دەربارەی ڕۆژی دوایی "بڕوانە پەڕتووکەکەم (قورئان و زانستی سەردەم- لە هەماهەنگیدان یاخود دژایەتیدا)". زۆر ڕاستی و حەقیقەت کە لەقورئاندا باسکراون کە لەم سەردەمانەی دوایدا دۆزراونەتەوە، بەڵام زانست نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت هەموو ڕاستیەکانی قورئان پشت ڕاستبکاتەوە. ئێستاش وادابنێ (٨٠٪) ئەوەی لەقورئان باسکراوە، سەلمێنرا کە ڕاستن و بەتەواوی پشت ڕاست کرانەوە. بەڵام سەبارەت بەو (٢٠٪)ی کە دەمێنێتەوە زانست ناتوانێت قسەیەکی یەکلاکەرەوانە و جێگیری هەبێت، بەهۆی ئەوڕاستیەی کە زانست لەو ئاستەدا نیە کە بیسەلمێنێت یاخود ڕەتی بکاتەوە. بەو زانستە سنووردارەی کە مرۆڤ هەیەتی ناتوانێت بڵێت کە ئەو (٢٠٪)ی قورئان یاخود تەنانەت ئایەتێکیش هەڵەیە. هەربۆیەش کاتێك (٨٠٪) لەسەدا سەد ڕاست بێت و

(٢٠٪)یشی نەتوانرێت بسەلمێنرێت کە ڕاستە یاخود نا، ئەوکات ژیری دەڵێت ئەو (٢٠٪)یش بەهامان شێوە ڕاست و دورووستە. بوونی ڕۆژی دوایی کەلەقورئاندا باسکراوە دەکەوێتە ئەو (٢٠٪)ە، ئەو بەشە نادیارەی کە ژیریم پێمدەڵێت ئەو بەشەش ڕاست و دروستە.

٣- چەمکی ئاشتی و بەهای مرۆڤایەتی بێ مانا و بێ بایەخ دەمێنێتەوە بەبێ بوونی ڕۆژی دوایی:-

ئایا دزیکردن کارێکی باشە یاخود خراپە؟ بێگومان وەڵامی مرۆڤێکی ئاسایی بۆ ئەم پرسیارە بریتی دەبێت لەوەی کە کارێکی خراپە. باشە کەسێك کە باوەڕی بەڕۆژی دوایی نیە چۆن ئەتوانێت قەناعەت بەتاوانبارێکی بەهێز و لێهاتوو بکات کە دزیکردن کارێکی هەڵەیە؟.

وادابنێ کە من تاوانبارێکی بەهێز و کاریگەرم لەجیهاندا و لەهەمان کاتدا کەسێکی تێگەیشتووم و مەنتقیم، بۆیە پێم وایە کە دزیکردن کارێکی باشە و چاکە چونکە یارمەتیم دەدات تابتوانم ژیانێکی نایاب بۆخۆم چنگبخەم. بۆیە بۆمن دزیکردن کارێکی چاکەو و دورووستە. لەبەرامبەردا ئەگەر کەسێك هەبێت کە بۆچوونێکی بابەتیانەی هەبێت و بیسەلمێنێت بۆم کەوا

دزیکرد کارێکی هەڵەیە ئەوا ڕاستەوخۆ وازدەهێنم. زۆرکات ئەو کەسانە بەم شێوەیە دەست بە گفتوگۆ دەکەن:-

- ئەو کەسەی دزیەکەی لێدەکرێت تووشی زەحمەتی و ناخۆشی دەبێت:-

ڕەنگە هەندێك کەس بڵێت ئەو کەسەی کە دزیەکەی لێدەکرێت تووشی زەحمەت دەبێت. بەدڵنیاییەوە من هاوڕام لەگەڵ ئەم قسەیە کە دزیکردن خراپە بۆ کەسی دزیلێکراو بەڵام بەبڕاوی دزیکرن باشە بۆمن. بۆ نموونە ئەگەر من یەك هەزار دۆلار بدزم ئەوکات ئەتوانم ژەمێکی بەتام و چێژ لە جێشتخانەیەکی پێنج ئەستێرەی بخۆم.

- ڕەنگە کەسێکی تر بتوانێت دزی لەتۆش بکات:-

هەندێك کەس ڕەنگە بڵێن ڕۆژێك دێت کە دزی لەتۆش بکەن، بەڵام کەس ناتوانێت دزی لەمن بکات چونکە من دزێکی بەدەسەڵاتم و بەسەدان پاسەوانم هەیە. من ئەتوانم دزی بکەم لەهەموو کەسێك بکەم لەکاتێکدا کەس ناتوانێت دزی لەمن بکات. ڕەنگە دزیکردن کارێکی پڕ مەترسی بێت بۆ کەسانی ئاسایی بەڵام بۆ کەسێکی بەهێز و کاریگەری وەك من بەو ڕادەیە پڕ مەترسی نیە.

- ڕەنگە پۆلیس دەستگیرت بکات:-

هەندێك كەس دەڵێن ئەگەر تۆ بەردەوام بیت لەدزیكردن ئەوە ڕۆژێك دێت كە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیردەكرێت. بەلاّم خۆ تەنانەت پۆلیسیش لایەنگری منن، بگرە من پاڵپشتی كەسانی دەسەلاّتداریشم هەیە. من ئەزانم ئەگەر كەسێكی ئاسایی دزی بكات ئەوا دەستگیر دەكرێت بەلاّم نەك بۆ كەسێكی بەدەسەلاّت و كاریگەری وەكو من.

بۆیە یەك هۆكاری بابەتیانەم پیّ بلّیّ كە دزیكرن خراپە ئەوكات ڕاستەوخۆ دەستی لیّ هەڵدەگرم.

- ئەو پارەیەی كە ئەیدزیت بە ڕەنجی سەرشانی خۆت بەدەستت نەهێناوە:-

هەندێك كەس ڕەنگە بڵێن ئەو پارەیەی كە ئەیدزیت بەماندووبوون و هەوڵدانی خۆت دەستت نەهێناوە بەڵكو ئاسان و ئامادەكراوە بۆت. بێگومان منیش هاوڕام لەوەی كە ماندووبوونی خۆم ئەو بڕە پارەیەم دەست نەكەوتووە، هەرلەبەرئەوەشە كە دزیكردنم هەڵبژاردووە چونكە پێویست ناكات خۆت ماندوو بكەیت بۆ پارە پەیداكردن. من ئەپرسم ئەگەر كەسێك دوو هەڵبژاردنی هەبێت لەنێوان دەستكەوتنی پارە

بەڕێگایەکی ئاسان یان بەڕێگایەکی زەحمەت و گران، ئەوە بێکومان هەموو کەسێکی خاوەن ژیری ڕێگا ئاسانەکە هەڵدەبژێرێت.

- دزیکردن دژی مرۆڤایەتیە:-

ڕەنگە هەندێك کەس بڵێن ئەوە کارێکی نامرۆڤانەیە و مرۆڤ پێویستە لەخەمی مرۆڤەکانی تر بێت و بایەخ بە هەستیان بدات. منیش ئەپرسم باشە کێ ئەویاسایەی دانەوە کە پێیدەڵێن "مرۆڤایەتی"؟، پاشانیش بۆچی من ئەبێت شوێنی بکەوم؟. ڕەنگە ئەم یاسایە شیاو و کاریگەر بێت بۆ کەسانێك کە هەست و سۆز بەسەریاندا زاڵە، بەلاّم بۆ کەسێکی وەکو من کە پشت بەژیری و عەقڵ دەبەستم ئەو کاریگەریەی نیە و بێ مانایە بەلامەوە. ئەوەتا کاتێك ژیریم بەکاردێنم و بابەتیانە بیرئەکەمەوە ئەبینم کە بایەخدان بە هەست وسۆزی کەسانی تر هیچ سودێکم پێناگەیەنێت.

- دزیکردن کارێکی خۆپەرستانەیە:-

هەندێك کەس ڕەنگە بڵێن دزیکردن کارێکی خۆپەرستانەیە، منیش ئەڵێم باشە ڕازیم بەوەی کەوا کارێکی خۆپەرستانەیە بەلاّم بۆچی خۆپەرست نەبم کە بەهۆیەوە ژیانێکی خۆش و نایاب بژیم؟

٤- نەبوونی هیچ بەڵگەیەکی بابەتیانە کە دزیکردن کارێکی خراپە:-

کەواتە سەرجەم ئەو بۆچوونانەی کە هەوڵی بەخراپ دانانی دزیکردن دەدەن بێ بنەما و بێ مانا بوون. ڕەنگە ئەم بۆچوونانە قەناعەت بەکەسێکی ئاسایی بهێنن بەلاّم بێگومان بۆ تاوانکارێکی بەدەسەلاّت و کاریگەری وەکو من. کەواتە هیچ یەکێك لەو بۆچوونانە نەیانتوانی خۆرابگرن لەبەردەم مەنتق و ژیریی. جابۆیە هیچ جێگای سەرسامی نیە کە لەجیهاندا ئەو ژمارە زۆرەی تاوانکاران ئەبینین.

بەهەمان شێوە دەستدرێژیکردنی سێکسی و خیانەت و تاوانەکان تر، بۆ کەسێکی وەکو من کاری باشن و هیچ بەڵگەیەکی بابەتیانە نابینم کە بتوانێن ڕازیم بکات بەوەی کەوا کاری خراپ و هەڵەن.

٥- موسڵمان ئەتوانێت قەناعەت بە تاوانکارێکی بەهێز و چالاّك بکات:-

ئێستا با سەرجەم شتەکان پێچەوانە بکەینەوە، وادابنێ تۆ تاوانکارێکی بەدەسەلاّت و کاریگەریت لەجیهاندا، تۆ کەسێکیت هەم پۆلیس و هەم کەسانی دەسەلاّتدار لەپشتتن، هەروەها سوپایەك لەکەسی پیاوکوژ و چەتە لەدەوورتن. منیش

موسـوڵمانێکم و هەوڵـدەدەم بـۆتی بسـەلمێنم کـە دزیکـردن و دەستدرێژیکردن و خیانەت کارێکی هەڵە و تاوانن. ئەگەر بێت و هـەمان ئـەو قسـانەی سـەرەوە دووبـارە بکەمـەوە، ئـەوکات هـەمان وەڵامان دەست دەکەوێتەوە.

٤- هەموو مرۆڤێك داپەروەری دەوێت:-

هـەموو مرۆڤێـك حـەزی لەداپەروەریـە، ئەگەرچـی ئـەو کەسـە دادپەروەری بۆکەسانی تر نەوێت بەڵام بۆ خودی خۆی دەوێت. هەندێك کەس بەهۆی ئەوەی کە مەست بوونە بە هێز و دەسەڵات و کاریگەربوون بۆیە دەستیان داوەتـە ئازاردان و ناڕەحەتکردنی کەسانی تر. کەچی هەر ئەو کەسە تاوانکارانە حەز بەوە ناکەن کە نادادپەروەریان بەرامبەر بکرێت. هۆکاری ئەوەشی کە ئەوان بێ هەست وسۆز و بەزەیین بەرامبەر ئازار و ناخۆشی کەسانی تـر ئەگەڕێتـەوە بۆئـەوەی کـە ئـەوان هێـز و کاریگـەربوون و دەسەڵات دەپەرستن. ئەوان لەوبڕوایەدان کە هێز و کاریگەربوون و دەسەڵات نەك ئەوەی تەنها نادادپەروەریە بەرامبەر کەسانی تر بـەڵکو هۆکارێکـە کـە ئـەوان خۆیـان پـێ دەپـارێزن لـە سـتەم و نادادپەروەری کەسانی تر.

٦- پەروەردگار بەهێزتر و دادپەروەرترە:-
وەکو موسوڵمانێك هەوڵی قەناعەت کردنی تاوانکارەکە دەدەم بەوەی کە خوایەکی بەهێز و بەتوانا هەیە. پێی دەڵێم کە ئەو خوایە لەتۆ بەهێزتر و دەسەڵاتدارترە و ئەو خوایەکی دادپەروەرە. قورئانی پیرۆز بەم شێوەیە دەدوێت:-
- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ ﴾(النساء : ٤٠)
٧- بۆچی پەروەردگار سزای من نادات:-
لەبەرئەوەی تاوانکارەکە کەسێکی زانستیە و مەنتق و ژیری بەکاردێنێت بۆیە پاش ئەوەی لەڕێگای ڕاستیە زانستیەکانی قورئان ئەگاتە ئەو بڕوایەی کە پەروەردگار بوونی هەیە بەڵام ڕەنگە ئەو بپرسێت و بڵێت باشە ئەگەر پەروەردگار بەوڕادەیە بەهێز و دادپەروەرە، ئەی بۆچی سزای من نادات؟
٨- ئەوانەی کە ستەم و نادادپەروەری ئەکەن پێویستە سزابدرێن:-
هەرکەسێك کە ستەمی لێکرابێت، بەبێ ئاوڕدانەوە لەلایەنی پێگەی کۆمەڵایەتی و باری دارایی ئەوە بێگومان ئەوکەسە حەز ئەکات کە کەسی ستەمکار سزابدرێت. هەموو کەسێك حەز ئەکات کەسانی دزیکەر و دەستدرێژیکەر سزابدرێن. هەرچەند

ئەو تاوانکارانە سزادەدرێن بەڵام سزادانەکە بەو ڕادەیە نیە کە شیاوی تاوانەکەیان بێت. ئەگەر بێت و تاوانکارێکی بەهێز و کاریگەر لەلایەن تاوانکارێکی بەهێزتر و کاریگەرتر ستەمی لێبکرێت، ئەوە ستەم لێکراوەکە هەر حەزدەکات تاوانکارە ستەمکارەکە سزا بدرێت.

٩- ئەم ژیانە تاقیکردنەوەیە بۆ ڕۆژی دوایی:-

ئەم ژیانە گۆڕەپانی تاقیکردنەوەیە بۆ ڕۆژی دوایی، لەم بارەیەوە پەروەردگار بەم شێوەیە ئەدوێت لەقورئانی پیرۆز:-

- ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴿٢﴾ ﴾ (الملك)

١٠- کۆتا دادپەروەری لە ڕۆژی دوایدایە:-

قورئانی پیرۆز لەشوێنێکدا بەم شێوەیە ئەدوێت:-

﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۗ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۖ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ ۗ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَـٰعُ ٱلْغُرُورِ ﴿١٨٥﴾ ﴾
(آل‌عمران)

ڕۆژی دوایی شوێنی کۆتا دادپەروەریە. کاتێك مرۆڤەکان دەمرن ئەوکات پەروەردگار لەڕۆژی دوایدا هەرهەموویان زیندوودەکاتەوە. دەشێت کەسێك بەشێك لە سزاکەی هەر لەدونیادا وەربگرێت بەڵام بێگومان سزا و پاداشتی کۆتای هەر

لەڕۆژی دوایدایە. ڕەنگە پەروەردگار لەدونیادا سزای کەسانی دز و دەستدرێژیکار نەدات بەڵام بێگومان ئەو لەڕۆژی دوایدا لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات و پاشان سزایان دەدات.

١١- یاساکانی مرۆڤ چ سزایەکی بۆ "هیتلەر" داناوە:-

هیتلەر (٦) ملیۆن جوولەکەی لەماوەی فەرمانڕەوایەتی و دەسەڵاتیدا سووتاند. ئەگەر بهاتبا پۆلیسش "هیتلەر"یان دەستگیر بکردایە،ئەوکات یاساکانی مرۆڤ چ سزایەکیان دەبوو بۆ هیتلەر تا دادپەروەری بەرقەراربکەن؟ ئەوەی لەدەستیان بوایە لە سزادان ئەوە دەبوو کە "هیتلەر" بخەنە ئەو ژوورە غازەی کەجوولەکەکانی تێدابوو. بەڵام خۆ ئەمە تەنها سزای کوشتنی یەك جوولەکەیە، ئەی چی دەربارەی جوولەکەکانی تر؟

١٢- پەروەردگار ئەتوانێت (٦) ملیۆن جار "هیتلەر" لەئاگری دۆزەخدا بسوتێنێت:-

پەروەردگار بەم جۆرە لەقورئانی پیرۆز ئەفەرموویێت:-

- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَٰهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُواْ ٱلْعَذَابَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿٥٦﴾ ﴾ (النساء)

١٣- چەمکی بەهای مرۆڤ، یاخود چاك و خراپ بێ واتا ئەمێننەوە بەبێ بوونی چەمکی ڕۆژی دوایی:-

هەموو ئەو ڕاستیانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە بەبێ قەناعەت هێنان بە کەسێك بەبوونی ڕۆژی دوایی یاخود ژیانی دوای مردن ئەوە چەمکی بەهای مرۆڤ، یاخود چاك وخراپ بێ مانا ئەمێننەوە، بەتایبەتی بۆ تاوانکاری بەدەسەلات و کاریگەر کە ستەم و کاری ناڕەوا دەکات.

١٧ / بۆچی موسوڵمانان بۆ چەند کۆمەڵ و مەزهەبێکی فکری جیاواز دابەش بوون؟

پرسیار: ئەگەر موسوڵمانان بانگەشەی ئەوە دەکەن کەوا ئەوان شوێنی یەك قورئان کەوتوون ئەی بۆچی ئەبینین دابەش بوونە بۆ کۆمەڵ و مەزهەبی فکری جیاواز؟

وەلام:

١- موسوڵمانان پێویستە یەکگرتوو و یەکڕیز بن:-

بەڵێ ئەوە زۆر ڕاستە کە موسڵمانان لەئێستادا لەنێو خۆیان پەرتەوازە بوونە، کارەساتە گەورەکەش لەوەدایە کە ئیسلام هەرگیز بەو پەرتەوازە بوونە ڕازی نیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئیسلام هەوڵی یەکڕیزی و یەکگرتووی نێوان شوێنکەوتووانی داوە. قورئانی پیرۆز بەم شێوەیە ئەدوێت:-

- ﴿ وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ۚ وَٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٠٣﴾ ﴾ (آل عمران)

دەبێت ئەو ڕشتەیەی پەروەردگار لەم ئایەتە داوای لێکردووین دەستی پێوە بگرین چی بێت؟. ڕشتەی پەروەردگار لەم ئایەتەدا بەمانای قورئان دێت، بەمەش قورئانی پیرۆز ئەو ڕشتەیە کە پێویستە موسوڵمانان هەرهەموویان دەستی پێوە بگرن. پەروەردگار لەم ئایەتەدا دووجار جەخت دەکاتەوە لە یەکگرتن و یەکڕیزیی موسڵمانان بەوەی لەیەکەمیاندا دەفەرموێت (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللّٰهِ جَمِيعًا) لەدووەمیشدا دەفەرموێت (وَلَا تفرَّقُوا). لەشوێنێکی تردا پەروەردگار بەم شێوەیە دەفەرموێت:-

- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ وَأُو۟لِى ٱلْأَمْرِ مِنكُمْ ۖ فَإِن تَنَٰزَعْتُمْ فِى شَىْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴿٥٩﴾ ﴾ (النساء)

بەمەش دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە موسڵمانان هەرهەموویان پێویستە یەکڕێز بن لەشوێنکەوتنی قورئان و سوننەی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) و پەرتەوازە و لێکدابڕاو نەبن.

٢- لەئیسلامدا ڕێگەنەدراوە بەدروستکردنی کۆمەڵ و گروپی جیاواز:-

قورئانی پیرۆز دەفەرمویت:-

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ١٥٩﴾ (الأنعام)

لەم ئایەتەدا پەروەردگار داوامان لێدەکەت خۆ بەدووربگرین لەو کەسانەی کە هەوڵی دابەشکردنی ئاین دەدەن بۆ چەند گروپ و کۆمەڵێك. بەڵام گەر لەئێستادا لە موسڵمان بپرسیت تۆچیت؟ ئەوە لەوەڵمدا پێت دەڵێت من سونیم یاخود شیعەم، یاخود ڕەنگە هەندێکی تریان پێت بڵێت من حەنەفیم، شافعیم، حەمبەلیم...هتد.

٣- پێغەمبەرمان (ﷺ) موسڵمان بوو:-

ڕەنگە کەسێك لەو جۆرە موسڵمانانە بپرسێت باشە، ئەی پێغەمبەرمان (ﷺ) چی بوو؟ ئایا ئەو شافعی بوو؟، حەمبەلی بوو؟ یان مالیکی بوو؟. وەڵامی ئەم پرسیارانە هەموو نەخێرە، چونکە هاوشێوەی سەرجەم پێغەمبەرانی پێش خۆی موسڵمان بووە. لەقورئاندا پەروەردگار بەمشێوەیە دەفەرمویت:-

- ﴿فَلَمَّآ أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنۡهُمُ ٱلۡكُفۡرَ قَالَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ

نَحْنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَٱشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٥٢﴾ (آل‌عمران)

لەهەمان سورەتدا پەروەردگار ڕوونی دەکاتەوە کە پێغەمبەر "ئیبراهیم" نە جوولەکە بووە، نە مەسیحی بوو، بەڵکو ئەویش موسوڵمان بوو، پەوەردگار دەفەرموویت:-

- ﴿ مَا كَانَ إِبْرَٰهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٦٧﴾ (آل‌عمران)

٤- قورئان داوامان لێدەکەت خۆمان بە موسوڵمان ناوببەین:-

• ئەگەر کەسێك لەموسوڵمانێکی پرسی "تۆ چیت؟" ئەوە پێویستە لەوەڵامدا بڵێت " من موسوڵمانم." و وەڵامی وەکو حەنەفیم، شافعیم و ئەوانی تر واز لێبێنێت. ئەوەتا پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا وا ئەفەرموێت:-

- ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾ (فصلت)

• کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نامەی ئەنووسی بۆ پادشا و فەرمانڕەوا بێ باوەڕەکان تا بانگێشتیان بکات بۆ ئاینی ئیسلام، ئایەتێکی سوڕەتی (آل عمران) بۆ دەنووسین، کە پەروەردگار تێیدا بەم شێوەیە ئەفەرموێت:-

- ﴿ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾ (آل‌عمران)

٥- ڕێزگرتن لەزانا گەورەکانی ئاینی ئیسلام:-

پێویستە کەوا ڕێزبگرین لەهەموو زانا مەزنەکانی ئیسلام بەهەر چوار ئیمامەکەشەوە (ئیمامی ئەبو حەنیفە، ئیمامی شافعی، ئیمامی حەمبەل، ئیمامی مالیك) ڕەحمەتی خوا لەهەموویان بێت. ئەوان زانا و تێگەیشتووی لێهاتوو بوون و داواکارین لە پەروەردگار کە پاداشتی ئەو هەموو هەوڵ و ماندووبوون و تێکۆشانەیان بداتەوەکە لەپێناو ئاینی ئیسلامدا کردوویانە. ئەوەی لێرەدا گرنگە بووترێت ئەوەیە کە ناتوانین کەسێك ڕەتبکەینەوە هەر لەبەر ئەوەی کە بۆچوونێکی ئیمامی شافعی یاخود ئیمامی مالیکی پێ باشتر و پەسەندترە، بەلأم پێویستە کاتێك پرسیاری لەو کەسە کرا "تۆ چیت؟"، لەوەلأمدا بڵێت من موسوڵمانم.

ڕەنگە هەندێك کەس ئاماژە بدەن بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە لەپەڕتووکی "سنن أبو داود"دا هاتووە کە فەرموودەی ژمارەی (٤٥٧٩)یە. لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (ئومەتەکەم دابەش دەبێت بۆ(٧٣) کۆمەڵ). ئەم فەرموودەیە ئەوە دەردەخات کە پێغەمبەر پێشبینی دابەشبوونی ئومەتەکەی کردووە بۆ (٧٣) کۆمەڵ، نەوەك ئەوەی کە ئەو داوای کردبێت کە

موسڵمانان هەستن بە دروستکردنی کۆمەڵە و گروپی جیاواز، چونکە قورئانی پیرۆز ئەم جۆرە دابەشکردن و پەرتەوازییەی قەدەغەکردووە. ئەوانەی کەوا شوێنی قورئان و سونەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەون و گروپ و کۆمەڵەی جیاواز دروست ناکەن، هەر ئەوانە لەسەر ڕێگای ڕاست و دروستن. بەگوێرەی فەرموودەیەك کە (**ترمذي**) ڕیوایەتی کردووە، کە فەرموودەی ژمارە (١٧١)ە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (ئومەتەکەم دابەش دەبێت بۆ"٧٣" کۆمەڵی جیاواز، هەرهەموویان بۆ ئاگری دۆزەخن تەنها یەکێکیان نەبێت.) هاوەڵەکانیش پرسیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو کۆمەڵەیە کێن؟، ئەویش لەوەڵامدا وتی (ئەوان ئەو کۆمەڵەیەن کە خۆم و هاوەڵەکانم بۆی دەگەڕێینەوە). قورئانی پیرۆزیش لەزۆر ئایەتدا ئاماژەی داوە بەوەی کە گوێڕایەڵی خوا گوێڕایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بین. بۆ موسوڵمان ئاسایی کە بۆچوونی هەر زانایەك وەرگرێت کاتێك ئەو بۆچوونەیەکانگیر بێت لەگەڵ قورئان و سوونەتی پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام گەر بێت و ئەو بۆچوون و ڕایە پێچەوانە و دژی قورئان و سونەتی پێغەمبەر (ﷺ) بێت ئەوە ڕاستەوخۆ ڕەتدەکرێتەوە و قەبوڵ ناکرێت.

١٨ / ئەگەر هەموو ئاینەکان هانی خەڵك ئەدەن بۆ چاکەکاری، بۆچی ئەبێت تەنها شوێنی ئیسلام بکەوین:-

پرسیار:- ئەگەر لەبنچینەدا هەموو ئاینەکان هانی مرۆڤ دەدەن بۆ کاری چاك و چاکەکاری، کەواتە بۆچی ئەبێت تەنها شوێنی ئیسلام بکەوین؟ ئایا ناکرێت ئاینێکی تر هەڵبژێرین؟

وەڵام:-

١- بوونی جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئیسلام و ئاینەکانی تر:- لەبناغەدا سەرجەم ئاینەکان ئامۆژگاری مرۆڤەکان ئەکەن بۆ کردنی کاری چاك و چاکەکاری و خۆپاراستن لە خراپە و خراپەکاری. بەڵام ئاینی ئیسلام هەر بەمەوە ناوەستێت. ئیسلام ڕێبەریمان دەکات تا چاکەکاریەکی کرداریی و حەقیقی بەدەست بهێنین و ڕەگی خراپە و خراپەکاریش لەدەروون وناخی مرۆڤدا دەربهێنین. ئیسلام ڕەچاوی سروشتی مرۆڤ و ئاڵۆزی کۆمەڵگای مرۆڤ دەکات و پشت گوێیان ناخات. ئیسلام ڕێنیشاندەرەێکە لەلایەن زاتی بەدیهێنەر. هەرلەبەرئەمەش بە ئیسلام ئەوترێت "الدین الفطرة" کەمانای ئاینی سروشتی مرۆڤ ئەدات.

٢- نموونـەی یەکـەم: ئیسـلام فـەرمانمان پێـدەکات بەنـەکردنی دزی و هــەروەها ڕێگاکــانی ڕیشەکێشــکردنی دزیکردنــی بــۆ باسکردووین:-

• ئیســـــلام چـــــۆنیەتی ڕیشەکێشـــــکردنی کـــــاری دزی بۆباسکردووین:-

سەرجەم ئاینە سەرەکیەکان ئەوە بە شوێنکەوتووانیان فێردەکەن کە دزیکردن کارێکی خراپ و چەوتە، ئیسلامیش هەمان فرمان و قسـەی ئـەکات، دەی کەواتـە چ جیاوازیـەك لـەنێوان ئیسـلام و ئاینـەکانی تـر هەیـە؟ جیاوازیەکـە لەوەدایـە کـە ئیسـلام جگـە لەوەی شوێنکەوتووانی فێردەکات کە دزیکردن تاوانە و کارێکی هەڵەیـە، ئـەو ڕێچـکە کردارییانـەش بـاس دەکـات کـە یارمـەتی دامەزرانـدنی کۆمەڵگایـەکی کۆمەڵایـەتی دەدات کـە خاڵیـە لـە دزیکردن.

• ئیسلام ئاماژەی بە زەکات دان داوە:-

ئیســلام بــاس لــە سیســتەمی زەکــات دان دەکــات. شــەریعەتی ئیسلام ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کەوا هەرکەسێك کە پاشەکەوتێکی هەبوو کە پلەی "نیصاب" تێپەڕکردبوو، بۆ نموونە (٨٥) گرام لە زێڕ ئەوە پێویستە (٢.٥٪) لەو پاشەکەوتە ببەخشێت کە ساڵی

بەسەردا سوڕابێتەوە. بەمەش ئەگەر دەوڵەمەندەكانی جیهان بەدروستی و تەواوی زەكاتیان بدایە، ئەوكات هەژاری لەجیهاندا نەئەما، تەنانەت مرۆڤێكت نەدەبینی كە لەبرسێتیدا بمرێت.

- بڕینی دەست لەئەنجامی كاری دزیكردن:-

ئاینی ئیسلام سزای دەست بڕینی بۆ ئەنجامدانی دزیكردن داناوە. قورئانی پیرۆز بەم شێوەیە لەم بابەت ئەدوێت:-

- ﴿ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا جَزَآءًۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٣٨﴾ ﴾ (المائدة)

ڕەنگە بێباوەڕێك بڵێت سزای دەستبڕین و سەدەی (٢١) !! بەڕاستی ئیسلام ئاینێكی بێ بەزەییە و دڕاندانەیە.

- دەرئەنجامی جێبەجێ كردنی شەریعەتی ئیسلام:-

ئەمریكا كە بەیەكێك لەوڵاتە پێشكەوتووەكان دائەنرێت لەجیهاندا كەچی بەداخەوە بەرزترین ڕێژەی تاوانكاری و دزیكردن و بانك بڕینی تێدایە. ئێستاش وادابنێ كە شەریعەتی ئیسلام لەئەمریكادا جێبەجێ دەكرێت، هەر دەوڵەمەندێك زەكات دەدات بەپێدانی (٢.٥٪)ی ئەو پاشەكەوتەی كە لەسەرووی (٨٥) گرام زێڕە و ساڵی بەسەردا سوڕاوەتەوە. لەلایەكی تریشەوە ئەو كەسەی كە دزی دەكات،حكومەت وەكو سزایەك هەڵدەستێت بە

بڕینی دەستێکی. ئایا بەم شێوەیە ڕێژەی دزین و تالأنکردنی بانك لە ئەمریکا زیاد دەکات یاخود هەوەکو خۆی دەمایەوە یان ئەوەتا کەمی دەکرد؟ بێ هیچ گومانێك ڕێژەکە کەمی دەکرد. نەك هەرئەما بەڵکو بوونی یاسایەکی توندی وا ئەبێتە چاوترسی بۆ زۆر دز و تاوانکاری تر.

من هەوڕام لەوەی کە لەئێستادا ڕێژەی دز لەجیهاندا ئەوەندە زۆرە ئەگەر بێت دەستی هەموویان ببڕین ئەوکات هەزاران کەسی دەستبڕاو ئەبینین. بەڵام ئەو خاڵەی کە جێگای ئاماژەپێدانە ئەوەیە کە هەر لەگەڵ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە ڕێژەی دزیکردن کەم دەکاتەوە، چونکە ئەوکات دزەکانی تر زۆر بەجدی پێش ئەوەی خۆی تووشی مەترسی بکات بیر لەدەرئەنجامەکانی دزیکردن دەکاتەوە. بەمەش هەر بیرکردنەوەیکی سادە و ساکاریش لە سزاکە، دزەکە ساردەکاتەوە و ڕێگری لێدەکات لە ئەنجامدانی دزیەکە. بەمەش ژمارەیەکی زۆر کەم دەمێننەوە کە دزی بکەن و لەئەنجامیشدا ژمارەیەکی کەم دەستیان دەبڕا و ملیۆنانی تریش ژیانێکی پڕ لە ئاسایش و سەلامەت دەژیان. بۆیە شەریعەتی ئیسلام شەرێعەتێکی کردارییە و دەرئەنجام دەدات بەدەستەوە.

٣- نموونەی دووەم: ئیسلام دەست درێژیکردنە سەر ئافرەتی حەرام کردووە و فەرمانی کردووە بە (حیجاب) بالاپۆشی و سزای مەرگیشی بۆ دەستدرێژیکەر داناوە:-

• ئیسلام ڕێگاکانی لابردن و نەهێشتنی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتی باسکردووە:-

هەموو ئایینە سەرەکیەکان دەست درێژیکردنە سەرئافرەتیان بەتاوانێکی گەورە و قێزەون لەقەڵەم داوە، بەهەمان شێوەش ئیسلام ئەم کارەی بە تاوانێکی گەورە زانیووە. دەی کەواتە جیاوازی چیە لەنێوان ئاینی ئیسلام و ئاینەکانی تر؟ لەڕاستیدا جیاوازیەکە لەوەدایە کە ئیسلام نەك هەر تەنها ڕێنمایمان ئەکات بۆ ڕێزگرتن لە ئافرەت و بەگەورە زانینی تاوانی دەست درێژیکردنەسەر ئافرەت، بەڵکو ڕێگاچارەی زۆری بەڕوونی وپوختی بۆ ئامادەکردووین تا لەدوایدا کۆمەڵگا بتوانێت خۆی پاك بکاتەوە لەم تاوانە.

• حیجاب بۆ پیاو:-

ئیسلام سیستەمی حیجابی داناوە. لەقورئاندا یەکەم جار خۆداپۆشینی پیاوی باسکردووە و پاشان باسی کردووە لە خۆداپۆشینی ئافرەت. سەبارەت بە پیاو، قورئان بەم جۆرە ئەدوێت لەم ئایەتەدا:-

- ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾﴾ (النور)

هەرلەوساتەی کە پیاوێك چاوی بە ئافرەتێك دەکەوێت و بیرۆکەی خراپ و ناشیاو بەمێشکدا هات ئەوە یەکسەر پێویستە چاوەکانی بۆلایەکی تر وەربگێڕێت و دایبخات.

- **حیجاب بۆ ئافرەت:-**

باسی حیجاب بۆ ئافرەت لەم ئایەتەدا کراوە کە قورئان تێیدا بەم جۆرە ئەدوێت:-

- ﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَىٰ عَوْرَاتِ النِّسَاءِ ۖ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ۚ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٣١﴾﴾ (النور)

ئەو بەشەی جەستە کە ئافرەت پێویستە دایپۆشێت بریتیە لە تەواوی جەستە جگە لەهەردوو دەست تاکو مەچەك و

ڕووخسـاریان نـەبێت. ئەگـەر ئافرەتەکـە ئـارەزووی لێبـوو ئـەوە ئــەتوانێت ئــەم دوو بەشــەش داپۆشــێت. هەرچــەندە هەنــدێك لەزاناکان پێیان وایە کە ڕووخساریش پێویستە داپۆشرێت.

• حیجاب ڕێگری دەکات لە دەست دەرێژیکردنە سەر:-

هۆکاری ئەوەی پەروەردگار حیجابی فرمان پێداوە بۆ ئافرەت لەم ئایەتەی خوارەوە زۆر بەجوانی ڕوون دەبێتەوە:-

- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿٥٩﴾﴾ (الأحزاب)

قورئان ڕوونی کردۆتەوە کە هۆکاری فرمان کردن بە ئافرەت بە حیجاب ئەوەیە تاکو وەکو ئافرەتێکی بەشکۆ و خاوەن ڕێز و پارێزراو ببینرێت و بەدوور بێت لە دەست درێژیکردنە سەر.

• نموونەی دووخوشکی دووانە:-

وادابنێ دوو خوشك کە دوانەن و هەر وەکو یەکیش جوانن، هــەردووکیان بەیەکــەوە بەشــەقامێکدا تێدەپــەڕێن. یــەکێکیان حیجابی ئیسلامی پۆشیوە، واتا تەواوی لەش جگە لە ڕووخسار و دەســتەکانی تــاکو مەچــەك. خوشــکەکەی تــریش پۆشــاکی ڕۆژئــاوای لــێ پۆشــیوە کــە تەنوورەیــەکی کــورت و تەســك و سەرەنجڕاکێشە، لە سوچێکیشدا کەسێکی تاوانبار و نەفس نزم

چـــاوەڕێی دەســـتکەوتنی ئافرەتێکـــە تـــا ئارەزووەکـــانی دابمرکێنێتـەوە. منـیش لێت ئەپرسم بەبڕوای تۆ ئەو تاوانبارە دەستدرێژ دەکاتە سەر کامیان؟

ئەوەیان کـە حیجابی پۆشیوە یاخود ئەوەی تەنوورە کـورت و تەسکەکە پۆشیوە؟ عادەتەن لەگەڵ ئەو کچەیان ڕادەبوێرێت کە تــەنوورە کــورت و تەســکەکەی پۆشــیوە چــونکە ئــەم جــۆرە پۆشاکانە بانگێشتێکی ناڕاستەوخۆی ڕەگەزی بەرامبەر ئەکات بــۆ ڕابــواردن و دەســـتدرێژی. قورئـــان ڕاســـتگۆیانە ئـــەوەی ڕاگەیانـدووە کـە حیجـاب ئـافرەت ئـەپارێزێت لـە دەسـتدرێژی بۆکردن سەر.

- سزای مردن بۆ دەستدرێژی کاران:-

لە شەریعەتی ئیسلامدا کەسێك تاوانباربێت بە دەستدرێژکردنە ســەر ئافرەتێـك ئـەو ســزاکەی مردنـە. هەنـدێك کەسـیش هـەن سەریان سووڕماوە لەم سزایە و بە "دڵڕەقانە"ی ئەزانن، تەنانەت هەنـدێکیان ئیســلام بــەئاینێکی بێبــەزەیی و دڕندانــە لەقەڵــەم دەدەن. منیش پرسیارێکی سادەم لەزۆرێك لەوکەسانە کردووە. پرسیومە وادابنێ خوا نەخواستە، کەسێك دەستدرێژ بکاتە سەر خێزانەکـەت، دایکـت یـاخود خوشـکت، تـۆش بوویتـە حـاکم و

کەسەکەیان هێنایە بەردەستت. چ سزایەکی دەدەیت؟ هەموو ئەو کەسانە وتیان سزای مردن بەسەر تاوانبارەکە دەسەپێنین، تەنانەت هەندێکیان وتیان ئازارێکی زۆر و قورسی دەدەین تاوەکو دەمرێت، منیش بەوانم ووت باشە ئەگەر کەسێك دەستدرێژی کردە سەر خێزانت یاخود دایکت ئەوە دەیکوژیت بەڵام ئەگەر هەمان کاری دەستدریژی بەسەر خێزان یاخود کچی کەسێکی تربێت، ئەوە سزای مردنت پێ دڕندانەیە و پێت قەبووڵناکرێت، باشە ئەم دوو پێوەرە بۆچی؟

• ئەمریکا بەرزترین ڕێژەی پەلاماردان و دەست درێژیکردنە سەر ئافرەتی تێدایە:-

ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بەیەکێك لە ولاّتە پێشکەوتووەکانی، کەچی لەڕاپۆرتێکی (FBI)یدا هاتووە کەتەنها لەساڵی (١٩٩٠) لەئەمریکا (١٠٢٥٥٥) حاڵەتی پەلاماردان و دەست درێژیکردنە سەر ئافرەتی تێدا ڕوویدا. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە تەنها (١٦٪)ی حاڵەتەکان تۆمارکراون. جا بۆئەوەی ژمارەی درووستی حاڵەتەکانی پەلاماردان بزانین ئەوە دەبێت ئەو ژمارەیەی (١٠٢٥٥٥) کە ڕاپۆرتەکە داویەتی جارانی (٦.٢٥)

بکەین. بەمەش دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە (٦٤٠٩٦٨) حاڵەتی پەلاماردنی سەر ئافرەت لەوساڵەدا ڕوویداوە. بەمەش ئەگەر بێت و ژمارەکە گشتیەکە (٦٤٠٩٦٨) دابەش بکەین بەسەر ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵ (٣٦٥)، لەئەنجامدا دەردەکەوێت کە (١٧٥٦) حاڵەتی پەلاماردان و دەست درێژیکردنە سەر ئافرەت لەڕۆژێکدا و لەوساڵەدا ڕوویداوە.

دواتر ڕاپۆرتێکی تر بلاوکرایەوە کە تێیدا ئامارژە بەڕوودانی (١٩٠٠) حاڵەتی پەلامارداني ئافرەت دەکات لەڕۆژێکدا لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەگوێرەی ئامارێکی " National Crime Victimization " قوربانیەکانی تاوانی نیشتیمانی" نوسینگەی داد لەبەشی دادی ئەمریکا تەنها لەساڵی (١٩٩٦) مزیکەی (٣٠٧٠٠٠) حاڵەتی پەلامارداني ئافرەت ڕوویداوە، ئەمە لەکاتێکدا تەنها (٣١٪) حاڵەتەکان تۆمارکراون. هەربۆیەش (٩٩٠٣٢٢= ٣٢٢٦*٣٠٧٠٠٠) حاڵەتی پەلاماردان بۆسەر ئافرەت لەساڵی (١٩٩٦) ڕوویداوە. بەم پێیەش نزیکەی (٢٧١٣) حاڵەتی پەلارماردان لەڕۆژێکدا لەساڵی (١٩٩٦) لە ئەمریکا ڕوویداوە. ئەگەر زیاتر ووردی بکەینەوە دەردەکەوێت کە لەهەر (٣٢) چرکەیەکدا یەك حاڵەتی دەست

درێژیکردنـە سـەر ئـافرەت ڕوودەدات لەئـەمریکا. ڕاپۆڕتەکـەی (FBI) سـاڵی (١٩٩٠) بـەردەوام دەبێـت و دەڵێـت تـەنها (١٠٪)ی دەسـتدرێژیکاران دەسـتگیرکراون لـەکۆی سـەرجەم حاڵەتـە تۆمارکراوەکـان، کـە ئەمـەش دەکاتـە تـەنها (١.٦٪)ی ژمـارەی گشـتی پـەلاماردانی سـەر ئـافرەت کـە ڕوویـداوە لـەو سـاڵەدا. لەوانەشـی کـە دەسـتگیرکراوان، (٥٠٪)ی تاوانبـاران ئـازادکراون پێش دادگایکردنیـان. بەمـەش تـەنها (٠.٨٪)ی دەسـتدرێژیکارن ڕووبەڕووی دادگابوونەتەوە. بەواتایەکی تر ئەگەر بێت و کەسێك (١٢٥) جـار پەلاماری ئـافرەتی دابێـت ئـەوە تـەنها یـەکجار ئەگـەر هەیە سزابدرێت. ڕنگە هەندێك کەس هێشتا ئەمە بەشتێکی باش بزانن، ئەمە لەکاتێکدا ڕاپۆڕتەکە ئاماژە بەوەدەکات لەوانـەی کـە ڕووبەڕووی دادگا ئەبنەوە، (٥٠٪)یان سزای ساڵێك زیندانیان بۆ دەرکـراوە. دەبێـت ئـەوەش بـزانین کـە یاسـای ئـەمریکا سـزای حـەوت سـاڵ زینـدانی دانـاوە بـۆ ئـەو جـۆرە تاوانـە. دادوەریـش نـەرمی و لێبـوردەیی ئـەنوێنێت بەرامبـەر ئەوانـەی کـە یەکەمجاریانـە ئـەم تاوانـە ئەکـەن. بیهێنـە پـێش چـاوی خـۆت کەسـێك (١٢٥)جـار پـەلاماری ئـافرەت دەدات و هـەلی دەستگیرکردنیشـی تـەنها یـەکجارە، لەگـەڵ ئەمەشـدا (٥٠٪)

کاتەکان دادوەر لێبوردەیی و نەرمی ئەنوێنێت و سزای ساڵێك زیندانی دەردەکات.

• ئەنجامەکانی جێ بەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلام:-

ئێستاش وادابنێ شەریعەتی ئیسلام لە ئەمریکادا جێ بەجێ دەکرێت، بەوەی کاتێك پیاوێك چاوی بە ئافرەتێك دەکەوێت و بیرۆکەی خراپ و نەشیاوی بەمێشکدا هات ڕاستەوخۆ چاوی داخست یان ڕوویکردە لایەکی تر. لەلایەکی تریشەوە هەموو ئافرەتێك حیجابی ئیسلامی ئەپۆشێت کە تەواوی جەستەی داپۆشیووە جگە لەڕووخسار و هەردوو دەست تاکو مەچەك. پاش هەموو ئەمانەش ئەگەر پیاوێك پەلامار و دەستدرێژی کردە سەر ئافرەتێك ئەوە سزای مەرگی بەسەردا درا. دوای گرتنەبەری هەموو ئەم ڕێگایانە ئایا ڕێژەی پەلاماردان لە ئەمریکا زیاد دەکات یاخود وەکو خۆی دەمێنێتەو یان ئەوەتا ڕێژەکە کەم دەکاتەوە؟ بێگومان ڕێژەکە دادەبەزێت. بۆیەش بە جێ بەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلام دەرئەنجامی باش و دڵخۆشکەری دەبێت.

• ئیسلام چارەسەری کرداری وگونجاوی هەیە بۆ کێشەکانی مرۆڤ:-

ئاینی ئیسلام باشترین شاڕێگای ژیانە چونکە ڕێنمای و فێرکارییەکانی بریتی نین لە کۆمەڵە نوسراوێکی وشك بەڵکو چارەسەری گونجاو و کرداری و واقعین بۆ کێشەکانی مرۆڤایەتی. بەمەش ئیسلام ئەنجامی باش و ئەرێنی ئەدات بەدەستەوە جا چ لەسەر ئاستی تاك یاخود ئاستی کۆمەڵ بێت بە جێ بەجێکردنی تەواویانەی ڕێنماییەکانیان. بەڵێ ئاینی ئیسلام باشترین ڕێبازی ژیانە بۆ مرۆڤایەتی چونکە ئاینێکی کرداری و بابەتیانەی جیهانیە کە تەنها و بۆ تاکە ڕەگەزێك یاخود نەتەوەیەکی دیاریکراو نەنێراوە.

١٩ / جیاوازی زۆر و قەبە لەنێوان ئیسلام و کرداری موسوڵمانان:-

پرسیار:- ئەگەر ئیسلام باشترین ئاینە، کەواتە بۆچی موسڵمانان ناڕاستگۆ و متمانە پێنەکراون و کاری وەکو فێڵکردن و بەرتیل دان و بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان دەکەن؟

وەڵام:

١- ڕاگەیاندنەکان قسەی ناڕاست بۆ ئیسلام هەڵدەبەستن:-

- بێ هیچ گومانێك ئیسلام باشترین ئاینە بەلاّم لەبەرئەوەی

ڕاگەیاندنەکان کەوتونەتە دەست ئەو ڕۆژئاوایانەی کە لەئیسلام ئەترسن، ئیسلام بە شێوازێکی ناشرین پیشاندەدەن.
ڕاگەیاندنەکان هەواڵ و زانیاری هەڵەو و دژ بە ئیسلام بڵاودەکەنەوە. ئەوان یان ئەوەتا زانیاریەکی هەڵەو و نادروست دەربارەی ئیسلام بڵاودەکەنەوە یان ئەوەتا وێنەی ئیسلام بەشێواوی وناڕێکیەوە پیشاندەدەن، یانیش ئەوەتا خاڵێکی ئیسلام لەناو کۆمەڵە خاڵێک بە دەستکاری و ناتەواویەوە ئاماژەپێدەدەن و دەورژێنن.

- کاتێك بۆمبێك لەشوێنێك ئەتەقێتەوە، ڕاستەوخۆ یەکەم گروپی خەڵك کە تۆمەتبار بکرێن تەنانەت بەبێ بوونی بەڵگەش بریتیە لە موسوڵمانان و بەمەش دەبنە سەردێری هەواڵەکان، بەلاّم کاتێك ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە موسڵمانان بێتاوانن و ناموسڵمانێك بەرپرسیارە لەکارەکە ئیتر وەکو پێویست بایەخی پێنادرێت و وەك هەواڵێکی گرنگ نایەتە بینین.

- ئەگەر موسوڵمانێکی (٥٠) ساڵە کچێکی (١٥) ساڵە مارە بکات ئەمەش دوای ڕەزامەندی کچەکە، ئەوە ئەمە دەبێتە هەواڵی سەر پەڕی یەکەمی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان. بەلاّم کاتێك کەسێکی ناموسوڵمانی (٥٠) ساڵە دەستدرێژی سێکسی دەکاتە سەر

کچێکی (٦) ساڵە ئەوە ڕەنگە تەنها بەکورتی و لەپەڕەکانی ناوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئامارژەیەکی سادەی پێ بدەن.
هەموو ڕۆژێك بەگشتی (٢٧١٣) حاڵەتی پەلاماردان ڕوودەدات لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەچی لەهەواڵەکان ئەو بابەتەی پێنادرێت، وە من هیچ ڕەخنەیان لێ ناگرم چونکە ئەو جۆرە کارە بۆ ئەوان بووەتە شێوازی ژیانیان و ڕۆژانە ڕوودەدات.

٢- خاڵی ڕەش لەهەموو کۆمەڵگایەك:-

من ئەزانم کە موسڵمان هەن کە ناڕاستگۆ و متمانەپێنەکراون و فێڵ دەکەن، بەڵام ئەوەش دەبێت بزانین کە ڕاگەیاندنەکان بەشێوەیەك باسی لێوەدەکەن وەك ئەوەی تەنها کۆمەڵگای ئیسلامی و موسوڵمانان بەم کارانەوە هەڵسن. لەهەموو کۆمەڵگایەك کەسانی خراپ بوونیان هەیە و کۆمڵگای ئیسلامیش بەدەر نیە لەمە. من موسوڵمان ئەناسم کە ئارەق خۆرە و زیاتر لە ناموسڵمانێك ئەخواتەوە.

٣- موسوڵمانان بەکۆمەڵ باشترینن:-

سەرەڕای بوونی ئەو خاڵە ڕەشانە لەکۆمەڵگای ئیسلامی کەچی موسڵمانان بەکۆمەڵ یاخود لەشێوەی گروپێکدا باشترین کۆمەڵگای جیهانن. ئێمەی موسڵمانان گەورەترین کۆمەڵگاین لە

نەخواردنەوەی ئارەق و مەی. بەکۆمەڵ ئێمە کۆمەڵگایەکین کە بەرزترین ڕێژەی خێرو بەخشین ئەنجام ئەدەین. هیچ کۆمەڵگایەك لەجیهاندا کە وەك کۆمەڵگای ئیسلامی بێت کاتێك باس دێتەسەر جوامێری و سەنگینی مرۆڤ، یان خۆپارێزی و خۆدوورگرتن لە مەی و ئارەق، یاخود ئەوکاتەشی باسی بەهای مرۆڤ و بەها بەرزەکانی کۆمەڵگا دەکرێت.

٤- بڕیار لە باش و خراپی ئۆتۆمبێلێك مەدە لەسەر بناغەی شۆفێرەکە:-

وادابنێ تۆ دەتەوێت دواین مۆدێلی ئۆتۆمبێلی (مارسیدس) هەڵبسەنگێنیت و ئەبینیت کەسێك کە بەتەواوی لە لێخوڕین نازانێت دەست دەکات بە لێخوڕین و لەئەنجامدا خۆی بەشتێکدا ئەکێشێت و زیانێکی زۆر بەئۆتۆمبێلەکە ئەگەیەنێت. ئایە تۆ لەم دۆخەدا کێ بە بەرپرسیار ئەزانیت؟ ئۆتۆمبێلەکە یان شۆفێرەکە؟ بێگومان ئەوەی شایستەی لۆمەکردنە شۆفێرەکەیە. بۆ زانینی باشی ئۆتۆمبێلێك ناکرێت سەیری شۆفێرەکە بکەین بەڵکو ئەوەی پێویستە کۆڵینەوە لە توانا و تایبەتمەندیەکانی ئۆتۆمبێلەکە، بۆ نموونە خێرایی ئۆتۆمبێلەکە چەندە، چەنێك سووتەمەنی بەکاردێنێت، یاخود تایبەتمەندی سەلامەتی تێیدا

چۆنە. بەهەمان شێوەش ئەگەر من لەوەدا هاوڕا بم لەگەڵت کە موسوڵمانان هەموویان خراپن بەڵام خۆناکرێت بەسەیرکردنی موسوڵمانان بگەینە بڕیاردان بەسەر ئاینی ئیسلام. ئەگەر ئەتەوێت باشی و خراپی ئاینی ئیسلامت بۆ دەربکەوێت پێویستە بڕوانیتە سەرچاوە سەرەکیەکانی ئیسلام کەئەوانیش قورئان و سونەتی پێغەمبەرن (ﷺ).

٥- لەڕێگای هەڵسەنگاندنی باشترین شوێنکەوتووانی، ئیسلام هەڵسەنگێنە:-

ئەگەر تۆ هەربەڕاستی دەتەوێت باشی و خراپی ئۆتۆمبێلەکە تاقی بکەیتەوە ئەوە شوفێرێکی شارەزا و لێهاتوو بهێنە. بەهامان شێوەش بۆ هەڵسەنگاندی باشی و خراپی ئیسلام ئەوە پێویستە باشترین شوێنکەوتووی هەڵبژێریت بۆ هەڵسەنگاند کە ئەویش پێغەمبەری خۆشەویستە (ﷺ). جگە لەموسوڵمانەکان، کۆمەڵە مێژوونووس و نوسەرێکی ڕاستگۆ و دوور لەهیچ دەمارگیری و لاگیریەك کە موسوڵمانش نین ئەو ڕاستیە دووپات دەکەنەوە کە پێغەمبەری نازدار (ﷺ) باشترین مرۆڤە لەجیهاندا. بەگوێرەی پەڕتووکەکەی "مایکل ئێچ هارت" کەبەناوی "سەد کەسایەتی کاریگەری مێژوو"ە، پێغەمبەر (ﷺ) کەسایەتی

یەکەمە و لەپێشەوەی هەموویانەوەیە. زۆر نموونەی تر هەن لەم جۆرە نووسەر و مێژوونووسە ڕاستگۆیانە کە ستایشی پێغەمبەریان (ﷺ) کردووە، لەوانەش کەسانی وەکو "تۆماس کارلیل، لامارتین...هتد."

٢٠ / ناوبردنی ئەوانەی موسوڵمان نین بە "کافر":-

پرسیار: بۆچی موسڵمانان ئەوانەی کە موسڵمان نین هەراسان ئەکەن بەوەی بە "کافر"ناویان دەبەن؟

وەڵام: "کافر" واتا ئەوکەسەی کە شتێك ڕەتدەکاتەوە:- وشەی "کافر" وەرگیراوە لەوشەی "کفر" کە بەمانای شاردنەوە یاخود ڕەتکردنەوە دێت. لەزاراوەی ئیسلامیدا "کافر" بەکەسێك ئەوترێت کە ڕاستی و حەقیقەتی ئیسلام ڕەتبکاتەوە یاخود بیانشارێتەوە بەمەش بەو کەسە دەوترێت ناموسڵمان. جا ئەگەر ناموسڵمانێك ئەوەی پێ هەراسانکردن بێت گەر بە "کافر" بانگ بکرێت ئەوە دەرئەنجامی هەڵە تێگەیشتنێتی لە ئاینی ئیسلام. بۆیە ئەوکەسە پێویستە پەنابەرێتە بەر سەرچاوەیەکی گونجاو دەربارەی تێگەیشتن لە ئیسلام و زارەوە ئیسلامیەکان. ئەوکات نەك هەر هەست بەهەراسان بوون ناکات بەڵکو بگرە ئیسلام بۆ ئەمە بەرز ئەنرخێنێت.

ناوەڕۆك